# پرچی
# ئایشێ و فاتمان

**ڕەهبەر سەید برایم**

* ناوی کتێب- پرچی ئایشێ و فاتمان
* نووسینی - ڕەهبەر سەید برایم
* تایپ – ڕازاو – کامەران عەبدوڵڵا
دیزاین- ئەحمەد سلێمان شێخانی
* سەرپەرشتی هونەری- شێخ تاڵیب
* پێداچوونەوە و هەڵەبڕی – ئارام ساڵح
* تیراژ- ١٠٠٠
* چاپخانە-

# سوپاس نامە

دەبێت سوپاس و ستایشی ئەو مێخاس و مێرخاس و ئەو دڵسۆزانەی وشەی کوردی بکەم , گەر هیممەت و ماندووبونی ئەو زاتە بەڕێزانە نەبوایە , هەریەکە و بە شێوازێک , ئەو کتێبە نەدەهاتە بەر دیدەی خوێنەران , دووبارە ڕێز و سوپاس و خۆشەویستیم بۆیان :-

- م . عەبدولڕەزاق بیمار
- د. ئەکرەم خامۆش
- ئارام ساڵح غەفوری
- پەیوەست خۆشناو
- شێخ تالیب سەید عەلی
- شاری قوباد غەفوری
- ڕازاوە ڕەزا
- خۆشەوی فەتاح
- محەمەد هەژار عەبدولرەحمان
- کامەران عبدالله
- توانا ئەحمەد
- ئەحمەد سلێمان شێخانی

ڕەهبەری سەید برایم

# پێشدەستییەک

پاش بارانی بەهار کەوانەیەکی ڕەنگین لەوسەر تا ئەوسەری ئاسمان دەردەکەوی، بەڕاستی کەوانەیەکی ڕەنگینە ، ڕەنگی سوور و سەوز و زەرد تێکەل بە شینی ئاسمان بووە ، خەڵکەکە بە شتێکی پیرۆزی دەزانی، بۆیە بە کەزیی عەیشێی خێزان و فاتمی کچی پێغەمبەری دادەنێن، لە هەندێک شوێنی دی پێ ی دەڵێن پەلکە زێڕینە، کە (پەلکە)ش هەرمانای کەزییە . جا ناونیشانی ئەم کتێبە لە ڕەنگاو ڕەنگی پەلکە زێڕینە وەرگیراوە ، کەوا بابەتە ڕەنگینەکانی هەر دەڵێی پەلکە زێڕینەیە کە بەدەستی هونەرمەندێکی شێوەکار نەخشێنراوە .

ئەم چەپکە پەخشانە شیعرە گوڵڕەنگە مامۆستا ڕەهبەر لەبۆنەگەلی جیاوازدا وەکو ڕێزلێنان ، یادی خامە ڕەنگینان ، هونەرمەندان ، شۆڕشگێران ، لە کۆڕ و سیمیناری تایبەتی و پڕ شکۆ و بایەخدار پێشکەشی کردوون . ئەگەر چی لە دنیای ئەدەبدا وا باوە شیعر و وتاری تایبەت بە بۆنە ( مناسبات ) گیانی شیعریەت لەدەست دەدەن ، بەڵام نووسەری ئەم پەلکە زێڕینانە بە هۆی ڕستەی پڕ لە هەست و سۆز و بەکارهێنانی سەرواو قافیەکاری و بەهرەی نووسیاری و ڕاستگۆیی لە بیرو باوەڕ و هەستیاری، توانیویەتی بەرگێکی ڕەنگین وەبەر ئەو بۆنە و یادانەدا بکات و لە شیعرییەت دایان نەبڕێنێت .

له بۆنەیەکـــدا مامۆســـتایەک لە کـــۆڕێکی گەورەی ڕێزلێنـــانی شـاعیرێک لە جیـاتی پەسـندکردنی ڕێزلێنـان و هەسـت بزوانـدنی دانیشـــتوان کەوتبـــووە هەڵڕشـــتنی باســـی شـــێواز و جۆرەکـــانی و قوتابخانەکانی ئەدەبی وەکو ڕیالستی و ڕۆمانتیکی و کلاسیکی و هی دی و شکســتی شــاعیر لە هەنــدێک ڕێــڕەودا و بــابەتی ڕەخــنە و ڕەخنەکـاری ، کە هەمـوو قسـەکانی لەو وێنەبـوو بـۆ بڵاوکـردنەوە لە گۆڤـارێکی ئەدەبـی دا بەدەستنیشـانکردنی سـەرچاوە گەل و نـاوی نووسـەرانی جیهـان دەسـت بـدات، بەڵام بـۆ ئەم کـۆڕە شـایان نەبـوو، لێـــرەوە بەڕای مـــن گرنگیـــی ئەم کتێـــبە ( پەلـــکە زێـــڕینە) یە دەردەکەوێت.

ئەم کتێبە لەکۆمەڵە وتارێک پێکهاتووە ، هەر وتارەی ڕەنگێکی لە پەلکە زێڕینەکە وەرگرتووە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی پێشکەش کردووە.

یەکەم گوڵی بە ناونیشانی ( گوڵە ئەشرەفیەکان و ئایشە گوروکە ) ژیننـامەی بە خـوێن سـووری ژنێکـی نەبەزی ژێـر چەقـۆی جەللادانـی بەعسی پێشکەش کردووە کەناوی ئایشـە گوڵە و بچـووک کـردنەوەی جوانناسـی لەسـەر شـێوەزاری کـۆیە بـووە بە ( ئایشـە گـوروکە ) کەوا خەباتگێڕێکی قارەمان بووە ، بەری ئەشـکەنجەی جەللادەکانی گرتـووە .... هەردو مەمکیـــان کـــون کـــردووە ، هـــیچ نهێنیەکـــی حیـــزبەکەی نەدرکاندووە .

گوڵێکی دیـکەی ئەم کتێـبە باسـی دڵـداریی (سـێوە)ی هونەرمەنـدە لەسـەردەمی گەنجیـدا ، کاتێـک بـووەتە شـاگردی مووڕیسـی و جـۆلایی

وەستا (خواجە یوسف ) کەوا عاشقی ( واریێ ) ی کچی وەستاکەی بووە، وەکو نووسیویەتی :

(( لەویێ عەشقی واریێ گوریێ کچی خواجە یوسف بووە ، خواجە ڕۆیی، بەجیێ شویێنت داهات ، خواجە یوسف واریێ بەسیێوە نادات ، ئەو عشقە نەمرە کەناگات بە ئاوات ))

وشەی ( خواجە ڕۆیانێ ) یارییەکی ناو منداڵانە و ڕیێکردنە بۆ گەیشتنە سەر شار، کەوا سیێوە نەگەیشتە سەر شار .. ئەو چەند دیێڕە هونراوەیەی بۆ دەنووسێ :

خاچی کەنیسەی گەڕەکی دیانان
مەی و مووڕیێسی خەڕەکی دیانان
ئاگری پاییزە ، جەژنی هیێلکەو خاچ
((ئیدۆخ بریێخە )) بەباوەش و ماچ

داب و نەریتی دیانان ( کریستیانەکان ) بەسەر دەکاتەوە ، کەوا ئاگرکردنەوە لە پایزدا و هیێلکە ڕەنگاو ڕەنگ کردن و پیرۆزبایی جەژنی خاچ ( سەلیب ) لەیەکتری کە بەزمانی کلدانی دەڵیێن ( ئیدۆخ بریخە ) واتا جەژنت پیرۆزبیێت .

مامۆستای نووسەر دەستەیەک کەسانی هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و پیێشمەرگە و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی بەسەر کردۆتەوە، بەهرەو چالاکی و دڵسۆزییانی لە چوارچیێوەیەکی گوڵڕەنگی ئەدەبیدا نەخشاندووە . پاشان کارەساتە جەرگبڕەکانی کوردستانیشی لە ماوەی

شۆڕشــی کوردایەتیــدا زۆر بەســۆز و هەســت پــاکی و ڕاســتگۆیی تۆمارکردووە .

ڕاستگۆیی لەبیرو باوەڕ و هەستیاری، توانیـویەتی بەرگێکی ڕەنگین وەبەر ئەو بۆنەو یادانەدا بکات و لە شیعریەت دانەبڕێتن .

نووســەر وەکــو بەرپــرس و ســەرکردەیەکی یەکێتــی نیشــتمانی هەرگیـز بە بەرچـاوتەنگی حیزبـایەتی سـەیری ڕووداوەکـانی مەیـدانی تێکۆشـانی نەکـردووە ، بەڵکـو باسـەکانی هەمـووی مانـای تەبـایی و یـەکڕیزی شۆرشـگێرانە دەکـاتە مەشـخەڵ ڕێـگەی تێکۆشـەرانی پـێ ڕووناک دەکاتەوە .

کەباسی کارەساتە جەرگبڕەکانی کوردستان دەکات لەسەردەمی بەعسی فاشیدا بە کوڵ دەگریی و وەکوو خۆی دەڵێ ( لە چاوەکانما دوو کـاریز تەقـین ) ... ئـاور لەکـارە تیرۆریسـتیەکـانی دوژمنـان و قوربـانییە نازدارەکـانی خۆمـان وەکـو دەڵـێ ( لەکەسـک و لەزەرد ) دەداتەوە .

بە نمـوونە هەڵوێسـتی یەکێتـی شۆڕشـگێڕان لە تەمـووزی سـاڵی ١٩٨٤ بەبیردێنینەوە کەلە ڕۆژنامەی ( کوردایەتی ) ناوچەی شۆرش دا بەو شێوەیە باسی کارەساتی بارزانیەکانی کردووە :

( بـارزان لە سـەدەیەک خەبـات و دەربەدەریـدا، بـۆ چەنـد مانـگ دەچێت مێرەکانی بـارزانی هەمـوو بێ سەروشوێن کراون ، ئافرەت و منداڵەکانیشـیان لە ژێـر بـارێکی نـاهەمواری و هەژاری و برسـیەتی و تێنـویەتی ئەو تـۆدا دەژیـن کە لە باسـکردن نـایەت . بە شـێوەیەک کەمەترسی لەنـاوچوونێکی بە کـۆمەڵی ئەم هـۆزە قارەمـانە لەگۆڕێـدایە کەلە ســەرەتای ئەم ســەدەیەوە بەردەوام دەورێکــی زۆر ســەربەرزو

شـەڕەفمەندانەیان بینیـوە لە بـزوتنەوەی شۆڕشـگێڕی گەلەکەماندا)ــ ل/٨١

لایەنێکی بەرچاوی شێوازی نووسەری بەڕێز پشت بەستنە بەکەلە پوور و پەندی پێشینان و گیانی تەوس و خەنـدەی سـەرلێو کەشایەنە پێـی بڵـێن (( ناسـکە ویـژی )) ... ئەوەتـا دەڵـێ ( شـەرعی مـار بەدار ، دەڵــێن کــوتەک لەبەهەشــتەوە هــاتووە ، عەبەســە خوێنــدن بەســە، وەتەوەلا، بووم بە مەلا، ئاگرە سوورە، لەخۆم دوورە ) .

لەهەڵبژاردنێکـدا سـەردەمی تـاریکی بەعـس کـابرایەکی خـۆش و قۆشمەچی هەبوو لە کۆیە خۆی پالاوتبوو ببێ بە نوێنەری پەرلەمان ... بە ئاشـکرا بانگـەشـەی بـۆ خـۆی دەکـرد، دەیگـوت : (هەڵمبژێـرن تـا حەیای حکوومەت بچێت.

هەر لەبواری ناسکە ویژییدا بەراوردی باڵا کورتی پێشمەرگەیەک بەقارەمـانیتی یە بـاڵا بەرزەکەی دەکـات .. ئەوەتـا دەنووسـێ : عەمیـد مەهـدی حەمەسـعید بـاڵا کـورت بەقەد دارهەنـارێکی هەڵەبجەبـوو ـ بەڵام ـ ئەوکـاتەی شـارەزوور پەڵەی دابـوو بە خـوێن ، تیرۆریسـتان هێلکە شەیتانوکەیان هەبوو لەبەفری میرو بناری سورێن، دەستنوێژیان بەخــوێن دەشوشــت ، بــانگی ناهەقیــان دەدا و کــوڕە جــاف و نەوەی پێغەمبەریان بێڕەحمانە دەکوشت .. ئەودەم ( مەهدی ) بە باڵا کورت و چەکەکەی لە ئاسـۆگەی ( شـنروێ ) بەبەرزایـی شـاخ و سـەنگەر دیـاربوو . بـاڵای سـێبەری دەکـرد بەسـەر هەڵـەبجە و شـارەزووردا .. لەوێ گڕی لەبەفر بەردەداو دەستی سەوزی دەوەشاند . دەست خۆش و خەرمان بەرەکەت

**عەبدولڕەزاق بیمار**
**٢٠١٧/٥/١٨**

# گوڵە ئەشرەفیەکان و
# ئایشە گوروکە

شێر و شۆڕەژن ئایشە گوروکە
دایکی لەیلایەو ئەستێرەو بووکە

پیاو پابەندە بە زەوی، ژن بە ئاسمان، ژن گەنجینەیەکە پڕ لە گەوهەری گران، تاجی پەروەردگارە، سومبولی ماناو هەست و بانگی ویژدان و بزوێنەری کردگارە، هۆکاری ژیان و ڕۆژگارە، ژن هۆنراوەی خوداوەندە، پیاو پەخشان و پەندە، ژن پردو پەیژەیە بۆ ئامانج و ئایندەیە، هەر ژن فێرت دەکات کە ژن و ژیان و خەبات چیە؟ پیاو جولانەوەیەکە لە نێوان زەردەخەنەو فرمێسکی ژن، ناوەندی نییە،



ئایشە گرووکە

زەردەخەنەی ژن دەرگای بەهەشت دەکاتەوە، وەک مانگ وایە پڕشنگ دەداتەوە، خەم و ئازار لە بیر دەباتەوە، گوڵێکە گوڵاو دەپڕژێنێ، ئەگەر ناوی ژن بسڕیەوە، هیچ وشەیەک

مانـای نـامێنێ، بەبـێ ژن ژیـان و خەبـات و جیهـان چ نـاهێنێ،، ژن دەتوانێت سەرکردایەتی بەهێزترین پیاو بکات، خۆشەویستی نیشتمان لە خۆشەویسـتی ژنەوە دەسـت پـێ دەکـات، دەنگـی ژن لە دەنگـی ویـژدان بەهێزتـرە، نەواو زایەڵەی بەرزتـرە، ژن دەسـت بـۆ مانـگ و ئاسـمان و هەور دەبـات، خـۆی لە هاوشـانی ئەسـتێرەکان دەدات، بە دەسـتێک بێشـکە ڕادەژەنـێ، بە دەسـتێکی دیـکە جیهـان دەهەژێنـێ، فەرمانڕەوایی دڵەکان دەکات، لە پشت پەردەیە لە دەسەڵات، ئەگەر لە چاوی ژن نوورت بینی، ئەوا لەناو دڵیدا ئـاگر هەیە، ئەگەر پیاوێکی بەهێـزت بینـی، ئەوا بـزانە لە پشـتیەوە ژنێـک وەک ڕێگـر هەیە، هەروەک مەل بە باڵێ نافڕێ، پیاو بە بێ ژن هیچی پێ نـاکرێ، بەڵام پـوختەی ژیـانی ژن، خۆشەویسـتی و ئـازارو دڵسـۆزی و قوربـانی دانە، سۆزو وەفاو میهرەبانی و ویژدانە.

خۆشەویستی دایک زمانی دڵە، دڵی دایـک قوتابخـانەیە، هەروەک خـاتو (فـاتێ) دایکـی حەزرەتـی حـاجی قـادری کـۆیی نیشـانەیە، چـونکە دایک پەروەردەکارو فێرکارو بە ئامۆژگارە، یەکەم مامۆستای زەمـان و ڕۆژگـارە، نەک هەر لە ڕووی هـونەرو وێـژەو کـۆمەڵایەتی، بەڵکـو لە بواری ڕامیاری و جولانەوەی کوردایەتی، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە ژنـی کـورد، بە پێشـەنگ و پێشـڕەوایەتی، کاریزمـاترین ئـافرەتی کـورد لە سەدەی نۆزدەم (قەرە فاتمە) بووە، لە میـدیاکانی ئەوروپـادا بە (شـێری کوردستان)و (ژنە میرزادەی کورد)و (سوارچاکی کورد)و (سوارچاکێکی ڕۆژهەڵاتـی)و (قارەمـانی کوردسـتان) نـاوی هـاتووە، (قەرە فـاتمە)

سەرلەشکرو فەرماندە بووە، قارەمانییەتی نواندووە، دژی عوسمانلی و ڕووس شەڕی کردووە.

دەبێت یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان بە ناوی (کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد) بووبێ، لە ساڵی(١٩١٩) دامەزراوە لە ئەستەمبوڵ، ئەستەمبوڵ:پایتەختی ئیمپڕاتۆری عوسمانلی بووە، ئامینەخانی خێزانی شەریف پاشای خەندان سەرۆکی بووە، ئەنجوم خانی مستەفا پاشای یامولکی لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد بووە، لە ڕێ و ڕەسمی مەولودکردنێکدا بە ناوی ژنانی کوردەوە وتارێکی جوانی پێشکەش کردووە.


ئایشە گرووکە

لە (٢٨)ی تەمووزی ساڵی(١٩٣٠) لقی ژنان کرایەوە لە سلێمانی، بە سەرۆکایەتی حەپسەخانی نەقیب و حەپسەخانی عیرفانەفەندی وەک سکرتێر، مەستورەخانم و عادیلەخانم و حەپسەخانی نەقیب، سەردەستەی پێشڕەوایەتی بوون، ناوداری کوردەواری و کوردپەروەرو هاوشانی پیاوان و کۆمەڵایەتی بوون، بۆ مێژوو حەپسەخانی نەقیب و ئایشەخانی خێزانی شێخ مەحمودی نەمر دیار بوون، بە ناردنی چەک

و فیشەک و ئازوقە بۆ لەشکری شێخ لە شەڕی تاسڵووجەو دەربەندی بازیان بەشدارو هاوکار بوون، نکوڵی لێ ناکرێ لە کن دۆست و ڕەقیب، کارو چالاکییەکانی حەپسەخانی نەقیب.

ڕەنگە قەدەم خێری فەیلی یەکەم ئافرەتی جەنگاوەر بووبێت، لە شۆڕشی (پشتکۆ) قارەمان و بزوێنەر بووبێت، دژی ڕەزاشای ئێران، پێنج ساڵ جەنگاوە بێ وچان، قەدەم خێر، قارەمان و شێر، ڕەزا شای ئێران پێی سەرسام بووە، ناردوویەتی بۆ خوازبێنی، ویستویەتی ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێک بێنێ، قەدەم خێر بە ڕەزا شای وتووە: (من ژن نیم تۆ ژنی، شووت پێ ناکەم داگیرکەرو دوژمنی،،).

لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد (یەکێتی یایانی کوردستان) دامەزراوە بە سەرۆکایەتی مینا خانم خێزانی پێشەوا قازی محەمەد.

لە(١٩٥٢/٣/١٠)، کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئافرەتان لە عێراق دامەزرا، یەکەم سکرتێرەی (د.نەزیهە دلێمی) بوو، لە دووەم کۆنگرەی خۆیدا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق)، لە(١٩٦٣/٦/٣٠) حزبی شیوعی کوردستان-عێراق ڕاگەیاندرا، هەر ئەو ساڵە (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان) ڕاگەیاندرا، سکرتێرەکەی (پەخشان خانی زەنگەنە) بوو.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە (١٩٥٢/١٢/١١)، دامەزرا، یەکەم سکرتێرەی (زەکیە ئیسماعیل حەقی) بوو، ئەو خانمانەی لە پارتایەتی و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرچاو و دیار بوون، سورەییاخانی مەلای گەورەو زێباخانی مام واحیدی موختار بوون.

له شاخ و شۆڕشی نوێ له (١٩٨٩/١١/٤) یەکێتی ژنانی کوردستان دامەزرا، یەکەم سکرتێرەی (هیرۆخانی ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، دواتر کافیەخان (کافیه سلێمان)، زۆربەی ژنانی شاخ له ئاوارەیی پشتیوانیان لێکرد.

حزبی شیوعی له کۆیه ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە له پێگەیاندن و پێککردنی ژن له کایەی ڕامیاری، به پەروەردەکردن و گۆشکردنی بیروباوەڕو یەکسانی و هۆشیاری، خوشکه فریشتەو ئایشه گوروکه دیار بوون، پێشەنگ و چوست و چالاک و شۆڕەسوار بوون، تەنانەت له شاری کۆیه، گەڕەکێک هەیه ناوی مۆسکۆیه، بەهۆی ئایشه گوروکەوە ناونراوە، زۆرینەی گەڕەک شیوعی بوون، مێژوو یادگاریان ماوە شیوعیەت و شەعبیەتی لەوپەڕی بوو، خۆشەویست و ڕۆح پەری بوو.

هاوڕێ ئایشه گوروکه (عایشه قادر یونس) واته ژنێکی قورس و نەترس و دژی بەعس، بەهێز، بەڕێز، ئازیز، له کاروانی شیوعیەت ڕاستەڕێ بوو، لای نەدا له ڕیز، کۆمەنیست و چەپ و خاوەن بیرو بڕوا:

کاروانی تەقەدوم که له بۆ پێشەوە دەڕوا
بەو قافلەیه، سەگ دەوەڕێ کلکی هەزارە

له ڕێگای شەهید عەلی مەولود دەبێته کۆمەنیست، دەبێته ئەو ژنه شۆڕشگێڕەی ئازاو خۆشەویست:

مەردو به هەڵوێست، هەڵکەوتووی به سوود
چەپ و کۆمەنیست، کورد (عەلی مەولود)

ئاسمان چەند گەورەبێ، مانگی تێدا نەبێ، تاریکە، مرۆڤ چەند گەورەبێ، ڕەوشتی تێدا نەبێ، بچووکە، ئاخر سەررڕێژ بوو لە شەرەف و رەوشت خەباتی ئایشە گوروکە، خاوێن لە ناخدا، گەش و بۆن خۆش لە باخدا، ئایشەگوڵ شەنگوڵی باخ بوو، پەیکی شارەزای شارو شاخ بوو، وەک پۆستەچییەکی گورج و گۆڵ، خەمی حزبی شیوعی گرتبووە کۆڵ، شار بە شارو شاخ بە شاخ و دۆڵ بە دۆڵ، بڵاوکراوەو بەیانات و ڕاپۆرتە چوکلێتیەکانی دەهێناو دەبرد، دەنگ و باس و ئاراستەی حزبی ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەڵقەی بەستنەوەی پەیوەندی حزبی بوو وەک پرد، لەناو هەژاران و کرێکاران و چەوساوەو رووت، هەمیشە ئەو دروشمەی حزبی دەگووت: (شیوعیەت لە مردن بەهێزترە، لە سێدارەش بەرزترە).

لە (لافاوەکەی عەدەبەرەک)ی و زەمانی مەلیکی و ساڵی چەپڵەو ساڵی هەڵات هەڵاتەکەو ئەنفالەکان و زەمانی بەعس، بە هەڵوێست و بێ منەت و بێ باک، ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران نەترس، شانە بە شانە دەگەڕێ وەک هەنگ، بە وریایی نەبادا بکەوتە بەر چەنگ، لە خەباتی نهێنی و ڕۆژانی سەخت، بە گەڕو بە تینتر دەبوو لە هەر وەخت، لە ڕێی خەبات و شیوعیەت ئازاری زۆری چەشت، کون بە کون دەگەڕێ لە شاروشاخ و دۆڵ و دەشت، بە پرنسیپەکانی حزبی پابەند بوو، بە پەیوەندی و بە ئەزموونی پڕ پەند بوو، شارەزا لە دیسپلینی حزبایەتی، گۆشکراو بە ورەو ئازایەتی، جەرگی سووتا لە ڕێی تێکۆشان، کۆڵی نەدا زیاتر کەوتە جۆشان، (بەشدار)ی کوڕی لە

بەنداوی (بێخمە) لە ساڵی(١٩٨٧)، شەهید کراو تەرمەکەشی بەجێ ماو بەردەست نەکەوت، ئەوجا نەڕووخاو نەبەزی، پەنجەی پەشیمانی نەگەزی، لە خەباتی نهێنی سوورتر دەبوو، بڕوا بە تینترو بە گوڕتر دەبوو، چالاکی پتر دەنواند، پۆستەی حزبی دەگەیاند، سەرەنجام بە هۆی خیانەتی ناپیاوێ، تێ دەکەوێ و دەکەوتە داوێ، جەلادەکانی بەعس هێندە ئەشکەنجەی دەدەن، هەردوو مەمکی کون دەکەن، سەری دانا، سرِی نەدا، جەلادەکان واق ورِما بوون لە ئاستی، ژنی وا قارەمانیان نەدیوە بە ڕاستی، پێی گوتبوون (ڕۆژێ دەبێ بکەونە بەرپێی ڕۆڵەکانم، بۆیە بێ باکم و منەتتان نەبێ بە هیچتان نازانم)، هاوزەمان کە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران وەستا، گڕو گەرمەی ئەنفال بوو، هەمان ڕۆژ پەڕەی گوڵی ئایشە گوروکە سوتا، لە (١٩٨٨/٨/٨)، بە جەستە رۆیی بۆ دوایین گەشت، شەهید ئایشە گوروکە ئەو ژنە مەزن و ڕۆح سووکە، کفنەکەی تارای بووکە، کراس و کەواو سەڵتە خوێناویەکەی هەر تیلمێکی موتفەڕکە، مەمکەکانی پیرۆز بوون وەک گومبەزی مزگەوت، باسکی لە میهرەبانی درووست کرابوو، منداڵی لێ دەخەوت، شەهید ئایشە گوروکە شیوعی و کۆیی و گوڵهەناری شیوی ڕەزان بوو، بەڵام مایەی شانازی گەل و کوردو کوردستان بوو، پاش شەهیدکرانی ئایشە گوروکە، ئەو شەهیدە موبارەکە، (حەمەی حەلاق) بەهۆی ناکۆکی و نیفاق، لە کۆیە لە بازگەی تۆبزاوا، کەوتە گێژاوی بەڵاوە، شەهیدکرانی حەمەی حەلاق و هاوڕێکانی، لە شەڕی ناوخۆ بوونە قۆچی قوربانی، شەهیدکرانیان بەو بێ باکیە،

میللەتانی ڕووی زەمین ڕوویان بەرەو ڕووناکیە
میللەتی ئێمەش لە تاریکی و کەسادی تاکییە
هەر خەریکی بوغزو قین و فیتنەبازی ناوەخۆن
تا وەها بێ هەر ژیانیان ژان و پڕ غەمناکیە
ڕۆستەمن بۆ خۆبەخۆیی کوشتنی یەکتر بەڵام
مێگەلی دەست دوژمنن بەم مردەنی و هیلاکیە
کەی دەبێ ئەم جۆرە ناپاکیە، لەناو پاک بێتەوە
زەحمەتە جۆبار مەگەر ئەم ئاخە بۆ ژێر خاکیە

هەر کەسانەکی ئایشە گوڵەکەی من ناناسێ، ئەوەتانی ئایشە گوروکەکەی من، چیرۆکی ژیانی، پڕ لە ژانی، پڕ لە هەڵوێستی جوانی، لە بەرگری و خەبات و بەرخودانی، پێ بزانێ و پێ دەتاسێ، با لە ویژدان و مانیفێست و پرانسیپ و دیسپلینی حزبایەتی بپرسێ، چۆن لە ئازایەتی و باوەڕی ئایشە گوروکە دەحەپەسێ، (ئەرێ گورێ، گورە جوانێ، گەر وەکو ئایشە گوروکە هەیە، بابێتە چارگۆشەی مەیدانێ،) (بە عام شەرعی خۆیان دەبردەوە کن پیرە شەوبایێ) (لە گورێ سۆرەگورێ، لە نارنجێ لە تورنجێ، لە لیمۆیێ، پیرە شەوبایێ مارویران دەرێ ئەگەر ئەمن چ شەرعان بزانم چ حەرفان لێک بدەم شتاقمان ناگەینە باڵای ئایشە گوروکەکەی کۆیێ،)
وارێ گورێ و ئایشە گورەکەی مامە سێوە، هەر عاشق و جوان بوون بە شێوە، بەڵام ئایشە گوروکەی کۆیەو کوردستانم، هەموو

گوڵێک لە ئاستیدا پەشێوە، گوڵاڵەسوورەی بەهەشت و شارو شاخ و کێوە، خوداوەندی گوڵانە، ڕەگی لەناو دڵانە، جوانتر لە مەندیلانە، جوانتر لەو گوڵانەی دەڕوێن، چونکە ئەو گەش و گەورە بوو بە تیشکی خەبات و فرمێسک و خوێن، گوڵە ئەشرەف بوو، جێی شانازی و شەرەف بوو، هاوڕێ ئایشە گوروکە هەموو ساڵێ لە هەشتی هەشت، دەژییتەوە، دەڕوێتەوە، لە باخچەی ماڵان و ئینجانەی دڵان و لە چیاو چۆڵ و دەشت، لە وەختی دروێنەو خەرمانەی خەبات و چەکووچ و داس، کرێکاران و جوتیاران و کۆمنیستەکان دەخەینە بەر یادو باس، دەتوانرێت گوڵ بخرێتە ژێر پێ و هەڵبوەرێندرێت، بەڵام ناتوانرێت هەرگیز بۆنەکەی نەهێڵدرێت، (داد گورێ لە باغانم نەمایی،)، یادی بەخێر بە وەفایی.دادە ئایشە گوروکەکەی گوڵ، ناوی دەمێنێ لە ویژدان و دڵ.

سەرچاوەکان:

●ئافرەتە ناودارەکانی کورد-عەلی خەزنەدار.

●کورتەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان، درەخشان شێخ جەلالی حەفید.

●وتەی داناکان.

●شنەی هەیبەسوڵتان، جەلال جۆبار.

●مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند، کەریم شارەزا.

●زانیاری لە (ئومێد تۆفیق) وەرگیراوە.

●شیعرێکی شێخ ئەنوەری سەید ئەحمەدی حوسێنی وەک هوتاف گوتراوەتەوە.

●جەمعیەتی تەعالی کوردستان- ئیسماعیل گوێڵداش وەرگێڕێنی زریان ڕۆژهەڵاتی.

# موزیک و وەستا سەربەستی خەیات

گشـــت دەنگێـــک لە سرووشـــت پـــارچەیەک ئـــاوازە, لە کـــات بـــەدەرەوە، زایەڵەو ســـازو موزیـــک دڵـــنەوازە، لە ڕاســـتیدا موزیـــک لە سرووشـــت و دیـــن و هەســـتی خواپەرســـتییەوە ســـەرچاوەی گرتـــووەو پەرەی ســـەندووە، لە تەوڕات نـــــــاوی گەلێـــــــــــک لە پێغەمبەرەکـــــانی بـــردووە، کە موزیـــک ژەن و دەنگخـــــۆش بـــووین خۆشـــخوان، هەر وەک حەزرەتی داودو حەزرەتـــــــی ســـــلێمان، دینـــــی زەردەشـــــــــت بە


وەستا سەربەستی خەیات

یەکێک لە یەکەمین سەرچاوەکانی گۆرانی و موزیـک دەژمێردرێـت لە کوردستاندا، ڕەنگی داوەتەوە لە سرووت و سروودو بانگ و نوێژو لە کاتی زیکرو کۆڕەکاندا، خوازیارانی پەیڕەوی زەردەشتی، ڕاستگۆیان و ڕاسـت کردارانـی ڤەشـتی، لە دینـی زەردەشـت، مۆزیـک و گـۆرانییە بەهەشـت، نەک حـۆری و شـەراب، ئاڤێسـتایی کە زمـانێکی دێـرین و مـردووە، لە بیرکراو و بەسـەرچووە، بەڵام زمانێکی ئاینی پیـرۆز بـووە،

لەناو دەوڵەتی مادو میدیاو هەخامەنشی و ساسانییەکاندا دەستوورو کەلتورو ڕووگەی ڕێز بووە، پاش لەناوچوونی دینی زەردەشتیش، موزیک لەناو کوردان هەر بە پیرۆزی ماوەتەوە، هەر وەک لای ئێزیدی و یارسانی و ئەهلی هەق و سیاچەمانەو هۆرەی هەورامان هەمووی لە دینی زەردەشتەوە هەڵێنجراوەتەوە، هەر وەک چۆن لە شیعری شاعیرانی کلاسیک ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت لە سروودی (یارسان) لە مەزهەبی ئەهلی هەق خوا فەرمان دەدات، باسی ئاوازی ڕاست بۆ ڕۆح ژەنینی جەستەی ئادەم دەکات، لە سەردەمی زەردەشت ڕیتم و شێواز جیاواز بووە، شاخاوی، شاد، سرووشت خواز بووە، ئەو ڕیتمە لەناو هۆرەو حەیران و لاوک و سیاچەمانەدا ساز بووە، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی هاتووە، (تەمبوور) کوردیە، زانای ئەڵمانی (کێر تیسارک) پێی وایە کە (کەمانجە) کورد دروستی کردووە، ڕۆژهەڵات ناسەکان دەگێڕنەوە کە گۆرانیبێژو موزیکژەنەکانی ئەهلی هەق لەناو کورد، پێش دەستپێکردن بە ژەنین و چڕینی گۆرانی ئامێرەکانیان ماچ دەکرد، ئەوجا دەستیان پێ دەکرد، سۆفیە کوردەکان بۆ کاتی زیکر موزیکیان بەکار هێناوە، لەناو تابلۆی شەڕەفنامە عودو ساز هەیە، گۆرانی زەمبیل فرۆش لە سەردەمی دەوڵەتی دۆستەکیدا گوتراوە، هەولێر بێشکەی لە دایک بوونی مەولودە لە جیهانی ئیسلامدا، پێشەنگە لە مناجات و مولودنامەو مەقامدا، کورد لە کۆنی کۆنەوە ڕۆڵی گەشانەوەی هەبووە لە ئاستی هونەرو موزیک و گۆرانی، بۆ ژیانی پڕ کامەرانی، مستەر ڕیچ لە (٢٢)ی ئاداری(١٨٢٠) لای بابانەکان, گوێی لە کەمانجەو ڕوباب و گۆرانی کوردی و چیرۆکی

دڵداری بە گۆرانی بووە، تەنانەت کچ و کوڕ بەبێ پەچەو ڕووپۆش بە جلک و بەرگی ئاوریشمی جۆرە چۆپیەکیان کردووە، دەستی یەکتریان گرتووە، مایەی خۆشی و سەرسوڕمان بووە.

موزیک سیحرو شیفاو ویستێکی ڕۆح پەروەرە، هێندە کاریگەرە، چی دەعباو جرو جانەوەرو زیندەوەرە، دارو درەخت و مەل و ئاژەڵ و مەڕو ماڵات، هەست بە سۆزی موزیک و ئاواز دەکات،

شاری کۆیە بەهۆی سرووشتی کە لە باوەشی دەشت و شاخ و باخە، بە هۆی دیوەخانی پڕ هونەرو ئەدەبی (ئەميناغا) بۆتە کانگای موزیک و گۆرانی و مەقامات، بە قامەت خەرامان و بە دەف و دەنگ و موناجات، واتا لەسەردەمی ئەميناغای (ئەختەر) بازاڕی گۆرانی و مۆسیقا سەرلەنوێ کەوتۆتە گەڕ، فێرگەی بەستەسازی و مۆسیقاسازی کە میراتێکی یەکجار کۆنی کۆیەیە، نوێ بووەوە و بوژایەوە، بەوەستایی و هونەرکاری بێ هاوتایی هاتە کایەوە، لە دۆڵی سماقوڵی، لە گوندی سماقوڵی گەلی، بەرانبەر گوتدی سێنان، لەسەر شاخی (ئاوەگرد)، شاخێک هەیە بەناوی (موزیک)، بە هۆی شنەو لەرەی درەخت چریکەی مەلان، لە بەرزایی شاخ و تەلان، بەسرووشت ئاوازێک خوڵقاوە، بۆیە بە (موزیک)، ناونراوە،

سەربەستی وەستا سابیری یاعاسمە (سەربەستی خەیات) لەو کەش و هەوایە پڕ هونەرو موزیکە پێ دەگات، لە کۆیەی پڕ بەهرەو شیعرو سیاسەت و هونەر، دەبێتە دەست ڕەنگین و هونەرمەندێکی تێکۆشەر، وەستا سەربەسی خەیات، واتە (هونەرو خەبات)، وەستا سەربەست، بێ منەت و بێ دەربەست، بە عەشق و مەبەست، دوکانە بەرگدرووەکەی

کردبووه مەڵبەندی هونەرو سیاسەت، وەک دوکانەکەی ئوستاد بەشیر مشیری، مۆنجەی دەهات لە گفتوگۆی ڕامیاری و ڕۆشنبیری، کاری ڕێکخستنی دەکرد بێ وەستان، لە ڕیزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، سەرەنجام گیراو ئەشکەنجە درا،


وەستا سەربەستی خەیات هیمداد کەمال

لە زیندانی ئینفرادی بە دەردێک برا، وەک قارەمانی زیندان، لە ژێر ئەشکەنجەو لێدان، شانە نهێنییەکانی ڕێکخستنی دەناسی، خۆی ڕاگرت نهێنی نەدرکاند، وەک مەردێکی بە ئەزموونی سیاسی، هەرگیز نقەی لێوە نەهات، دوایی ئازاد کراو پیاو بوو سەربەستی خەبات، وەستا سەربەست، بە هەڵوێست و بەهەست، بە دەست کەوتە بەردەست، لەسەر شەڕەفی بەعس خۆی کرد ڕادەست، بە بەڵێنی درۆو فریودان، ئەوجا کەوتە ژێر ئەشکەنجەو زیندان، خۆڕاگر لە ئاست ئاسن و هەڵواسین و بوتڵ و بەربەست، سەربەست کرا سەربەست، بەسەر بەرزی مەدالیای قارەمانی بەست.



مـن و وەسـتا سەربەسـتی خەیـات، هـاوتەمەن و لە یەک گەڕەک بـووین لە کـۆیە، دوایـش کەوتـووینەتە یەک وڵات، بە منـداڵیش ئحـم ئحم و خوێ و ترشمان پێکەوە نەکردووە، قەت لە یەک نەڕەنجاوین و هەر گونجــاو بــووین و دڵــی یەکترمــان نەشــکاندووە، ئەو زۆری نەخوێندو خووی دایە کارو کاسبی و بەرگ درووییی، سەرقاڵی ژیـان بوو بە ڕەنج و ماندوویی، لێکی دابڕانـدین ڕۆژگـار، مـن لە شاخ و ئەو لە شار، پاش ڕاپەڕیـن بە هـۆی شـەڕی براکوژی و نـاکۆکی ناوخۆیی، کەوتیــنە هەنــدەران و ژیــانی نــامۆیی، لەوێــش لە یەک شــارو وڵات گیرساینەوە، وەک جاران بەیەکتـر شاد بووین و گەشاینەوە، لە وڵاتـی گوڵ و پایسکل و ڕەنگ نارنجی، لە خاکی لماوی بێ بەردا، یەکترمـان گرتەوە لە شاری ئەنیشخەدێ لە وڵاتـی هۆڵنـدا، زۆر جـاران لە بۆنەو

سەری ساڵان، خڕ دەبووینەوە لەماڵان، بە یادی کۆیەو کوردستان، لەگەڵ ئارەزومەنـدان و خۆشەویسـتان، لە ڕۆژانـی نـامۆیی و شـەوانی ڕەنگاو ڕەنگ، بە گفتوگۆی بەرزو شیرەشیرو دەنگەدەنگ، دەمان کردە بەزم و گـۆرانی و موزیـک و ئاهەنـگ، بە ڕێمـان دەکـرد بە تـریقەی پێکەنین و قاقا:



وەستا سەربەست م. سەردار ئەحمەد م. ئەنوەر تاهیر

چەندم پێ خۆشە دەنگی مۆسیقا
یا کۆتری ئاشتی باڵدا لەشەقە
نەک گرمەی تۆپ و هاوارو تەقە



وەستا سەریەست سەلاح محەمەد

کەمـانجەی دەژەنـی بە جـوانی، مـوزیکی خـۆرهەڵاتی دەزانـی، لە زانستی ژەنینی موزیک بەرزو بە توانا بـوو ئاستی، (لە ڕووی تەکنیک و پـاکی، دانـانی پەنجەکانی دەسـتی چەپـی و کەوانـی دەسـتی ڕاسـتی) قسـەی خۆشـی دەگێـڕاوە بە یادگـاری تیپـی بـاواجی، (شـیرن و تەڕو مەزەدار بە هەنگــوین) شــیعری راجـــی، بە هەچەهەچەو شـــایالۆخ مەیالۆخ، دەبێ وات لـێ بێ خەپلێ هیمدادی میرزا کەمالی، گۆرانی دەچڕی وەک بولبولێ.

وەستا سەربەستی خەیات، لەوێش دانەبڕابوو لە هونەرو خەبات، عەیار بیست و چوارو توندڕەو لە باوەڕ، لەسەر یەکێتی و مام جەلال دەیکردە قڕەقڕ و شەڕ، پاش چەند ساڵان لە هەندەران لە هۆڵندا، گەڕایەوە بە خۆیی و نەخۆشیەکی کوشندە، هاتەوە بۆ مردن نەک بۆ ژیان، کەوتە مابەینی کێوەڕەش و هەیبەسوڵتان، دەیزانـی دەمرێ و دەیگووت دەمرم و ژان کوشتمی، ئەرێ مردن لە کوێی وەرە ژیان کوشتمی، لە (٢٦)ی حوزەیرانی ساڵی(٢٠١٤)، نۆتەی ڕۆح و پەنجەی

موزیک و گیانی پڕ خەباتی سپاردە زێدەکەی خۆی شارەکەی کۆیە (بەگوڵان و بەگوڵان بە گوڵە هێرۆیە)، لە(ئەنیشخەدێ)وە بۆ دەروێش خدر، گەردەنت ئازا بێ وەستا سەربەستی نەمر.

ئاوازێکی غەمگین بە موزیکی خۆرهەڵات، چەپکە گوڵ لە وڵاتی گوڵ بە خەڵات، بۆ یادو سەر گۆڕی وەستا سەربەستی خەیات.

سەرچاوەکان:

* چەمکی ئەوانی دی لە موزیکی کوردیدا- توانا حەمە.

* مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی- فەرهاد پیربالؒ.

* دیوانی ڕاجی، عوسمان دەشتی و ئیسماعیل راجی، ٢٠١١.

* بۆ کۆچی هونەرمەندی نیشتمانپەروەر سەربەست خەیات- وریا ئەحمەد، کوردستانی نوێ، ژمارە ٦٤٥١- ٢٠١٤/٨/٨.

* شیعری سەید برایم (چوارینەکانی برژاو)چاپی بەرلین، ١٩٩٦.

واتاکان:

-کاتبەدەر:- لە ئەوەل و ئەزەلەوە.

-ڤەشتی:- خوازیارانی زەردەشت.

-وڵاتی گوڵ و پایسکل:- مەبەست لە هۆڵندایە.

-ئەنیشخەدێ(Enschede):- شارێکە لە هۆڵندا لە سەر سنورە لە نزیک ئەڵمانیا، من و وەستا سەربەست لەو شارە دەژیاین.

# مامۆستا شێخ بورهان ئەویندارێکی پەنهان

شاعیری پیشه نییه، بەڵکو رێگایه بۆ کات بەسەر بردن، هەست و نەست و سۆزو سرۆشان و ئەندێشەیە بۆ گیان ئاسودەکردن، شیعر خەونێکە مرۆڤ تیایدا هەست بەوپەڕی ژیان دەکات، ئاوێنەی دەروونە شاعیر لە ناخ دەگات، ڕەوشەنبیری بۆ شاعیر پێویستە، فکرو فەلسەفە لە شیعر خۆرسک و پەیوەستە، شاعیری گەورە، سۆفیەکی گەورەیە، هەمیشە گەشبین و هەستیارو بە ورەیە،



م. شێخ بورهان

شیعر لە ئاو دەچێت، زۆر دەلالەت هەڵدەگرێت، دڵ بە نووسین ئارام دەبێت، شیعر لە سەردەمە کۆنەکاندا، بە تایبەتی لە یۆناندا لە پێش زاییندا بەهێزی سیحراوی ئاماژەی پێ دراوە، خوداوەندی تایبەتی بۆ دانراوە، شیعر هەست و سۆزی مرۆڤایەتی پاک دەکاتەوە، چەکێکی نەبینراوەو ڕێگا ڕووناک دەکاتەوە، شیعر ئاوێتەیەکە لە سۆزو خەیاڵ و زمان و هێماو وێنەو کێش و سەرواو موزیک و واتاو بیرۆکە، ئەمانە ڕەگەزی شیعرن، بەڵام پێکهاتەی شیعر ڕووخسارو ناوەڕۆکە.

شیعر ئەستەمە وەک خۆی بکرێ پێناسە، لێی گەڕێ کاری ئەدەب دۆست و شیعرناسە، شیعر لاسایی کردنەوەی سرووشتی جوانە، وەرگێڕی دڵ و دەربڕینی ویژدانە، بەهرەو سروشانە.

مامۆستا شێخ بورهانی شێخ نەجمەدینی شێخ عەبدول کەریمی حاجی شێخ مەحمودی، لە ساداتی بەرزنجەیەو ئەولادی رەسولەو بە گیانی کوردی، لە دایکبووی ساڵی هەزارو نۆسەدو بیست و نۆیە، لە گوندی کێشکەی سەر بە شاری کۆیە، دەرچووی کۆلیژی مامۆستایانی باڵایە، بەکالۆریۆسی هەیە، لە زمانی ئینگلیزی پسپۆرو شارەزایە، پەروەردەکارو فێرکار بووە، بەڕێوەبەری گشتی و مامۆستاو سەرپەرشتیار بووە، خولیای خەبات و خوێندن و پەروەردە بووە، گەرچی پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە هەبووە، بەڵام ئەو کوردە بووە، دەربەدەری و بەندیخانەو ئازاری دیوە، بە مەردی قۆناغی ژیانی بڕیوە، کەسایەتی و ڕێزدارە، لە بواری زانست و پەروەردە دیارە، ڕووناکبیرەو خۆی لە قەرەی شیعر داوە، مەلۆیەک شیعری داناوە، بەخێر بێتەوە، بە چەپکێ وشە دەڕازێنێتەوە، بەهرەی شیعری تێدایە بە ڕوونی و

ڕەوانی، هەروەک لە شیعری (تابلۆی فریشتەی جوانی) وێنەی پڕ جوانییە سەرلەبەر:

که مانگی ڕووت وردە..وردە هاتەدەر
لەناو قژی پەریشانت تا کەمەر
بزەی لێوێکی گوشتنی ئاڵ و تەڕ
بەرهەمێکی خۆشەویستی هێنابەر

مامۆستا شێخ بورهان، گەرچی کەوتۆتە ناو ساڵان، عەشق کردویەتی بە شاعیر لە ناخەوە، بە عاشقێکی دڵ شکاو دەچێت بە داخەوە، پێ دەچێت لە ئەنجام، نەگەیشتبێ بە ئاکام، شیعری جوانی، بۆتە گۆرانی، لەسەر لێوی هونەرمەند (باکوری) دەلەرێتەوە:

بەخێربێتەوە، بەخێر بێتەوە
سەر سەر و سەرچاو بگەڕێتەوە
یادی دڵداری و خۆشەویستی پاک
یادی ڕۆژانی زێڕینی ڕووناک
لە گوڵزاری ژین گوڵێک بووی هاوتاک
ئەوجارەش دیسان بەخێربێتەوە
خەندەی ئاسۆی ژین بگەشێتەوە

***   ****   ***

با کۆرپەی ساوای دڵداری نەمر
هەڵمژێ شیری پاکی گەرم و گوڕ
کۆرپەی کوردستان لوتکەی چیای بەفر
گشت هاوار دەکەن بەخێربێتەوە
سەر سەر و سەرچاو بگەڕێتەوە

بەگەنجی هەگبەی عەشقی خستە کۆڵی، نازناوی شیعری کردە (چۆلی) وەک عاشقێکی بەڕێز و نیاز، ئاواتە خواز، بەهزری قوڵی شیعری دادەڕشت بەتەون و تیراز:

بەعیشوە و ناز

وەک مەلی راز

پڕ لە ئاواز

گوڵی ناز ناز

دڵی بردم

****

خونجەی لێوی

سینە و سێوی

ترێی مێوی

خۆخی نێوی

مەستی کردم

****

قژی زێرین

روومەت گوڵی

گەردەن زیوین

قەدی شلی

تێ ئالاندم

*****

من و سوو سوو

لە تەک کێوێ

مات بووین هەردوو

چۆن نەشێوێ

ئارامی دڵ

****

تیشکی شادی
له نێو گوڵزار
تینی زیادی
کەژی بەهار
بۆ جەرگی کوڵ

مامۆستا شێخ بورهان، بە ئاشکراو بێ پەنهان، بە هەڵوێست، کەوتۆتە دژی، شەڕی براکوژی و کوردکوژی، دەردەکەوێ گەر لە شیعرەکەی ڕابمێنین:

براکوژی لەبن بێنین
ڕەگ و ڕیشەی هەڵکەنێنین
ئاواتی گەل بەجێ بێنین
پەیامی ئاشتی بگەیێنین

ڕێی کوردانەی دیارە وەک پڕشنگی خۆر، هەروەک لە شیعری کورد خۆخۆر یان وەک کەوی خۆخۆر، وەک کوردێکی بە پەرۆش و بەویژدان، هاوار دەکات بۆ کوردو کوردستان:

هەروەک کەوی سەر شاخان
قەقپە بۆی دەچتە ئاسمان
گەر یەکێ تر بخوێنێ
ڕاوی دەنێ بە لێدان

نۆ ساڵ ئاوارەیی لە لیبیا لە شاری بەیزا، لەوێ بۆ کورد دەسوتاو دەست بە نزا، (خۆشەویستی نیشتمان)ی نیشانەیە، کە چەند دڵسۆزو بیرۆکەی کوردانەیە:

بەڵێ کوردم بەڵێ کوردم
کوردێکی سەربڵندم
سەربڵندم کە کوردم
کوردێکی ئازاو بێ گەردم
بژی بمرە لە پێناوی
نەیدۆڕێنی تاکو ماوی

بە کوردپەروەری، بە تێکۆشەری، دەری دەبڕی ناخی دەروون، لە شیعری (ململانێ لەگەڵ گەردوون):

دەشێ ئەستێرەکانی ئەم ئاسمانە بەرینە گشت ون بێ
بەڵام ناشێ ئەم سەر زەمینە بێ کوردستان ڕەنگین بێ
دەشێ گەردون بە تێکڕایی سەراوبن بێ
بەڵام ناشێ کوردستانی تیا ون بێ

لە ئاوارەیی لە لیبیا، یادی کۆنینەی کەوتۆتە خەیاڵ، نامەیەکی کراوەی نووسیوە بە شیعر بۆ مام جەلال، برادەرو خۆشەویستی یەکتر بووین وەک دەڵێن، شیعری داناوە بە ناونیشانی (بەڵێن)، لە شیعرێکی ناسک ئامێز، بە تام و چێژو بە پێز:

کاکە مامەی هێژاو بەڕێز
سڵاوێکی گەرمی بەهێز
بەڵێن وا بوو کە من و تۆ
دابنیشین بۆ گفتوگۆ
وتووێژێکی برایەتی
پڕ لە وزەی دۆستایەتی
بە یادی سەردەمی پێشوو
کاتی خەباتی ڕابردوو
ئەو خەباتەی یەکسانی بوو
خەباتی گیانی بە گیانی بوو

مامۆستا شێخ بورهان، نەک شیعر بگرە لە پەخشان، پەخشانی جوانی دارشتووە، وشەی وەک خشت ڕێک خستووە، هەر وەک دەردەکەوێ سۆزو هەستی، لە پەخشانی (پرسە)و (کێژۆکەکانی کوردستان)و (تابلۆی من و خۆشەویستی):

بەخێر بێتەوە، بەخێر بێتەوە..شیعر و پەخشانی بدرەوشێتەوە.

سەرچاوە : هۆمەری دزەیی( لە دووگردکانەوە بۆ بنی دنیا) ڕۆژنامەی باس (٣٢٠) ل١٣.

# خامۆش چرایەکی گەشاوە

حەوت ڕەنگە پەلکە ڕەنگینە، ئاسمان و بەهەشت حەوت چینە، جیهان حەوت کیشوەرە، حەوت دەریای پان و بەرینە، شەهادەی یەکتاپەرستی حەوت وشەیە، ئەوهاش خامۆش ئەو گوڵە چەهرەیە, حەوتەوانەیە، خاوەنی حەوت بەهرەیە، (ئاواز دانەر، نووسەر، وەرگێڕ، عودژەن، ڕەخنەگر، شاعیر، دەنگخۆش)، ئاخر خامۆش لەوانەیە، وەک پردی تەق تەق حەوت کەوانەیە،




ئاخر ئەو بەهرەمەندە پڕ هونەرەیە خامۆش، ئەگەر هەژار موکریانی خاوەنی (چێشتی مجێور)ە، بەڵام خامۆش حەفت ترینگەیە، ئەو کەسایەتیە گرنگەیە، لە هەوارو دەواری هونەر ئەستون و دینگەیە، ئەو پەپوولە ناسک و باڵ ڕەنگینەیە، ئازاری کەس نادات، بریندراری درەخت و گوڵ و گەڵاو هەڵاڵە ناکات، هەناوی ئاوێنەی

ڕوون و پاکە، ئیرەیی بەکەس نابات، بەدوای چنۆکیدا ڕێناکات، بە قەد چۆلەکەیەک دەخوات، پەپوولەیەو قەت زیان نادات، ڕقی لە تاوانە نەک تاوانبار، خۆی گوناهو دلۆڤان و سۆزدار، کەسی پێ ناشیرن نییە، سەرکۆنەی کەس ناکا، چونکە بەرەوشت و بەوەفایە، ناخ پاکە، ڕێزی هەموو کەس دەگرێ، هەمیشە خۆشەویستی لێ دەتکێ، چونکە دەزانێ پەنجەرەی گەورە بەبەردی بچووکیش دەشکێ.د.ئەکرەم رەسول خۆشناو، پێی وایە بێ دەنگی پڕە لە شتی نەوتراو، مەزەندەی وایە، وەڵام نەدانەوە تاکە وەڵامە، بە لێبوردن و دلین و سۆزو هەردەم بەردەوامە، ئەوجا کۆڕو دانیشتنی خۆش و بەتامە،




لە باخچەی هونەر ئارەق دەڕێژێ، هەموو بەهارێک گوڵێک دەنێژێ، شیعری وەک بارانی نمەنمە، ئاوازی وەک کۆتر بە گمەگمە، نووسین و وانەی وەک بنەوشەی بەشەونمە، شیعرو ئاوازو نووسینی پڕ وردەکاریە، ڕەخنەو خاڵبەندی یاقووت و مروارییە، موریدی حەزرەتی حاجی و شێخی خانییە، پاکو سینە ساف، بێ پەڵەی ئەرخەوانییە، ژێی

گەرووی نەرم و پــڕ ئــاوازە، ئەوەی نەیزانــێ خۆهەڵکیشــان و نــازە، گۆشکراو بە خۆشەویستی و گیانی لێبوردن، پێی وایە هونەر نەمرە، سامان کۆتە بۆ گەردن، تا نهۆ (٢٢)ئاوازی هەیە، بۆ زۆرترو زیاتر نیازی هەیە، بونەوەرێکی ناوازەیەو جیاوازی هەیە، بەڵام بەدبەختە، دەردی سەختە، قوڕبەسەر، بەدەردەسەر، بێ هاوسەر، لە کوردستان ڕۆیی، کەوتە بەرلین مۆسکۆی، هەرنەگەیشت بە مرازی خۆی، یاران پێی سەرسامن و حەیرانن بۆی، لە شیعرو گۆرانی (هەموو چرکەیەکم تۆی) ئاوازو تێکستەکەی کاریگەرە بەپێی ئاگاداریم...


ئەکرەم خامۆش کۆرسی گۆرانی

تێکچوو هێلانەی گەرمی دڵداریم
بوو بە کەلاوە بۆ یادگاریم
کە بە جێت هێشتم بۆ دەردە سەری
لە کامەرانیت کردم بێبەری

من تەونی عیشقم چنی بۆ ژینت
تۆش ئەوەندە بوو وەفای ئەوینت؟،
هاتی کە بمبەی بۆ خۆشەویستی
نەک پێم بچێژی پەژارەو پەستی
***

لە شیعرو گۆرانی (کۆتایی ئەوین) ژیانی هاوسەری پڕ لە ڕەنجان و نەگونجان و داخ و برین، قەلەندەرەی بە عەشقی خۆی ڕانەگەیی:

نامەیەکی فرمێسکاویت پێم گەیی
پڕ سکاڵا هەڵڕشتن و گلەیی

کە ویستووتە لێکتر بپێچینەوە
بۆ هێلانەی دڵداری دابچینەوە
* * *

نایەمەوە، نایەمەوە..دووبارە
بۆ باوەشی ئێش و ژان و پەژارە
کە هێشتا هەر ماوە زامی جارانم
گۆشەگیری بێ وچانی گریانم

دەتەوێ ئاسان..دووبارە دیسان
ژینم لێ پڕ بکەی لە ژان

عاشقێکی دڵشکاوە، نیشانەی خۆی نەپێکاوە، کەچی جوان پەرست و بەرهەتاوە، ئاسۆی بینینی، هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) لە گۆرانی (ڤینۆس) سەرکەوتوو بووە لە چڕینی:

ڤینۆسی یا شیرینی
یا فریشتەی ئەوینی
شۆخ و شەنگ و دڵگیرو
نازدارو نازەنینی
دەسماڵ و زوڵف و پەرچەم
شەماڵ ئەیبا بۆلای دەم
ئەم دیمەنە شیرینە
مراز دێنیتە بەرهەم
پڕشنگی ئەو دوو چاوە
دەڵێی تیشکی هەتاوە
کە جادوو لە من دەکەن
لە ژێر ئەم زولفەخاوە

د.ئەکرەم خامۆش، خاوێن و شیک و ڕێکپۆش، هەماهەنگی لە بەرگی گونجاو و بۆنخۆش، گەڕیدەی جوانییە، دەگەڕێ بە گەشت و سەردان، شیعری هەیە بە دەنگی هونەرمەندی مەزن (عەلی مەردان) سادەو جوانناسە بێ ڕادە:

ئەی شۆخ و شەنگ و پەریزادە
ئەی سەردانی منی یادە؟
کە (سادی) تۆ..کە سادی تۆ
بۆ لە سەردانی ئازادە
بەسە بەو بەندی زولفی خاو
هاوار لێو ئاڵ...مەمخەرە داو
ئیتر نەمام...ئەی نەو نەمام
وەرگێڕە ڕوو...هەڵێنە چاو

لە شیعری (کۆچ و یادی) یادگارێکە بە نامرادی، هونەرمەند (تەلعەت عارف)ی موزیک ژەن و ئاوازدانەر، ڕۆژێ لە ڕۆژان، لێکتر وڕووژان، هاوسەرەکەی دەتۆرێ، پاشان پەشیمان دەبێتەوە ڕێی دەگۆڕێ، دەیەوێ بگەڕێتەوە، لە ڕێگا لە بنی قەلاتێ، دێوەزمەی مەرگی دەگاتێ، گوللەیەکی وێڵی بەردەکەوێ و سارد دەبێتەوە، بەو گوللەیە سەر دەنێتەوە، ئەو کەسەرە لەدڵ دەمێنێتەوە، بە نیگەرانی و بەژارەو بەپەرۆش، داوا دەکا لە خامۆش، بۆیە بۆ ئەو کارەساتە هاتۆتە جۆش، ئەو بەسەرهاتە دەیهەژێنێ، هەستی شعری دەجولێنێ، بۆ ئەو کارەساتە هاتۆتەجۆش، هونەرمەند (تەلعەت عارف) ئاوازێکی بەسۆزی بۆ دەخولقێنێ، هونەرمەند(محەمەدجەزا) بە کاریگەر بۆی دەچریکێنێ، تامەزرۆی تینوی عیشق دادەمرکێنێ، ئاخر لەگەڵ قەدەر چ دەکەی:

وا دەڕۆیی و جێم دەهێڵی بۆ سبەی
ئەم دڵە دیلەش لەگەڵ خۆتا دەبەی
جێ دەمێنێ، بۆ منیش دەردەسەری
چۆن ئیتر نەگریم لە بەر بێ هاوسەری

هەر شیوەن و ئاخ و ژانە یادگاریم
ئاخ چەند تاڵ بوو ژینی کورتی دڵداریم
لە گەڵ کۆچت شیوەن بۆمن بەجێما
ماڵئاوایت کرد لە ئاسۆی گەنجیما
کە ڕۆیشتی، بە جێت هێشتم، کە ڕەنجای
لە هێلانەی خۆشەویستیم نەگونجای
بائیتر دەست لە یەخەی هیوا بەردەم
نائومێد بووم، باخۆم بگریم هەر دەم
ئەی پەری هەر شیوەن و ئاخ و ژانە یادگاریم
ئاخ چەند تاڵ بوو ژینی کورتی دڵداریم


ڕەهبەر سەید برایم کەژاڵ ئەحمەد ئەکرەم خامۆش

خـامۆش، بەپەرۆش، بـۆ زێـدو نیشـتیمانە بچکـۆلەکەی بەسـۆزە، کۆیەو کەکۆنی پێ خۆش و پێ پیرۆزە، ئەوەندە بزانم و لێی حاڵیم:

کەکۆنەکەم لانەی گەرم و گوڕی مناڵیم
کەکۆن یەکەم دایکی بە سۆزو میهرەبانم
کەکۆنە، کەم وێنە خولیای عشق و خەیاڵیم
کەکۆن (مەککە)م قیبلەی نوێژو شادەی زمانم
چەند بە حەسرەتم بێمەوە
هەند بە عەزرەتم بێمەوە
وەک بەفری بناری شاخ
وەک دەروێش بۆ شێخەکەی
لە بەر پێتا بتوێمەوە
بتوێمەوە.....

خامۆش خاڵخالۆکەیەکە خە یالاویە،ماڵی خالان نیشان دەدا، خـاڵ خالاویە، خاراوی خەم و خورپان و خەفەخانە، (خەناوی چی خوێناویە) خـاوەن قوربـانی و دوو بـرا شـەهیدە، دووبـرای قارەمـان و فەرمانـدە، (بـارام و بەهـمەن رەسـول خۆشـناو)، هەرگیـز نـاز ناکـا باسـیان ناکـا، مەگەر بەدەگـمەن، وەختـێ شـەهید بـارام کەوتە زینـدان، خـامۆش فرمێسک و شیعری دەباراند وەک باران، بۆ بارامی برای و بە مەرامی ڕامیاری وتراوە، (دوورم لە یاران) بە دەنگی هونەرمەند(قادر زیـرەک) کەوتە بەر گوێ و سەر زاران:

دوورم لە یاران دوورم لەیاران
دوورم لە خونچەو گوڵی بەهاران
دوورم لە شارو شاخ و داخەکەم
دوور لە خوناوی چەم و باخەکەم
***
دوورم لە تاڤگەو ڕووبارو کانی
دوورم لەو گۆزەی وا لەسەر شانی
دوورم لە بزەو لە پێکەنینی
دوور لەو دوڵبەری کە ناوم دێنی
***

خامۆش خاک پەرست و خۆشەویست، بە هەست و هەڵوێست و خۆنەویست، لە خەمی نیشتمان عەشق و سەروڕیش پاک چەرموو، شیعرو ئاوازی کاریگەری هەیە بۆ پێشمەرگە، فەرموو:

پێشمەرگەین هەموو
لانادەین بەموو
بۆ ڕزگاری خاک، خوێن خەڵاتمانە
ئێمە ڕێبەرانی خەباتێکی دوور
ئێمە ڕەنجدەرانی بەهێزو جەسوور
تاکو ئاڵا هەڵ نەکەین بۆ...کوردستانی سەربەخۆ
ئاڵای بەرزی سەربەخۆیی...شۆڕشی سوور
لە خەباتی چەک

## له خەباتی خاک
## ناگەڕێینەوە

ئاسۆی ئاواتی ئازادی ڕووناکە، کوردپەروەرو تێکۆشەرێکی چاک و چالاکە، گەر ئەو سروودەی (هەردەگەینێ) گەر سەرەنجی بدەینێ:

هەر دەگەینێ هەر دەگەینێ
هەر دەگەینێ چ زوو چ درەنگ
هەر دەگەینێ، هەر دەگەینێ
درێژیش بێ جەنگ
هەردەگەینێ هەردەگەینێ
بە زەبری تفەنگ


خامۆش، لە (بەرلین) و (مۆسکۆ)ش، بە دەرپێی ئاودامان (دەرپێی سەرخەرمانان)و کڵاوی پوولەکەدار، لە نانــدێنێ بۆخــۆی دەکەوتە خزمەتگوزاری و کار، ماڵەکەی پڕ پریسکەو ئەشمەکی کوردەواری، لە گڵەسەرو بەردە یاپراخ و کەشک و دۆینەو داندۆک و گەنمەکوتاو هەرشتەو ساواری، هەگبەی سوورو قورسی سەرشانی پڕ ورتکە شت، کە نۆتەی موزیک و تیلمەی کاغەزی بەتێبینی، سەری مارو هاری تێدابوو، هەمیشە پڕ ئیش و بێ وەخت و سەرقاڵ، ماڵ و هەگبەی وەک دوکانی بەقاڵ، پیاوێکی پەرش و بڵاو و پاراو، بەرهەم زۆرو کەم بەرچاو، خــۆی بە بەرزتــرین پێــوەر بەراورد ناکــا، چ هونەرمەنــدو بەهرەوەرە، پێی مەزن و چاکە، بە سۆزو بەزەیی و فرچک دراو هەر لە ناو لانکی، گەورەترین مامۆستاو خۆشەویسترین کەسی بوو دایکی، خامۆش نە کش و مات و نەکوژاوەیە، وەکو ئەستێرەیەکی گەشاوەو

بــوژاوەیە، ئەو گــوڵاوەیە، گوشــراوی باخێــک گــوڵی ڕەنگــاو ڕەنگــی بۆنخۆشە، بە ناو خامۆشە، دەنا بە ناوەرۆک گەش و بەجۆشـە، پـوختە، خــامۆش پەپــوولەو خاڵخــاڵۆکەو ئەســتێرەو گــوڵ و گــوڵاو و حەفــت تــرینگە، بە توانــاو بەهرەکــانی دەزانــی چەنــد گرینــگ و زریــنگە، خامۆشەکەم ئەی هونەرمەندە بە هەست و هۆشەکەم.




ئێوارە کۆڕیکی شیعری بۆ عەبدوڵڵا پەشێو-بەرلین- زانکۆی هامبۆرگ

# جۆبار
# ڕووبارێک لە شیعر بە شنەی ئاواز



گوڵەگەنمێـــــک لە کۆیـــــەی خەرمـان بەرەکەتە، جەلال جۆبـاری شـــاعیری بە قـــامەتە، جەلال مەلا سەعید بە بنەچەو ڕەگ، لە هۆزی خۆشـــــناوانە نەوەی خـــــدر بەگ ئـاوڕێ، بـۆ گونـدی ئـاوڕێ، خـدر بەگـی گونـدی ئـاوڕێی خۆشـناوان، ڕووی کـــردۆتە شـــاری کـــۆیە لە تـــاوان، خـــزم و کەس و کـــاری هەمـــووی مـــردوون، بە هـــۆی نەخۆشـی کوشـندەی تـاعوون، خـدر بەگ بـاپیرە گەورەی جەلال جۆبـار خـۆیی و خوشـکێکی بـۆ کـۆیە هاتوون، جەلال مەلاسەعید حاجی محمد خدر بەگ (جۆبار) لە شاری کۆیە، لە دایک بووی ساڵی(١٩٢٩) یە، تەمەنی چوار مانگ بووە لە پشـتی بێشکە، کە مەلا سـەعیدی بـاوکی کـۆچی دوایـی دەکـا، جۆبـار بـــاوکی خـــۆیی نەدیـــوە، ناویشـــی نەزانیـــوە، لە گەمەی کـــۆڵانێ لە (هێشوانێ)، ناوی باوکی خۆی دەزانـێ، نە لە قوتابخـانە نە لە حوجرەی فەقێیـان نەیخوێنـدووە، بە هـۆی برادەرەکـانی کە چـوونەتە مەکـتەب خۆی فێری خوێندەواری کردووە:

نه حەرفی مەکتەبیکت خوێند، نەئوستازێ پەلی گرتی
سەربەرزی زەکا (فێره خوێندەواری کردی)

جەلال جۆبار، کورە هەژارو نەدار، ناچار بۆتە شاگردو کرێکار، سەرەنجام لە ساڵی(١٩٤٨) بۆتە دووکاندار، دووکانەکەی پڕ چەکوچ و گازو ئەڵقەڕێزو بزمار بوو، بەڵام باخی ئەدەب و گوڵ و گوڵزاربوو، قۆمرغانەی سیاسەت و باس و خواس بوو، با وجوودی ناس و ئەجناس بوو، کانی سرۆشانی، شیعرو جۆشانی، بە تەوژمی نەتەوایەتی و ئاگری عاشقایەتی، هاتۆتە ژان و هەژان و پژان، بۆ ئەویندراری و ڕامیاری، دژی داگیرکەرو خوێن مژان، ڕامیاری وشک و دڵداری تەڕی لەیەک بۆتە قاڵ کردۆتەوە، شەلەگەی جۆگەی شیعری بە نیشتمانی و ئەویندراری هەڵبەستۆتەوە، یەکەم شیعری دەبێتە گۆرانی و جێی باس، بە دەنگی هونەرمەند حەمەدەمین عەباس، بە نازناوی جۆباری، شیعر دەکاتە دیاری، کانی شیعری دێتەدەر:

چووک شیرینی ڕەنگ ئەسمەر، برۆ پەیوەستی دڵ پەروەر
ئەی ناسکەکەی دەشت و دەر، بۆ تۆم وێڵ و دەربەدەر
گەرچی من سووتاوی تۆم، لە زنجیرو داوی تۆم
بەستەی زوڵفی خاوی تۆم، تۆش ڕەحمت بێ ئەی دلبەر
هەرنەبێ بەیەک پرسیار، نابێ بپرسی یەک جار
برینی جەرگی جۆبار، خۆت پارەت کرد بە خەنجەر

ئەویندداربووە بە جوانی، گوزارشتی لە دڵداران کردووە لەوەختی ژووانی:

| | |
|---|---|
| بە چاوی چاوەڕوانی، | لە ڕێی یارم دەڕوانی |
| کاتێ لەپڕ پەیدا بوو، | دەرکەوت بەڕەوتی جوانی |
| کە هات بە دیدە بازی، | منی خستە پێشوازی |
| ڕەفتاری ئەوینداری، | شێتی کردم شێوازی |

شیعری گۆرانی زۆرە، لەو شێوازەو بەو جۆرە، نازدارێکی کردۆتە نیشانە، بەو ناو ونیشانە:

یارم بێ شانە، پرچی پەخشانە، بەسەر کۆڵوانە، شاڵی سەرشانە.

جۆبار بە خۆشەویستی ساڵی(١٩٥٢) زەماوەندی گێڕاوە، خوا چوار کچ و سێ کوڕی پێداوە، ئەوین کازیوەی ناخی دەروونە، بەمراز گەیشتن کۆتایی عیشق و خۆرئاوا بوونە، جۆبار بە مرازی خۆی گەیشتووە، بناغەی خێزانی بە خۆشەویستی داڕشتووە، نۆبەرەی کوڕ بووە بەڕێکەوت و بە قەدەر:

ڕۆڵە ئارام تۆش ئەوا ڕێگەی ژیانت کەوتە بەر
پڕ لە ئاژاوەو غەم و کۆسپەو هەزاران دەردی سەر
جا وەرە گوێ بگرە بۆ وەعزم هەتا بۆت دابدەم
بۆت بەیانکەم پەیڕەوی ئینسان کەوا هەبێ لەسەر
خاوەنی عیلم و شەرەف بۆ گشت کەسێکی لازمە
پاک ڕەوشتی و خوێندنە سەر بەرز ئەکا دائیم بەشەر

دەسـەڵاتداران، بە درێژایـی زەمـان، کۆیەیـان گچـکە کـردۆتەوە، جۆبـار ساڵی(١٩٥١) داوای کـردووە، کـۆیە بکـرێ بە لیـوا، شـیعری بـۆ هۆنیوەتەوە، ئەو دەمە کۆیە بێ جادەو بێ کارەبا بـوو، ئاسـۆی ئاوەدانی لێ ئاوابوو، بۆیە هاتۆتە هەڵوێست و گۆ:



جەلال جۆبار و هاوژینەکەی ( فەهاو مەحمود)

پڕ لـە سـەیرانـگای شایان بـەر نیگایە شاری کۆ
جـێگـەی رابـواردن و کـەیف و سـەفـایە شـاری کۆ
داخـەکـەم دەردی گـرانـم ئـەمـیەتـی پـێ نـادرێ
زۆر لە دەست بێ ڕێگە ژێرباری جەفایە شاری کۆ
شارێکی وا کۆن و ناودار لـە مـێـژوودا دیــــــار
هـەر لـە بێ بەشبوونی جادەو کارەبایە شاری کۆ

گـەر بکەن خزمـەتگوزاری جـەنەتە کـەم جـێگەیە
ئەمـە قـەزایە بەڵکـو هـەر مـافی لیوایە شاری کۆ

شیعرەکانی جۆبار پڕ ئاوازە، بۆ موزیـک و سازو نەوازە، لە شـنەی گۆرانی و ئاوازا پشکی شێرە:

دلبەرێ وا لەو ژێرە، مانگ ڕووەو چاو ئەستێرە
تیروەشێنی نیگاکەی، لێ دەدا بەبێ سێـرە
ڕۆینی پڕ لە لاری، ڕوومەتی گەشـەداری
بەژن و باڵا لێهاتووی، هاندەرن بۆ دڵـداری

لە ئـاوازو گـۆرانی مەلێکـی داودۆزە، ئـامێری میـوزیکی پـێ خـۆش و ئاوازی سرووشتی پێ پیرۆزە:

بۆم بڵێ تۆزە تۆزە، بەم دەنگەپڕ لە سۆزە
بەزمت خۆراکی گیانەو شادی دڵی ئاڵـۆزە
لەگەڵ ئەم مۆسیقایە کە شایەنی سەمایە
لێدەن لە دەف و عوودو کەمانجەو تەپڵەو نایە
بە ئاواز و گۆرانی لەگەڵ شنەی بەیانی
بەسـەرمان بپرژێنە گولاوی شـادومانی

دیمەنـی کوردسـتان و جـوانی نـازداری ئـاوێتە کـردووە، وەسـتایانەو شاعیرانە پەی پێ بردووە:

(هەڵسە شۆڕێ)ی چەند جوانە،

هەڵسە شۆڕێ بڕوانە، جوانی ئەم کوردستانە
ڕوو دەکەیتە هەر لایێ، بەزم و شایی و سەیرانە
هاژەی جۆگەو ڕووباران، جریوەی مەل و هوزاران
لەرەی درەخت و چناران، مرۆڤ شاد و حەیرانە

بەکامێرای وشە، کوێستانی قەندیلی نەخشە کێشاوە، نەخشی هێناوە، شاعیرانە سەرنجی داوە، شارەزاو وردەکارانە، بە چاوی شیعر گەڕاوە:

با بچینە کوێستان بۆ گەشتی ئەم ناوە
جوانی جیهانی خوا بەم شوێنە داوە
لە چلەی هاوینا نەو بەهار ببینە
قەندیل مەندیلی هەر فڕێ نەداوە،

شیعر خۆراکی گیان و دڵ و دەروونە، شیعری جوان بەهای بەقەد گەنجی قاروونە، زانست و زانیاری کلیلێکن هەموو دەرگاکانی پێ دەکرێتەوە، مرۆڤ باخچەوانی باخی خۆیەتی بەروبوومی دەچنێتەوە، موی سپی بە بەهای ڕۆح دەکڕدرێت، خولەک و چرکەی ژیان تیخە تەمەن دەبڕێت، پێش ئەوەی پیر بین نەچین بەرەو پیریەوە، گەورەترین ئازادی، ئازادی هۆش و بیرە، بە ژیریەوە، تا لە نرخی

ژیان دەگەین، نیوەی تەمەنمان بەسەر دەبەین، نابی ژیان کۆت و زنجیر بێ:

هەتا گەنج بووم نەبوو پیریم لە بیر بێ
کەچی ئێستا ئەوا پیریم بە پیردێ
لەلام وابێ هەتا سەر وا دادەمێنم
بە شۆخی خۆم بە پەنجە داتەکێنم
سەرو ڕیشم سپینە چەشنی کافوور
وزەی چاوم نەماوە بۆ شتی دوور

جەلال جۆبار، شیعری بۆتە کەبار، مرۆڤ بەدەست چەرخی زەمانە پەرێشان و پەشێوە:

زەمانە چەرخی گەردوون چۆن دەسوڕێ سەیرکەن ئێوە
کە چەند دەورو دوکان تێک چوو بزر بوو چەند هەزار شێوە
مەنازە قەت بە ماڵ و گەنجی دونیا ئەی مرۆڤ چونکە
کە مردی لەم هەموو چشتە دوو سێ گەز جاوەکەت پێوە
کەوابوو تاکو ماوی هەر لە تۆ وەسیەت بێ ئەی جۆبار
حەقیقەت چۆنە هەردەم تۆ زوبان بەم جۆرە ببزێوە

بەڵام مەلا عبدولرەحمانی موئەزینی مزگەوتی گەورە، لەجیاتی ئەی جۆبار، لە کەبار دەیگوت: ئەی غەدار، جۆبار لێی دەپرسێت: بۆ وا دەڵێی؟ مەلا عەبدولرەحمانیش دەڵێ: دوکانت نزیک مزگەوتی گەورەیە، لاق لەسەر لاق دادەنێی، نوێژ ناکەی، سوژدە بۆ خوا نابەی، بۆیە دەڵێم ئەی غەدار، بە ڕاستی جۆبار بە هۆی زیرەکی و هۆشیاریان، مەولوودو موناجاتی دینداریان، گۆڕی بۆ بواری، رامیاری و

ئەویندارى، بەهۆى مەولود خوێن مەلا کۆرە، شیعرو هۆنینەوەى زۆرە، لە باخچەى وێژە داهێنان و گوڵچنینە:

کوردستان چەند شیرینە، جەنەتى ڕووى زەمینە
خوایە هەر ئاوەدان بێ قەومى کورد جێ نشینە

جۆبار شیعرە سیاسیەکانى ئاسۆى دەم کەلە، بۆ ڕێژەو بەرژەوەندى گەلە:

پارتایەتى رامیارى بۆ خزمەتى کۆمەڵە
نەک بۆ بەربەرەکانى و ڕەفتارى پڕ لە هەڵە
ئەم ئەرکە زۆر پیرۆزە، لەسەرشانى دڵسۆزە



ڕەهبەر سەید برایم جەلال جۆبار

جۆبار بە دڵسۆزی و پاکی کوردایەتی کردووە، لەساڵی(١٩٤٨) لە خەبات و پارتایەتی بووە، ساڵی(١٩٥٢)و ساڵی(١٩٦١) گیراوە، چواردە بەندینخانەی پێکراوە، لە ژیانی خەباتی سیاسیدا دەربەدەربووە، پەڕاگەندەی هەڵشۆو سەردەشت و پشدەر بووە، وەک زۆربەی چارەنووسی شاعیرانی کورد، شیعرەکانی سوتاوەو ون و فرێ دراوە، جۆبار دوو جار پەڕاوی شیعری سوتاوەو فەوتاوە، جارێک لە باخچەی کۆیە، لەگەڵ پووش و کەپرو پەڕتووکی شیعری ئاگری تێبەر دراوە، جارێکی دیکەش، لە سەردەشتێ بەدەستی کۆچەری کچی پەرتووکی شیعری سوتاوە، بە جۆگەی ئاوێ دادراوە، ئەوەی ڕابردوو لە دەست بدات، جڵەوی ئایندەش لە دەست دەدات، دوێنێ مێژووە، سبەی نهێنییە ئەورۆ دیارە، ئەوە زەمانەو دەوران دەوران و ڕۆژگارە، جۆبار بە پەرۆشی و بیرو باوەڕی کوردایەتی (ڕێز لە کورد) شیعری دارشتووە بەو نییەت پاکییە:

میللەتانی ڕووی زەمین ڕوویان بەرەو ڕووناکیە
میللەتی ئێمەش لە تاریکی و کەسادی تاکیە
هەر خەریکی بوغزو قین و فیتنەبازی ناوەخۆن
تا وەها بن هەر ژیانیان ژان و پڕ غەمناکیە
کەی دەبێ ئەم جۆرە ناپاکیە لەناو پاک بێتەوە
زەحمەتە جۆبار مەگەر ئەم ئاخە بۆ ژێر خاکیە




جۆبار دۆست و خۆشەویستی مام جەلال بووە، لەگەڵی دراوسێ و یەک ماڵ بووە، شاعیرێکی دیاری کوردەوارییە، شیعرەکانی ڕامیاری و دڵدارییە، بە سرووشت لە ئەدەبی میللی نزیکە، پاراوی فۆلکلۆری کوردی و خەزنەیەک لیریکە، خۆشخەیاڵ و هەست ناسکە، شاعیرێکی خۆماڵی و خۆڕسکە، جۆبار نەک هەر جۆبارە، بەڵکو ڕووبارە، هاژەی تاڤگەی شیعرەکانی دیارە، چیرۆک و نووسین و شیعری نایەتە ژمارە، لە برادەرو ڕەفیقان مزگێنی بێ بەسەرکردنەوەی گوڵبارانی جۆبارە،

سەرچاوەکان:
-دیوانی حاجی قادری کۆیی.
-شنەی هەیبەسوڵتان.
-بە بەختی حاجی.
-دیوانی گۆران.
(١) ئاماژەیە بۆ شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی

# (سێوە)و (وارێ) گورێی ژاکاو

لە بەرزایی لوتکەی موزیکی دۆڵی سماقوڵی، لە کۆتایی دەشتی کۆیەو بازنەی زێی زێڕین و بەستی شەرغە بەشاقوڵی، تا چوارچێوەی چیای گۆڕقەرەج و باواجی و هەیبەسوڵتان و ئاوەگردو کەکۆن، کانگاو پێگەی ئاوازی ڕەسەنی کوردییە، بە ئاوازی ریتم و هارمۆن، ئەوەی ڕوونە، بۆ نموونە: ڕەشیدی حاجی عەبدوڵڵای میرزا عەزیز ناسراو بە (ڕەشۆڵ)، دانا عەبدولجەبار، ڕەنج هەڵەبجەیی و ئاواز حەسەن و پەیمان عومەرو حەمە ڕانیەیی و ئەردەلان بەکر... ئەو هونەرمەندە ناودارانە خەڵکی شاری کۆیەن، لە ناو گڕی گەشاوەی ئەو پشکۆیەن، هونەرمەندی بزرو گومناو:

وەسفیە مستەفا خۆشناو، یەکەم کچە کە گۆرانی سیاسی لە کۆیە



کرده باو، جاران کۆیه هۆڵی تاقیکردنەوەی خۆشخوان و گۆرانی بێژان بـوو، یـانەی ئەدەب و هـونەرو سـەکۆو مەکـۆی بـوێژان بـوو، ژووری کەیفێ هەبووە، لە پلەی پەسندیی و ڕالیبـوون، دەدرا بە هونەرمەنـدان، تاک تاک و بەگرووپ دەهاتنە کۆیە، وەک: سەید عەلی ئەسغەری، ئەحەی ناسـر، کـاوێس ئاغـا، شـەهاب هەولێـری... ئەو هونەرمەنـدانە مەزن و دیـارو لێهـاتوو بـوون، بە مەبەسـتی هـونەرو بەزم و ڕەزم بـۆ ژووری کەیفـێ هـاتوون، بنەمـای سـەرەکی ئـاوازو مەقـام و سـروود، لە کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئاهەنگی مەولـوود، هێلانەی نەغـمە خوانـان بـووە، گوڵزاری پڕ هوزاری جوانان بـووە، لەو هونەرمەنـدە گەورەو دەگمەنـانە، کە سـەرکاروانچی ڕەسـەنانە، بەم شـێوەیە، کە سـێوەیە خـواجە یەلـدا سـلێوە، کە ناسـراوە بە(سـێوە)، لەسـاڵی(١٨٩١) لە شـاری کـۆیە لە گەڕەکی دیانان، هاتۆتە ژیان و کەوتۆتە ڕێوە، ساڵی(١٩٠٢) لای قەشە حەناو قەشە گۆرگیس ڕەبەن، بنچینەکـانی ئـاینی مەسـیحی خوێنـدووە، زمـانی کلـدانی و عەرەبی و فەڕەنسـی، فارسـی فێربـووە، لە کـن قەشـە سووره خوێنـدنی تەواو کـردووە، لە پاشـا بـۆتە شەماشـە، سـاڵی(١٩٠٣) خواجە یەڵدەی باوکی سێوە مردووە، بۆ بژێوی ژیـان، سێوە پەنـای بـۆ کـار بـردووە، بـۆتە شـاگردی موڕێسـی جـۆلایی لە کـن وەسـتا خـواجە یوسف، لەوێ عەشقی وارێ گورێی کچی خـواجە یوسف بـووە، خـواجە ڕۆیی بەجێ شوێنت داهات، خواجە یوسـف وارێ بە سێوە نادات، ئەو عەشـقە نەمـره کە ناگـات بە ئـاوات، سـەرەنجام وارێ دەمـرێ توشـی سیل دەبێ، سێوەی عاشقی هیوابڕێو و سووتاو و زەلیل دەبێ:

پیرۆزی دیانان مەڕبێن قەدیشە
شێخی دێرێشە و (محەمەد)یشە
خاچی کەنیسەی خەڕەکی دیانان
مەی و مووڕێسی گەڕەکی دیانان
ئاگری پاییزە جەژنی هێلکە و خاچ
ئێدۆخ بریخە بە باوەش و ماچ،
کوپەی شەڕابی کۆنی (کەنیسە)
هی (هێلان)ەیە و دەستی (هەنیسە)

سێوە هونەرمەندێکی مەزن و مەقام بێژ، خاوەن ڕێبازێکی تایبەتی و بەهێزو بەچێژ، مەقامەکانی لەسەرچاوەیەکی قووڵ و قایمی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاون، بۆیە لە ناخی دەروون و ویژدانی خەڵک چەسپاون، گۆرانی مەقامەکانی ڕەسەنن، خۆش زاراوەو شیرین و گوڵەسەمەنن، پڕن لەکێشەی لاوان و ئەوین و ڕاستگۆیی و وەفاداری، پڕن لە سرووشتی کوردستان و مێژووی کوردەواری، ئەوەل سەحەرە، سیحری هونەرە، بەو دەنگە ئەفسوناوییە، بەو گەرووە ئاگراوییە، خارە سێوە پەڕپووت بوو بە شێوە، هەژارو نەدارو بەرگ شڕو دەست کورت، هەروا بووە، گوزەران و چارەنووسی هونەرمەندانی کورد، هەرکەسانێکی شۆڕەسوارە مەزنەکەی من ناناسی، ئەوەتانێ ژیانی بردەسەر بەهەژاریی و قوڕبەسەری و کەساسی.

سەد حەیف و سەد مەخابن لەوێ کۆنە دنیایە
هونەرمەندەکی وامەزن لەسەر لوتکەی هونەر دایە
حەیفە بمرێ بە هەژاری و نەداری
قەدرزانێ نەبوون بە کڕیاری

نەمر خارە سێوە، هەر شەکرە سێوە، شەکرە سێوێکی مێخەک ڕێژ، قەد کۆن نابێ درەوشاوەیە وەک ئەستێرەی گەلاوێژ، پووتێ مامی سێوە بووە، حەنیلەخڕە ئوستازی سێوە بووە لە مەقامات، دەنگی سێوە دەلەریـیەوەو وەک پـۆلا دەنگـی دەهـات، وەسـتایانە لە ئوسـتازەکانی فێربــووە، زۆر کەس بە ســەدای ســێوە خەوی لێکەوتووە.کۆیـــــــە مەشخەڵانی گڕە.


فێرگەی هونەرە، خۆشخوانی پڕە
مەربێن و پووتێ حەنیلـــــە خڕە
مەربێن سلێوە و شەعیە و ئەبرەها
شاگردی سێوەن بە ژێ و چەهچەهە

گـۆرانی و مەقامەکـانی خـارە سـێوە لێـوان ڕێـژن لە ڕەسـەنایەتی، تۆمارو سیمفۆنیایەکی ڕاستگۆییە لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ڕەسەن، مەقامەکانی گۆرانی بە تامەکانی مـوڵکی کوردن، بـۆ کـورد گـوتراون، وەستایانە بە کەرەستەی کەلەپووری کوردەواری داڕێژراون:

ئەگـەر جەلادان دەگرنـەوە چـــارگۆشـــەی مەیــدانێ
وارە گورێ بە کەم کەس دەگوترێ و کەس وەک ئەو ناتوانێ
لە گورێ لە سوورە گورێ لە نارنجێ لە تورنجێ لە لیمۆیە
هەرگیز وەک خارە سێوە پەیدانابتەوە لە کۆیە

ئەم هونەرمەنـدە ڕەسـەنە لە تەمەنـی حەفتـاو سـێ سـاڵی(١٩٦٤) بـنەو بارگـەی پێچـایەوەو لە گۆڕسـتانی هەرمـۆتە بە خـاک سـپێردراوە، کـوڕو کچێکـی لە پـاش بەجێمـاوە: پـۆلس و هەنیسـا.نامرێ دەنگـی دەمێنێ لەگەڵ زەنگی کەنیسا.

# (شـارەزا)ی ڕێگەی دوور



حەزرەتی حاجی قادری کۆیی و جەنـــــــــابی مەلای گەورەو مەزنـایەتی قاسـدو ئەخـتەر، ڕوونە وەجاخیـــــان، تەماشـــــای وەچەو شـــــاگردیان و گەورەو گەشـــــە باخیـــان، لە داهێنـــان و بەهـــرەو هـــونەرو ئەدەب پـــڕاو پـــڕ بـــووە ناخیـان، کـۆیە خەرمـان بەرەکەتە خاوەن زۆر ئەستێرەی پڕشنگدارە، مێـژوو هەرگیـز بە بیـری نـایە لە کەیەوە شارە، خاکەکەی بە بڕیارە کـۆیە، بەپیـت و بەهـات و بەتـۆ و شـۆیە، هەر کـوچەو کـۆڵانێکی چرایەکـی لـێ دەدرەوشـێتەوە، لە هەر کاولەخانوویـەکی گەنجیـنەیەک دەدۆزیــتەوە، کــۆیە گەورە بیــر دەکــاتەوە، بــۆیە گــرەوی خــۆی زۆر دەباتەوە،

مـرۆڤە ژیرەکـان، ڕۆژە زێڕینەکـان دەژمێـرن، ویژدانـی مێـژووش کەسایەتییە مەزنەکان هەڵدەبژێرن، یەک لەو گوڵە جوان و ئەستێرە گەشانە، کەریم شارەزای بەنـاوو نیشـانە، کەریـم مسـتەفاغای حەمەد ئاغـا، بەرزو بەهێـز لە گیـانی ناخـا، ڕەسـەن لە بنـاغەو وەجاغـا، بـاوکی

کەریـم شـارەزا، لەگەڵ ئەمیناغـای ئەخـتەر دەبـنە خـاڵ و خوشـکەزا، کەریم شارەزا دەبێتە برای دلزاری شاعیرو خوشکە فریشتە، ئەوەی ڕۆژ مێژووەو تۆماری یاداشتە، لە دایک بووی (١٩٢٨/٣/٥)ە, لەشاری کۆیە لە گەڕەکی هەواوان، هاتۆتە ژیان و گریان و بەرچاوان، هەر لە کـۆیە سـەرەتایی و ناوەنـدی خوێنـدووە، سـاڵی(١٩٥٠) خـانەی مامۆسـتایانی لە بەعقـوبە تەواو کـردووە، لە(١٩٥٠/١٠/٩) لە شـاری کـۆیە بە مامۆسـتا دامەزراوە، لە سـەر هەڵوێسـتی سیاسـی ڕەوانەی (شەترە) کراوە، ساڵی(١٩٦٦) بۆ (مەخمور) گوێزراوەتەوە، ساڵی(١٩٦٨) لە شـاری هەولێـر گیرسـاوەتەوە، (٢٠) سـاڵ مامۆسـتاو (١٢) سـاڵ بەڕێـوەبەر بـووە، پەروەردەکـارو ڕێ نیشـاندەرو ڕێـبەر بـووە، لە هەر کوێیەک بووبێ لە ئەدەب و هونەر دانەبڕاوە، سەردەمێک سەرۆکی لقـی هەولێـری یەکێتـی نووسـەرانی کـوردی پـێ سـپێردراوە، کەریـم شـارەزا، لە نووسـین بە توانـاو تـین و ئـازا، تـومەز مەزانە، لە بـاخی (شـەمە)و شـیوی (ڕەزان) ، لە سـایەی (بـاواجی) و هەیبەسـوڵتان، لە باخی گـوڵان و نەغـمەی بولبـولان و مەلـی سـەر چـڵان گۆشکرابوو، لە کەش و هەواو ژینگەیەکی وێژەیی خولْقابوو، بۆیە دەواری لە هەواری گـوڵزاری بەهـرەو هـونەر هەڵـدابوو، گیـو موکریـانی نەمـر نازنـاوی (شارەزا)ی لێنا بوو، کەریم شارەزا، کانییەکی ڕوون بوو لە باخ و ڕەزا، هەر هەڵـدەقوڵا لە چـوار وەرزا، شەسـت سـاڵ بـاخەوان بـوو بە دڵ و بەگیـان، بە (ڕێـگەی دوورو ئـازادی و ژیـان)، بە تـوێژینەوەی (کـۆیەو شـاعیرانی)، نووسـین لەسـەر کەسـایەتی و ڕەوشـنبیرانی، مەقامەکـانی (سێوە)، دایناوە بە وردترین شێوە، پێـی وێـراو توانی، بەو پەڕی جـوانی،

لەسەر (نالی و زمانی) کتێبەکانی پڕە لە وردەکاری، لە (پەندی بەراوردکاری) لە پێداچوونەوەی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) وەستاو کارابوو لە وردیدا، (ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا) بە خامەی دەستی، بە هەست و نەستی، لە پێشەکییەکەی (گوڵی سەربەستی) لە باخی وێژە بە بژارچنی گوڵی جوانی چاند، ڕەنجیدا، لە تەمەن و گەنجیدا، گوڵاوی پڕژاند، ڕەونەقیدا، شەفەقی دا بە ئەستێرەی بەهرە، کەریم شارەزای کارامەو گوڵ چەهرە، لە ماوەی ژیانیدا بە خامەی خۆیی و کاری هاوبەش، چل کتێب و نامیلکەی کردۆتە دیاری و پێشکەش، (١١)کتێبی چاپکراوە، (١٤)دەستنووس، لە فەرهەنگی وشەو زمان و ڕێنووس، ئەندێشەی باش هەڵقوڵاوی ناخ خاوێنە، بەرهەمەکانی جوان و کەم وێنە، (کەریم شارەزا) زێڕ بوو لە کانگەی کانزا،ساڵی(١٩٥٢) یەکەم شیعری بڵاوکردۆتەوە، پێشتر گوڵە شیعری چنیوەتەوە، شیعرەکانی چێژ بەخشن، نووسینەکانی وردو بە نەخشن، سروودەکانی بە جۆش و شۆڕشن، بە سروودێکی ئاگرین، زەمینی هێناوەتە لەرزین:

هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین،
هەروەکو بووڕکانی گەرمی ئاگرین.
کەوتە کڵپە داری ژینی دوژمنی،
کرد بە زوخاڵ هەر لە پۆپەی تا بنی
کەوتە گڕ سووتاندی گیانی خوێنمژی،
بۆ ئەوەی میللەت بەسەربەستی بژی.

لە(١٩٥٦/٦/٥) سروودێکی دەدرەوشێتەوە، وەک ئەستێرەی گەش، بە جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانە:

لە خەو ڕاپەڕە، هەستە بەیانە
کاتی هۆشیاری و هەوڵی ژیانە
******
خۆر شەفەقی دا بەڕەنگی پاکی
تاریکی بەزاند بە هۆی ڕووناکی
بە تۆپی شادی ڕما غەمناکی
تەمبەڵی و سستی کەوتنە هیلاکی
******

لە کۆیە لە نەورۆزی ساڵی (١٩٥٨)، وەک هوزاری شاخ و باخ و دەشت، بە مەستی و سەربەستی هاتۆتە کوڵ:

نەورۆزە مەستم بەنەغمەی بولبول

مەستم بە عەتری بنەوشەو سومبول

شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین

سوورم بە شڵپەی شەپۆلی زیوین

لە(١٩٦٢/٢/٢٥)، لە (شـەترە) نـامە شـیعرێک دادەنـێ بـۆ مێـژوو، وەک ئاوارەی دوور وڵاتان:

بەڵام خۆم لێرەو گیانم لەلاتان

دەسوڕێمەوە وەک مەلێکی جوان

بەسەر قەندیل و هەیبەسوڵتانت

بەناو دیمەنی باخ و ڕەزانت

چەنـدان شـیعری جـوانی، بـۆتە سـروودو گـۆرانی، هەروەک (ئەی دڵەی زامدار، تـۆی نـازەنینم، ئەڵـێن جـوانە شـۆخ و شـەنگە کیـژی ئەو دێیە، شـیرین گیـانی شیرینم، ئەی چـرای گەش چـیمەن، تـۆ بـەنازی، گیانەکەم فاتم، نەورۆزە مەستم، شاری کۆیە خاکی پاکی خۆش هەوار، ئەی نەتەوەی کەیخەسرەو و کاوەی دلێر، لەخەو ڕاپەڕە...هتد)، مرۆڤی داهێنەرو مەزن هەرگیـز ناپـاڕێتەوە، نـانوزێتەوە، پێویسـتی بە خەڵات و پیاهەڵدان نییە، هەر بەرز دەبێتەوە، نووسین لەسەر (٤٠٠) کەسایەتی، ئەوە بەرهەم و سـەرمایەیەتی، میراتـی کەریـم شـارەزای کـوڕی مستەفاغا گـوڵ و پەپـوولەو وشـەو کتێـب و نووسـین و بـاخە، گەرچـی بـاخی (شـەمە)و (ئـۆمەر خوچـان) و زەوییەکـانی بەر مەڵبەنـدی، لە ئەژدادەوە موڵکیان بوو، بۆیان مـابۆوە، بەڵام خێریـان لـێ نەدی، کەریـم شـارەزا لە سـاڵی(١٩٦١) مـاڵی لە کـۆیە نەمـا، لە شـەترەو مەخمـورو

(٤٧)ساڵ لە هەولێر ژیا، بەڵام لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە کۆیە نێژرا، لە کۆیەش نەبوو بە ڕۆح لە کۆیە بوو لێی دەکۆڵییەوە، هەمیشە خەمی کۆیەی بەکۆڵیەوە، بە ئاشکرا وتوویەتی بۆیە:

(خەرمانەی خەمی شارەکەی کۆیە
ئەورۆ بەجارێ لە دڵما کۆیە
پێی وابووە کۆیە بەهەشتە و لانەی یادگار:
شاری کۆیە خاکی پاکی خۆش هەوار
تۆی بەڕاستی جەننەتی پەروەردگار

زۆربەی ژیانی لە دووری کۆیە بەسەر برد، بە ماڵ نەگەڕاوە تا کۆچی دوایی کرد، لە (وەڵامی دۆستێک، شیعرێکی بەسۆزی داناوە بەو هۆیە:

پێم دەڵێی: ((بۆچی ناچییەوە کۆیە؟
خۆشاری کۆیە هەوارگەی تۆیە.
جێی هەزار ساڵەی باب و باپیرتە
سەرچاوەی هۆش و باوەڕو بیرتە،
بێشکەی منداڵی و دنیای شادیتە
جەرگەی خەباتی دڵ ئازادیتە،
بەهەشتی ژینی کامەرانیتە
سەیرانگەی تافی نەوجەوانیتە
ڕوو بکە باواجی و هەیبەسوڵتانت
مەست بەخۆشی باخ و ڕەزانت

له کاتی پێویست بۆ گەشت و دیدەنی و بۆنەو پرسە سەری لە زێدی خۆی داوە، بەڵام بە ئێجگاری بۆ کۆیە نەگەڕایەوە، تا دوا هەناسەی ژیانی:

ئەچمەوە شاری شیعر و جوانی
ئەژیم بە خۆشی و بە کامەرانی


بەڵام بە داخەوە، بە نیگەرانی لە ناخەوە، (٢٠١٥/٥/٢٣) لە مانگی بەختە باران، بە ئێجگاری دوورکەوتەوە لە خزم و یاران.(ئەمجارەش کارمان لە کار ترازا) دڵزاری کردین مەرگی شارەزا، بیلالە فەندی هاوڕێی لە هەمان ڕۆژی مانگی بەختە باران، کە شارەزا شیوەنی بۆ گێڕاوە، کەچی کۆچیان کرد لە یەک کاتدا هاوزەمان، مرۆڤێکی ئاسمانی بوو، دەروون سپی و نموونەی جوانی بوو.

کەریم شارەزا، وشک نەبوو تا ڕۆژی حەشرو جەزا، ئەزقەزا، ئاواتی نەهاتەدی، چاوی لێکنا بە ئەبەدی، دەوڵەتی کوردی و زمانی ستانداری کوردی نەدی، ئاشتی خوازو ئازادی خواز ئاشتی خوازو بەشێواز بوو، ناوازەو جیاوازو بێناز بوو.

ڕێزو درودو نزا، بۆ ڕەوان شاد کەریم شارەزا.

# خوڕەی خوێنی شەهیدەکانی کۆیەو شەهید شێروان

پێشمەرگەی کورد بووم بە مەردایەتی
گیانم بەخت کرد بۆ کوردایەتی
شێروان و شێری بێشەی مەیدان بووم
شەهیدی پاکی خاکی کوردان بووم
لە پێناو کوردو دژی بێدادی
بە خوێن ئاوم دا باخی ئازادی



شەهید شێروان

بە درێژایی مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕیـــن و جـــوڵانەوەی کـــوردایەتی، کـــۆیە خەبـــاتی کـردووەو خـوێنی بەخشـیوە بـۆ ئـازادی و دیمـوکراتی، بەتـایبەتی لە شۆڕشـی نـوێی گەلەکەمـان، خاکی وراتی کۆیە پەڵەی قەبری دابـــوو بە فرمێســـک و خـــوێن، گـــردو چیـــاو چـــۆل و دۆڵ و دەشـــت و هەڵەت و قەد پـــاڵ بگەڕێـــن، بســـت بەبســـتی کوردستان، لە شاخ و کێوو مێرگ و زورگ و بێستان و دارستان، نەبەردو داستانێکی لێ تۆمار نەکرابێ، کەم بەرە باب و بنەماڵەو گوند هەیە باجی بە خوێن و گیان نەدابێ، ئەوە مێژوو ئەوە بەڵگە، ئەوە

سەنگەری شەرەفی پێشمەرگە، ئەوە ئەلبووم و پۆستەری شەهیدان، ئەوە شانازی و شەڕ و داستان، توخوا کام حزب بە قەد (ی.ن.ک)، بە خوێن سەوز بووە، کام شوێن بەقەد وراتی کۆیە وا سەر بەرزبووە، نەک پێشمەرگە، کادیرە شەهیدەکان بە پەنجەی دەست ناژمێردرێن، بەڵکو فەرماندە دیارو ناسراوەکانمان بە گۆترە ناگوترێن، لە سەرەتای تەشکیلاتی تازە لە هەرێمی هەشت، چەندان فەرماندە گوڵاڵە سوورەن لە باخچەی بەهەشت، مرۆڤ لەناو هێنانیان قەرزارباره،



کـادیرو پێشـمەرگەکان نزیـک بە هەزارە، لەوراتـی کـۆیە بەس یەکێتـی (٧٥٤)شــەهیدی هەیە، ســێ ســەرکردە، (١٧)کــادیری پێشکەوتووی مەیدانی واتە لە ئاستی سەرکردایەتی، (٨)فەرماندەیی فەرمانــدە، (٧٧)فەرمانــدەی تیــپ، هەشــت فەرمانــدەی لەشــکر، (٢٥)فەرماندەی هێز، (٩١)فەرماندەی کەرت، شەهیدەکان بەگشتی



(٤٧٦) پ.م ئــەوانی دی ســەرجەم فەرمانـدەن، (٥٩)بنەمـاڵە لە کـۆیە هەیە کە لە دوو شەهید زیاتریان هەیە لەگەڵ (٩٠٠) ئــەنفال و (٣٢٥) شــەهیدی هاوڵاتی، بە دەگمەن هەڵدەکەوێ و ڕێک دەکەوێ فەرماندە لە وراتی کۆیە شەهید نەکرابێ، یان برینـدار نەبووبێ و خـوێنی لێ نەچۆڕیبێ، لە (ی.ن.ک) بترازێ، کام حـزب دەتـوانێ ئەوهـا بە شـەهیدەکانی بنـازێ، بـۆیە حزبـی شـەهیدانی لـێ دەوەشـێتەوە، گیـانی شـەهیدەکانی وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە، چونکە سرووشتی فەرماندەکانی کۆیە وابووە، لەشەڕو داستان هەر گووتویانە (وەرن)، نەیان گووتـووە (بڕۆن)، بۆیە وا زۆر شەهید کراون، تەنانەت کوڕانی وراتی کۆیە پێشبڕکێ و گفتوگۆیان بووە، کام گوند کام گەڕەک لە کۆیە پێشمەرگەو قارەمان و شـەهیدی زیـاتر بـووە، چـونکە تیپەکـانی تیپـی (٩٣)ی کـۆیەو تیپـی (٩٠)ی باواجی و تیپی (٩٧)ی کۆسرەت و تیپی (٩٩)ی بیتوێن و تیپی (٢٩)ی کلکەسماق و تیپـی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو تیپی مەڵبەندی

سێی هەولێرو بنکەو بارەگای سەرکردایەتی و سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال زۆربەی پێشمەرگەکان خەڵکی وراتی کۆیە بوون، ئەوە ڕاستی و بەڵگەی مێژووە، وراتی کۆیە شەهیدو پێشمەرگەی زیاتر بووە، ئەوە مشتێکە، بەری دەشتێکە، سەیریکەن خوێناویە ڕابردووی، ئەوە شەڕو شەهیدو داستانی مێژووی، هەرگیز وشک نابن هەر گەشەو سەوز دەبن، هەر گەشترو جوانترو سەربەرزتر دەبن، کۆیە (٣٠)شەهیدی بە دەستی داعش هەیە، ئاوی حەمامۆک وشک بوو، خوێن و فرمێسک هەر وشک نەبوو، ساڵی(١٩٨٣) شەهیدێکی دیکەی شەڕی ناوەخۆ، لە (٢٧)ی چوار لە مەلەکان، شەهید شێروانی مەزن، کۆیەو کوردستان و یەکێتی پێوەی دەنازن، لەگەڵ شەهیدی فەرماندە ئەحمەد قەمبەری و شەهید پێشرەو شوکر شەهید کران. هەر لەو شەڕە، هەڤاڵ دلزاری بەکراغا، هەر دوو چاوی لەدەست دا، شەهید شێروان مەحمود حەمەد، نازناو (پیرمام)، لە ئازایەتی و مەردایەتی خەڵک پێی سەرسام، کۆمەڵایەتی بوو، کۆییاتی دەکرد، لە ئازایەتی هەر ناکرێ باسی، ماڵ بە ماڵی کۆیەی دەزانی و دەناسی، دەیویست پێ بگا ببێتە فەرماندەیەکی دیارترو دەگمەن، بەڵام بە داخەوە بواری پێ نەدا مەرگ و تەمەن، شەهید شێروان محمود حەمە جاف، دەروون پاک و چاک و سینە ساف، بە تەمەنی کورتی پێشمەرگایەتی، زوو شەهید کرا بە مەردایەتی، کوڕو کچێکی لە پاش بەجێما، بوونە نیشانەو سومبوڵ و هێما، شەڕی براکوژی ببڕێ و نەیەتەوە، ئەو ئەزموونە بە خوێن تاقی کراوەتەوە، لە بازنەیەکی بۆشدا خولاوەتەوە:

* سەگ لەسەر هێسکێ بەشەڕ دێ کورد لەگەڵ ئێک بێ کەلاک

بێ عەقڵ لێک ناکا چونکی دۆست و دوژمن پیس و پاک

هەستی قەومیمان هەبێ نەختۆکەکیش لێک دەینەوە
چیان لەجێ شین دەبنەوە بۆ ئێکدی بکوژن کاک و کاک

سەرئەنجام هەر لێک گەیشتن و پێکەوە دانیشتنە، شەڕی براکوژی لە باربردنی خەونی کوردو خۆکوشتنە.

تێبینی:-
* ئەو وتارە بەشێکی خوێندراوەتەوە بە بۆنەی پۆستەر دانانی شەهید شێروان لە بێستانەی نزیک چنارۆک،
* ئەو چوار خشتەکییە هی (رۆستەم حەوێز)ی شاعیرە.

# شەش کوچکەی کۆیە

کە منـداڵ بـووم وامـدەزانی لەسـەری هەیبەسـوڵتانێ، بە ئاسـانی دەستم دەگاتە ئاسمانێ، کە هەرزەکاریش بـووم وامـدەزانی سـرووودو شیعرو شۆڕشگێڕی و خوێندن و خەبات و قارەمانییەتی، کەسایەتی و سیاسەت و کوردایەتی، بناغەکەی هەر لە کۆیە بنیاتنراوە، دیدەی من نەیدەدیت لە کۆیە بەو لاوە، ئەوەی دەیزانین تنۆکێکە، ئەوەی نایزانین ئۆقیانووسـیکە، ئەوە ئەزمـوون و ڕاسـتی و وتەی زانـاو فەیلەسـوفێکە، مەزەنـدەم وابـوو، چـی کەسـایەتی مەزن هەیە، پـێم کـۆیی بـوو، وام بیردەکردەوە خەیاڵم بەو چەشنە ڕۆیی بوو، چونکە حەزرەتی حاجی قادری کۆیی بە مەزنایەتی خۆی، کۆیەی هێندە پێ مەزن بوو، بۆیەش ئەو بیرۆکەیەم لەمێشک و دڵ و دەروون، لەکن خەزن بوو، ئاخر زۆر ناهەق نەبووم بەو ڕادە ناهەق، کۆیە (قوبەی کشمیری وەکو گۆ دابێتە بەر شـەق، بەیرەقـی کـوردی لە مـابەینی کەکـۆن و هەیـبە سـوڵتان هەڵکرابێ، بنەماڵەی جەلی زادە ئەساسی عیلمی دانابێ، لە شـەرق و غەربەوە تا قیتعەیی کۆ لە بەر ئەمری گۆچانی مەلا عەبدوڵڵا بێ، لە دینداری فەقێیان وەک چیا بێ، مەلای بۆ دین حاجی قەڵابێ، کەسێ پیـاوە نـان و خـوانی وەک حەماغـا بـێ، ئەميناغـا ئەمینـی دەولەو بەهیمەت و ئازا بێ، کۆیە جەنەتیک بێ، کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە، شـوهرەتی ئەبیـاتی حەزرەتـی حـاجی خەڵکـی لەسـەر کۆکردەوە).

حاجی یه شیعرەکانی وەک کاوە
ڕۆژێ دەبینن درەفشی هەڵداوە
* * *
لەسایەی شیعرەکانی وەک فەرەیدون
دەمێنێ تـــا دەورانی گەردوون
* * *
هێمــن دەزانـێ کۆیە و ڕەواجـــی
بۆ سورمە دەبێ خاکی پێ ی حاجی

ماڵی حەزرەتی حاجی قادری کۆییم بەقوڕنـەگرت، هێنـدەی کۆییایـەتی و خۆییـاتی کـرد هـەزارانی وەک منـی بـەو چەشـنە بـرد، کـۆیە، بـۆیە، باڕۆیە، بەو هۆیە، بۆ گەشانەوەی پشکۆیە، بۆ چەکەرەکردنـی چـرۆیە، پـڕ شـکۆیە، زایـنگەیەکە، بەقەد ژمـارەی ڕۆژەکـانی سـاڵ کەسـایەتی ناوداری هەیە، هەمـوو وەرزەکـانی سـاڵ بـۆنەو یـادو یادگاری هەیە، لە بناغەیدا خەزنەی پڕ گەوهەرو مرواری هەیە، ئەوەتا کۆیەو شاعیرانی و نـاودارانی، سیاسـەتمەدارو بەهرەدارانـی، قارەمـان و شـۆڕە سـوارانی، ڕووناکبیرو پایەدارانی، شەقام و باخچەو گۆڕەپان و کـۆڵانێ لە شارێک نامێنین، گەر ناوی کەسایەتی هەڵکەوتووی کـۆیەی لـێ بنـێن، لە کـۆیە بم غەریبیەی کۆیە دەکەم، لێی دووربم پارچەیەک لە ڕۆحـم لە کـۆیە دەمینێتەوە، بەو هەوایە دەژیم لە کۆیە دەشنێتەوە،
دڵ کوورەی پڕ شکۆیە
وەختە شێت بم بۆ کۆیە

گەر سلێمانی بە (نالی) و (سالم) و (کوردی)، سێ کوچکەی بابان بێ، لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی وەک مانگی تابان بێ، گەر دەشتی هەولێر، کانگاو جەرگەی گەنجینەی حەیران بێ، لاوک هەڵقوڵاوی کوورەی دەروونی ئێزیدیان بێ، هۆرەو سیاچەمانە لە هەورامان بێ، ئەوە کۆیە ئەو شارە گچکەیە، پێچکەی لەسەر شەش کوچکەیە، بەبێ پێدا هەڵگوتن و زیادەڕۆیی. کوچکەی ئەدەبی شیعری نیشتمانی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، خۆی حەزرەتی حاجی بۆتە کوچکەی هەوێنی بیری نیشتمانی و کوردایەتی، بە بەردی بناغەی دامەزراندن و بیری ڕامیاری و هەستی نەتەوایەتی، ئەوجا کوچکەی زانست و زانیاری و فەلسەفەو خوێندن لەو سەردەم و دەورە، بناغەیان بنەماڵەی جەلیزادەیە، بە کاکی جەلی و مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەو مەلای گەورە، حەزرەتی نالی و کەیفی جوانڕۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و قانع و مەلامحەمەدی چروستانی و مەلامستەفای سەفوەت و شێخ تەهای ڕەهبەرو زانای مەزن د.مستەفا زەڵمی و مەلامحەمەدی شێروانی و مەلاعەبدولحەمید عەسکەرو مەلامحەمەدی نورو جگە لە ڕاجی و عاسی و مەلامەعسوم و دلاوەر و مەلاخدری هەورامی... تاد.

لە زانکۆی حوجرەی فەقێیان لە کۆیە خوێندوویانە، ئوستانەی ئەرجومەندی، کۆیە مەڵبەندی هۆشمەندی، دووربینی و بیر قووڵی و ڕەهەندی، زانایی مەسعود محەمەدی:

تاجی شانازی و بەرزە قەڵامان
ئەساسیان دانا حاجی و مەلامان
لەکۆیە فێربوون خەبات بێ درێخ
شاگردی حاجین قازی و مەلا و شێخ
پارت و رێکخراوی بیری داهێنا
کوردی بە گیانی باوەڕ ڕاهێنا

کوچکەی ئاوازی ڕەسەنی کوردی، تیپی باواجی کۆنترین تیپی مۆسیقایە، کاسی پێشەنگی یەکەمینی لە دەست دایە، هەروەک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر و سەلمێندراوە، هونەر مەند عەبدول واحێد ئاغا مستەفا نۆتەی مۆزیکی لە ناو کورد داناوە، لە مەشخەڵانی سرووودو مەقامات و بواری هونەر، ئوستادو شارەزاو مەقامزان ئەمین ئاغای ئەختەر، گۆرانی و ئاوازی گەیاندە لوتکە، مایەی شانازییە چونکە:

شلە و خانانی ئەميناغەیە
حاجی بەکراغا بەردی بناغەیە
یانەی ئەدەبی قاسدو ئەختەر
پڕ نەشئەی نەشئەت دیوەخانی تەڕ
سڵاو لە کاکی پێشمەرگەو سەنگەر
من کە ڕۆڵەی کوردو جۆشی (ئاسنگەر)
مارش و سروودی سیاسی و کوردی
ئەی شەهیدانی عەونی یان وردی
پێشمەرگەین (دلێر) ئەی ڕەقیب (دڵدار)
(سامی) قەلبی من کارگەرین (دڵزار)

پێچکەی کوچکەی پێنجەم خانەدانی و مێوان نەوازی، دەروازەی کراوەبوو بۆ ڕێزو پێشوازی، بەخشندەی وەک حەماغای گەورە، تاک و دەگمەن بووە لەو دەورە، نموونەی نەبووە لە خانەدانی:

(کەسێ کە دانێ پیاوە وەک حەماغا
لەبۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی
موسافیر پەروەرو یاری غەریبن
ئەوانن وا لەهەر عەیبێ بەری بن)
ئاغامان ناودار لە خانەی مەردان
حەماغای کۆیە گەورەو خانەدان

ئەدی ئەو پیاوە خانەدان و خێرخواز و بەکەڵکە، خۆ دیان و کۆیی و هەرمۆتەیی بوو کەریم ئەلەکە، ڕۆڵی بووە لە لێقەومان و بەپیاوەتی شیری پشت کەندووبوو، وەزیری دارایی و دەست پاک و پیاوچاک و جوامێر، بۆ خەڵک و شێخ مەحمودی نەمر هێند ماندوو بوو،

کوچکەی شەشەم بواری ڕۆژنامەوانیی، حەزرەتی حاجی قەڵەمدانی کالآنی، بایەخی بە بواری ڕۆژنامەوانی داوە، چوار جار لە شیعرەکانی ناوی جەریدەو ڕۆژنامەی هێناوە، بەر لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان، لە شیعری خاکی جەزیرەو بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان:


سەد قائیمەو قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ
ڕۆژنامەو جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان

حەزرەتی حاجی خۆی سێ کوچکەیە لە ئەدەب و ڕامیاری و ڕۆژنامەوانی، گەر لێی بکۆڵدرێتەوەو ڕۆبچنە بنج و بنەوانی، هۆو هەوێن بووە لە کوردستان بە گشتی، لە کۆیە بە تایبەتی، شاگردی زۆرن، وەجاخی ڕوونە لە بواری ڕۆژنامەوانی و بیری نەتەوایەتی،

# فەرهاد عەونی
# نۆبەرەی بەدرخان

ماڵێک لە کۆیە هەتا بن ساپیتەو دیوار، هەڵچنرابوو بە کاغەزو دەستنووس و پەڕە شیعرو کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار، لە تاق و ڕەفتەو دۆڵابی کتێبی تێدا هەڵچنی بوو، ئەو ماڵە ماڵی عوسمان عەونی بوو، ساڵی(١٩٣٣) بە تەمەنی (١٨)ساڵی شیعرێکی بۆ گۆڤاری خاوەنی هاوار داناوە، تەخمیسی شیعرێکی مامەند کەرکوکی کردووە، بە سەر میر جەلادەت بە گیان هەڵداوە، پڕە لە ستایش و پیاهەڵدان، لەسەر بنەماڵەی بەرزی بەدرخانیەکان:

لە میرتان تاکو ئێستا کە دەگاتە پیر و پاشاتان،
نیە مانەندی ئەم شاهە فیدای بن سەروەت و جاتان،
سەلاحەدین کە دونیای گرت ئەمەش بورهانی حاشاتان
لە ناو تەئریخی میللەت قارەمان جەدی ئەعلاتان
ئەوەندە مەشهورو مەعلومە نیە حاجەت بە ئیعلانی
کە کوردستان چیاکانی هەمووی ئاساری ساسانە،
وەکو مەعلوم و مەشهورە ئەوەش گۆڕێکی کوردانە
بەڵێ کورد زۆر قەدیمە ساحێبی مەردانی مەیدانە،
سەلاحەدین و حاجی قادرو شێخ ئەحمەدی خانی



فەرهاد عەونی کۆفی ئەنان

عەونی قوتابی خوێندنگەی حەزرەتی حاجی و خانییە، فەرهاد کوڕی ئەو بابەیەو هەڵقولاوی ئەو سەرچاوەو کانییە، فەرهاد عەونی لە ژینگەو کەش و هەوایەکی ئەدەبی و نیشتمانی و ڕۆژنامەوانی گۆشکراوە، بۆیە بۆتە ئەو کەسایەتییەو ئەو زات و مرۆڤ و پیاوە،ساڵی(١٩٥٧) هاتوچۆی کتێبخانەی گشتی کۆیەی کردووە، ئەودەم، مامۆستا زەکی هەناری بەڕێوەبەر بووە، کتێبخانەی گشتی کۆیە گەڕاوەو پشکنیوە، یەکەم جار گۆڤاری (پەیام)ی لەوێ بینیوە، گۆڤاری پەیام لە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا دەرچووە، (بەکر دلێر)ی نەمر ڕۆڵی بنچینەیی لەو گۆڤارە هەبووە، ئێستاش ژمارەکانی گۆڤاری پەیام ماوە، لە کتێبخانەی گشتی کۆیە پارێزراوە، فەرهاد عەونی لە ماڵی باوکی و کتێبخانەی گشتی کۆیە ئاشناو ئەشقی خوێندنەوە بووە، ئەوجا بە شیعرو نووسین دەستی پێکردووە، لە پەخشنامەی دیوارو

هەفتەنامەی (پێشکەوتن) شیعرو نووسینی بڵاوکردۆتەوە، هەوڵی داوە بە هیمەت و کۆشش، یەکەم بابەتی نووسیوە دەربارەی سوودی وەرزش، شیعرێکی بە (١٣)ساڵی بڵاوکردۆتەوە، وردی نەمر کورتە پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، چونکە لە نزیکەوە ئەژدادو ئابادی ناسیوە، پێشەکییەکەی دارشتووە بەو جۆرە: (ئەو شعرەی خوارەوە هی کاک فەرهاد عەونیە کە تەمەنی (١٣)ساڵانە، بەڵێ کورد، بلیمەتی زۆرە، شعرەکە بە ناوی خاکی کوردستانە:



نێچیروان بارزانی فەرهاد عەونی عەدنان موفتی

کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامە نووسان ساڵی ٢٠٠٧

خاكی كوردستان دیمەنی جوانە
لوتكەی شاخانی ڕوو لە ئاسمانە
هەوارگەی خۆش و هەوای خاوێنە
دەڵێ ی بە هەشتی پاكی یەزدانە
هەردو بەراوی تا بڵێی زۆرە
تا چاو بڕ ئەكا خەڵەو خەرمانە
نابێ زۆردارو بیگانەی خونخوار
لە مەولا بیخوا ئەم گشت سامانە
كورد پاسی ئەكا نیشتمانی خۆی
هەر یەكێ لەوێن شێری مەیدانە
ئەڵێن فەرهادی، ئەی كوا شیرینت؟
ئەڵێم شیرینم خاكی كوردانە
ڕۆژی ئازادی سەری دەرهێنا
ئەگەین بە ئاوات هەر بەم زووانە

شیعرێكی جوانە، سەیرە فەرهاد عەونی ڕۆژنامەوان و ڕەوشەنبیر، خووی نەداوەتە شیعرو خۆی نەكردۆتە شاعیر، قوتابی پۆلی یەكەمی ناوەندی كۆیە بووە، لە ناملیكەی یەكێتی قوتابیان شیعرێكی بڵاوكردۆتەوە بە ناوی (كۆتری ئاشتی)، چونكە بەهرەو سرۆشانی شیعری تێدابووە بەسرووشتی:

ئەی کۆتری ئاشتی باڵندەی جوان
تۆی هیوای گەلان، لابەری پەستی
گەرچی بچووکی، نەرم و نیانی
خۆشی ژیانی، زۆر ئێسک سووکی
گەلان لە دواتن، هەر دەتپارێزن
ڕاستی ئەبێژن، شوورەو قەڵاتن
گەلان بە یەک دەنگ، هاتوونە مەیدان
بۆ ئاشتی جیهان، بۆ دووربوونی جەنگ



هەر لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن) شیعرێکی بە ناوی (کوردم) بڵاوکردۆتەوە دژ بە دوژمن، ساڵی(١٩٦٠) بە چوارده ساڵی بۆتە

پاڵێوراوی حزبی شیوعی بە کاریگەری ئەحمەد دڵزاری، سەرسام بووە بە شیعرو بیروباوەڕو زانیاری و ڕەفتاری، ساڵی(١٩٦٣) دەبێ بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دەبێ بە نووسەر لە دادگای باڵای شۆڕش، لە ساڵی(١٩٦٤)ەوە لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری کردووە، لە دواناوەندی کۆیەو لە زانکۆی بەغدا لە کۆلیژی ئابووری و سیاسییەکان ڕیزی قوتابیانیان بەرەو پێشەوە بردووە، ساڵی(١٩٧٠) بە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردراوە، پاشان بەڕێوەبەری گشتی کاروباری لاوانی پێ سپێردراوە، سەرەنجام لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەک نەقیبی ڕۆژنامەنوسان ناسێندراوە،

چونکە شارەزاو لێزان و لێ هاتوو بووە لە بواری ڕۆژنامەوانی، ئەزموون و زەمینەی لە باری هەبووە، پێی دەکراو دەیتوانی، لە ساڵی(١٩٦٢) کاری ڕۆژنامەگەری کردووە، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو بەرپرسی ڕاگەیاندن بووە، هەر لە تەئاخی و برایەتی و خەبات و ڕۆژنامەڤانی و ڕۆژنامەنووس و کوردستان و (یوم) و ژین و خەباتی قوتابیان و.... بە ڕاستی شاگردی حاجی قادری کۆیی و ڕۆڵەی بەدرخان بووە، ڕۆڵی بنچینەی بینیوە، تا پڕۆژەی یاسای ڕۆژنامەگەری لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، کە وەک ڕۆژنامەوانێکی گەورە ڕۆڵی بینیوە، ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی بە زانستی و ئەکادیمی زانیوە، هێمن و میانڕەو، بیرو باوەڕی پتەو، بە کوردایەتی، بە نەتەوایەتی، لە ڕاستیدا فەرهاد عەونی، ئاوات و هیواو خەونی، یەکڕیزی نیشتمانی بووە، ئەوە قەناعەت و ویژدانی بووە، بە لایەن پارتی و بارزانی بووە،

کـاری ڕامیـاری و ڕۆژنـامەوانی بـووە، بە قـوڵینگی خـامە، بە عەشـقی ڕۆژنامە، وشەی پێ شیرین بووە، کێو هەڵکەنی زەمـان و فەرهـادی دڵ بـڕین بـووە، تەماشـای ئەو شـیعرەی عەونـی بـاوکی بـکەن کە بـۆ خۆشەویستی و یادە: (حەکایەتی من و یارم وەک شیرین و فەرهادە).

((ئەم بـابەتە لە (١٥)ی کـانونی یەکەمـی(٢٠١٥) لە سـیمیناری (ئەزمـونی ڕۆژنـامەوانی فەرهـاد عەونـی) لە کتێبخـانەی حـاجی قـادری کۆیی خوێندرایەوە.)).

سەرچاوە:.
* دیوانی حاجی قادری کۆیی.
* دیوانی عەونی.
* ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیم (فەرهاد عەونی).

# میرزای حزب: حەسەنزادە


م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە رەهبەر سەید برایم

پەڕ پەڕ کردنی گوڵ زوڵمێکە لە سرووشت، گوڵ نموونەی جوانی و دیاری و خۆشەویستییە بۆ گشت، خودی پێنووس هیچ نییە، خاوەن پێنووس دەبێ بە شت، دڵی سەرکردە دەریایە، ڕۆخە دوورەکانی نادۆزیتەوە، دەبێ لە شەپۆل و قوڵایی دەریا هەڵێک بقۆزیتەوە، بۆ تێگەیشتنی، گەرچی ناگەیە بنی، بیرو باوەڕ چیا دەلەقێنێ، سەرکردە پەرجوو دەخولقێنێ، پیاوی مەزن لەسەرخۆ دێتە گفتار، بەڵام خێرایە لە فەرمان و کار، پێش عەقڵی زمانی دێتەگۆ، حیکمەتی دەردەکەوێ لە گفتوگۆ، زانست لە خاکی دڵ دەڕوێ، بەرهەمەکەی لەسەر زمان و لێو دەپشکوێ، گەورەترین تاوان بینینی کەم و کورتی خەڵکەو نەبینینی هەڵەی خودە، مێژوو لە هەڵەی گەورە نابورێ بێ سوودە، ڕامیاری کاری سەخت و وشکی هەیە، دڵی نییە مێشکی هەیە، مرۆڤی گەورە، بیری گەورە دەکاتەوە، بە ئومێدو ورە گرەو دەباتەوە، سەرەتای درەخت و گوڵ (تۆ)یە، ئەوجا ڕەگ و

پشــکۆژو لــق و چــرۆیه، پاشــەبەرەیەک لە بنەمــاڵەی (حەییــاکی)، دەرکەوت نــوری پــاکی، بە ڕوونــاکی، لە گونــدی (سیســێر) نــاوچەی گەورکــی سەردەشــت، ســاڵی(١٣١٧) هەتــاوی واتە ســاڵی(١٩٣٨)، ئەو زاتە خوادای، خۆی گریا، خەڵک پێی شادە، ناسرا بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسـەنزادە، ژیـان دیاریەکی چاوەڕوان نەکراوە، بێ ئـارەزوو لەدایـک دەبێ، کەس دونیای بۆخۆی دانەناوە، وەک تارماییەک وەبیری دێ و نایە کە باوکی کۆچی دوایی کرد، سۆفی ڕەسولی بـرا گەورەی دەبێتە قەڵاو پـرد، بنەماڵەکەیـان جۆڵاییـان دەکـرد وەک پیشــەو ئـارەزوو، لە چنـین و ڕسـتنی جـاجم و بەڕەو بەرمـاڵ و بـوزوو، پشـکۆی گەشاوە بە جێ بهێڵی دەبێ بە ئاگر، برا گەورەکەی لە جێی باب دەبێتە بەرهەڵێخ و ئەســتوندەو ڕێگــر، لە مەدرەســەی مەلاو (فەقێ)یــان دەخــوێنێ بە عەشق و ئاسودە، لەسپیارەو ئەحـمەدی و گوڵسـتان و بوسـتان و ئەی شودە، لە زانستە ئاینییەکان لە(سەرف) و (نەحو) (بەیان) و (بەدیـع) و (بەلاغە)، خـۆی مـاکی زیرەکـی هەبـوو لە بنـاغەو وەجاغـا، ئینگلیـزی و بیرکاری و ئەدەبی فارسی دەخوێنێ بە زیادە، لە مەدرەسـەی دینـی لە مهابـادا، لە عیلمــی ســەرف تەســریفی زەنجــانی، لە عیلمــی نەحــو و عەوامیلی جورجانی، مەدرەسە، خوێندن بەسە، (وەتەوەلا، بـوو بە مەلا)، دەبــێ بە مەلاو پێشــنوێژ، لە دوانــزە عــیلم زیــاترو وتــاربێژ، مامۆســتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە، ڕەسـەن و هەڵکەوتـوو لە بونیـادە، لە زانکـۆی حوجرەی(فەقێ)یـایەتی، گۆشـکرا، جۆشـدرا بە بیــری نەتەوایەتــی، بە شــیعری ئەحــمەدی خــانی و حــاجی قــادری کــۆیی و مەلای گەورە، کــاریگەری گەورەی هەبــووە, ئەوێ ڕۆژێ ئەو زەمــان و دەورە، بە


منداڵی کاریگەری سروودەکانی کۆماری کوردستانی لەسەر بووە، (ئەی ڕەقیب) و (خوایە وەتەن ئاواکەی) و (ئەی وەتەن مەفتونی تۆمە)ی وەک ئاو و دۆ لەبەر بووە، بە ئەشقی شیعری نیشمانی لە دوایی، دەکەوێتە ژێر کاریگەری شیعری مەلا کەریمی فیدایی، بیری نەتەوایەتی لە حوجرەی مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەکۆی ڕامیاری بووە بۆ کوردایەتی و مەردایەتی و تێکۆشان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لە حوجرەی مزگەوت، لەدێیەکی بێ ڕێگاو بان و بێ کارەبا دەرکەوتوو هەڵکەوت، بە (١٣)ساڵی دەبێتە ئەندامی حزبی دیموکرات، دەکەوێتە ناو کۆڕی کوردایەتی و ڕامیاری و خەبات، بە جلک و بەرگی مەلایەتیەوە گیراوە، لە بەهەشتی زێدی خۆی ڕاونراوە، لەگەڵ شەهید مەلا ئاوارە، دۆست و خۆشەویست بوون دیارە، بەڵام هاوڕێ نەبووەو نەبۆتە ڕێبواری، لە کاروانی ڕێگای جولانەوەی چەکداری، تێبینی هەبووە لە شێوازی گەڕان و مانەوەی لە دێهاتەکاندا، ئاگاداری کردۆتەوە لە ڕووداو و پێشهاتەکاندا، تا دەکەوێتە ناو تەپکەو داو، شەهیدیان کرد لە ناکاو، لەسەر شەهید مەلا ئاوارە، ئاوارە بووە، لەو ڕۆژەوە هەڵاتووە، وەک هێمنی شاعیری لێ بەسەر هاتووە:

کوا بەخۆشی خۆم، بەجێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم
من لە ترسی زڵلەو باتووم و دارو شەق هەڵاتم

زستانی ساڵی(١٩٦٨) لە ڕۆژێکی سەخت و پڕ بەفری ئەستوور، بە ناوی حەجێ دێتە گەرمێن و دەڕواو دەبڕێ سنوور، خۆ و بەخت و

چارەنووس و نیوچەوان، لە گوندی (مارەدوو) دەبێ بە مەلاو توتنەوان، بە چنگ و نینۆک و ڕەنجی شان، کاردەکا، دەرس دادەدا بۆ بژێوی ژیان، ساڵی(١٩٦٩) دەبێ بە ئەندامی ڕێبەری حزبی دیموکرات، لە کۆنگرەی سێ ساڵی(١٩٧١) دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی، شەهید قاسملو بە میرزای حیزبی دەناسی، ساڵی(١٩٩٥) دەبێتە سکرتێری حزبی دیموکرات، بە ئازایەتی و خۆڕاگری، بە بڕواو بەتینی و پێداگری، نیو سەدە زیاتر، بۆتە ڕووناکی و ئاگر، تا لوتکە ڕووناکبیر، قوول و سەرنج وردو ژیر، سیاسەتمەدارو شاعیر، مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە، لە زۆر بوار جێ دیارو بەریادە، زمانەوان، ڕۆژنامەوان، نووسەر، وەرگێڕ، لێکۆلیار، ڕەخنەگر، دەنگخۆش، مامۆستا، پێشمەرگە، نزیکەی چوار هەزار وتاری نووسیوە، وشەو ڕستەی پڕ واتای چنیوە، وەرگێڕێکی بە تواناو زمان پاراوە، (حەمەدۆک و گێلەپیاو و دێزیرەو بیرەوەری دورخراوەیەک)ی وەرگێڕاوە، دەڵێی بە کوردی نووسراوە، ڕۆحی کوردی وەبەرناوە، شارەزای شیعرە بە سەلیقەو ئارەزوو، لە کێش و سەروا وەک تای تەرازوو، بە عیشقی شاعیرانە خووی نەداوەتە شیعر، شیعرەکانی کردۆتە خۆراکی ئاگر، دێرە شیعری هەیە وەک ملوانکەی مرواری:

ئەرێ ئەی شۆڕە سەرووی کوردەواری
عەزیزم خونچەی سوورەی نەوبەهاری
دڵم دایم بە هاوارو گرینە
مەگەر کاتێ لە پێش چاوم دیاری



عەبدوڵڵای حەسەن زادە ڕەهبەر سەید برایم

شیعری بڵاوکراوەتەوە خۆی لێ نەکردۆتە خاوەن، بەڕاستی هۆنراوەکانی هۆنراوەن، سەد هەزار شیعرو بەیتی لەبەرە، بەڕەوانی هەر وەکو کۆمپیوتەرە، وردەکارو وەستاکارو بە ئەزموون، زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێی بۆتە مامۆستای مامۆستا (هێمنی تاریک و ڕوون)، هێمنی نەمر لە شاعیرایەتی تێ پەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەش سەرنج و ڕەخنەی مامۆستای سەلماندووە، هێمنی شاعیر چوار خشتەکییەکی خولقاندووە، بە دوو پێش سەروا، لەسەر حەیفە ئەو دەستە بشکێ دەڕوا، هێمن شەوانە، لە سەر بان، دەیخواردەوەو پستەی دەقرتاند، بە قونچکە جگەرە سەرجێی بانەکەی دەسوتاند، شیعرەکەی هێمن هونەری جوانی لێ دەتکێ:




حەیفە ئەو دەستەی کە گوڵزاری دەنەخشاند بشکێ
حەیفە ئەو دەستەی کە دڵداری دەگەوزاند بشکێ
حەیفە کە دەستێ بە لەرزی و بە تەزیوی دیسان
دوژمنی ملهوڕی زۆرداری دەتۆقانــد بشکێ

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەو شیعرەی گۆڕیوە بەو ڕادە، بۆ خۆشی نەک وەک پێشبڕکێ:

حەیفە ئەو دەستەی کەسەربانی دەڕەنگاند بشکێ
حەیفە ئەو دەستەی کە جێ و بانی دەسوتاند بشکێ
حەیفە دەستێک کە بە لەرزی و تەزیوی هێشتا
بە قتوو بستەیی خەندانی دەقرتاند بشکێ

پیاوێک پڕ لە جوامێری و تێکۆشان، ژیانی بۆ کوردایەتی کردووە تەرخان، بۆ شیعرو وشەی جوان و سیاسەت و وەرگێڕان، باڵا ڕێک و شیک و باریکەلەو بە هێماو نیشان، سەری سپی کردوە وەک بەفری کوێستان، هەر بەڕێوەیە بێ درێغ و بێ وەستان، خەون و هیوای گەڕانەوەیە بۆ زێدی خۆی و ڕزگاری کوردو کوردسان، ئەو پیاوە، بەناوە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە, ڕێبەرێکی مەزن و خاکی و سادە، ڕۆژگارێک خەڵکی هاواریان دەکرد، لە بەرخۆشەویستی و پاکی: (مامۆستا عەبدوڵڵای حەیاکی، بە ڕاستی پیاوی چاکی).. ئەوەی گوللە بنێ بە ڕابردوو، مێژوو تۆپی تێ دەگرێ لە داهاتوو.

وشە نامۆیەکان:

بەرهەڵێخ: دینگەو دیوارێک بە پاڵ دیوارێک دەخرێ، بۆ ئەوەی بەهێز بێت و نەڕووخێ.

پەرجوو: موعجیزە.

پشکۆژ: گۆپکە، پۆقژە.

# منیش، وەک گەلان هەقم بۆ نییە؟

پێش ئەوەی عێراق دەوڵەت بێت، کورد لە کوردستان میرنشین و دەسـەڵات و فەرمـانڕەوای خـۆی هەبـووە، قەڵەمـڕەوی فـراوان بـووە، بەدرەو جەسان مەنـدەلی گرتـۆتەوە، کەرکـوک سـەردەمێک پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە، (کوردە دەزانی لە کویێ ساکینە خزمانی تـۆ) پێـت بڵـێم دیـارنییەو نازانـدرێت کـوا دەخـرێتەوە سـەر هەرێمـی کوردستان، ناوچە ڕزگارکراوەکانی، پاش پرۆسەی ئازادی عێـراق ساغ نەکراوەتەوەو نەخراونەتەوە ناو سنووری کوردستانەوە، کوردستان زۆر لە پێش ناوی عێراق ناوی لە ئارادا بووە.

پێش ئەوەی عێراق دەوڵەت بێت، قەڵاچـۆلان، سلێمانی، جاتەختی بابـان بـووە، شێخ ڕەزای تاڵەبـانی ساڵی(١٩١٠) گیـانی سپاردووە، زۆر چاک بە بیری دێت سلێمانی دارول مولکی بابان بـووە، (درێغ بـۆ ئەو زەمانە، ئەو ڕۆژە، ئەو عەسرە)،.

پـێش ئەوەی عێـراق دەوڵەت بێـت، سـەربەخۆیی کوردسـتان ڕاگەیەندراوە، شێخ مەحمودی نەمر شار فەرمانڕەوا بـووە، سلێمانی لە یەکەم حکومەتی کوردی پایتەخت بووە،

ساڵی(١٩٢٠) دەوڵەتـی عێـراق دروسـتکرا، کـورد پشـک و بەشـی نەبوو فەرامۆشکراو بـوو، لە کایەی نێودەوڵەتیـدا نەبـوو، حـاجی قـادری کۆیی گوتوویەتی:

کوا والیی سەنەندج، بەگزادەیی ڕەواندوز؟
کوا حاکمانی بابان، میری جزیرو بۆتان
بولغارو سیرب و یۆنان، هەم ئەرمەن قەرەتاغ
هەر پێنجیان بەتەعداد، نابن بەقەددی بابان
هەر ئێکە موستەقیللن، کوللێکی دەوڵەتێکن
ساحێبی جەیش رایەت، ئەرکانی حەرب مەیدان
کوا ئەو دەمەی کەکوردان ئازادو سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵک و میللەت ساحێبی جەیش و عیرفان،

لە(٦)ی کانونی (١٩٢١) سوپای عێراق دامەزرا، ئەفسەرانی کورد ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا، لە بەردی بناغەی سوپای عێراق، چونکە لەنۆ ئەفسەری دەستەی دامەزرێنەری سوپای عێراق، پێنجیان کورد بوون،،

لەوەتی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، کورد لە کێشەو ململانێدا بووە، خەباتی کردووە بۆ ماف ئامانجەکانی، بە قەڵەم مراجەعات با، یان بەخۆپیشاندان ڕاپەڕین، شۆڕش، گفتوگۆ و دانوستاندن، نەگەیشتۆتە بووکی ڕازاوەی خەیاڵی، دروشمەکەش مافێکی ئاسایی بووە، کەچی هەر چەوساوەتەوەو ماف سەروەری پێشێلکراوە کێشەی چارەسەرنەکراوە، خەباتی خوێناوی بۆ کردووە، قوربانی بێ ئەندازەی بەخشیوە،ماڵوێران کراوەو ئاوارەو دەرپەڕێنراوە، هەقی نەدراوەتێ لێی سەندراوەتەوە، لەپاش ڕاپەڕینەوە دەرفەتێکی مرواری بۆ کورد درەوشاوەتەوە، لە ژێر چەتری بڕیاری نێودەوڵەتی پارێزراوە، کورد لەو دەرفەتە بەخۆ کەوتووە، دامودەزگای دامەزراندووە، لە دەوڵەت جوانتر وەک گوڵ خۆی بەڕێوەبردووە، هاوپەیمانان نموونە بە کوردستان دەهێننەوە.

له پرۆسەی ئازادی عێراق کورد دۆستی ڕاستەقینەی هاوپەیمانان بووە، هاوسەنگەرو هاوکار بووە، لەبەر کوورە گوڵبارانکراون، دیارە یەکەم کورد لەگەڵ برا دەبێت لایەنی دۆڕاوی نەگرتووە، هەقە با کێشەی فیدرالیەتی بۆ بسەلێمنن، فیدرالیەتی پارێزگاکان لەجیهاندا نەبووە تا لە عێراقدا هەبا، دەبێ کام وڵات فیدرالیەتی پارێزگاکانی هەبووبا؟،،.

کورد لەو قۆناغەدا داوای فیدرالیەتی کردووە، بڕیاری پەرلەمانی کوردیشە، فیدرالیەت لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان، (تاکە ڕێکخراو داوای فیدرالیەتی کردبا یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە لەساڵی(١٩٨٤)وە دروشمی بووە، فیدرالیەت مافێکی سرووشتییە لە ئاست خەبات و قوربانی مێژووی کورددا نییە، ئاخر بۆ دەبێ ڕێگرو تەگەرەبن بۆی، کورد بەرهەڵستکارترین هێز بووە لە عێراقدا، کورد زەرەرمەندترین و زۆرترین قوربانی داوە، قوربەسەرترین نەتەوە بووە لە عێراق، چ دەبێ گەر کورد سەربەخۆیی دەوڵەتی هەبا، برایەتی کوردو عەرەب تورکمان باشترو خۆشتر دەپارێزێت، گەلانی عێراق ئاسوودەتر دەبن، کێشەی کورد هەمیشە ئەوەبووە لە سیاسەت بەرنامەی دەوڵەتان بووە، خوێندنەوەیەکی نەبووە بۆ سیاسەتی دەولی، ناکرێ فیدرالیەتی کوردستان بەتەم و مژی و هەڵگیراوی بمێنێتەوە، خەونەکان زۆر خۆشن ڕاماندەچڵەکێنن، شوکر هۆشیارە کورد چونکە هەقە هەقدارە، بەشە بەشدارە،

# له چاوەکانما دوو کاریز تەقین

له دەرفەتی ئاشتی پێکهاتنی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ بەعس, له وەختی خۆشی ڕێکەوتن, له ڕێکەوتی (٢٩)ی ئەیلولی ساڵی(١٩٧١) له بارەگای بارزانی له حاجی ئۆمەران، له ڕێ و ڕەسمی میوانداری ڕێزو پێشوازی وتوویژدا, گروپێک به ناو مەلا، به جبەو مێزەرو عەباوە, له بەردەم مەلا مستەفای بارزانی تەقینەوە، ئەنجامدەران له بەرگی مەلابوون, به تەقەمەنی خۆیان هەلا هەلابوون، لەو وەختە خۆوبەخت, بارزانی خوا دایەوەو بەرنەکەوت،، بەعس لەو هەوڵە تیرۆریستییەدا سەرنەکەوت و شەرمەزاری بۆ مایەوە.

تیرۆر ڕەگی گولی هەیە، وەنەبێ نەقەومابێ ڕەچاونەکرابێ بیری لێ نەکرابێتەوە, گومان دەکرا, بەڵام (تا ژیر بیریکردەوە, شێت لەئاوپەڕیەوە)، تیرۆریستان جەژنەو بۆنەو جێگاو ئاپۆرەو باخی گوڵان نازانن، دەست ناپارێزن، ئەوەتا له یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی(٢٠٠٤/٢/١) له وەختی جەژنانەو پێشوازیدا, لەو دەمەیدا دەڵێن پیرۆزەو به هەزار جەژنان بێت، خۆ دەتەقێننەوە، لەچرکەی خەندەو تەوقەکردندا, له شادی گەردن ئازادیدا, له جەرگەی بارەگای مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتی لەناو شاری هەولێردا, کردەوەی خۆکوژی ئەنجام دەدەن، لەجیاتی قوربانی مەڕو ماڵات, پۆلێک مرۆڤی نازدارو بەرکەتی دەکەنە قۆچی قوربانی، دژی دین ویژدانن، دەنا کامە دین، گوڵ، گۆشتی مرۆڤ، چوکلات، ماچ، پارچەی لەش، خوێن، شەربەت تێکەڵ دەکا، کام ویژدان مناڵ، میوان دەکاتە جەژنانە؟ هۆڵی میوانداری دەکاتە قەسابخانە؟ هەر له تیرۆریستان دەوەشێتەوە، سەوزو زەرد لەپێشوازی ئاپۆرەی جەماوەردا بوون، به

# شەهیدانی 1ی شوبات





گوڵ گەشە خەندەو خاوێنی، گەرچی قوربانییەکی زۆر درا، بەڵام ڕۆژو جەژنی کوردایەتی برایەتی بوو, یەکێتی و پارتی تا سەر ئێسقان شەڕی یەکتر کوژیان کرد, بەڵام ئێستا پێشبڕکێی پەرۆشیانە بۆ شەهیدانی یەکتر، یەک پرسەو یەک خەم یەک خوێن یەک جگەر سووتان بوو، مێشک تاریکەکان نیازیان یەک مەرامە، زەردو سەوز بە یەک ڕەنگ دەبینن, بۆیەشە جەژنی قوربانیان بە خوێنی سوور ڕەش پۆش کرد, شاری هەولێریان خامۆش کرد،، جاران یەک چاو فرمێسکی دەڕشت ئێستا هەردوو چاو بەخوڕ فرمێسک دەڕێژن بۆ یەک، جاران یەکتریان دەکوشت، ئێستا بوونەتە یەک جەستەو یەک پشت، پایزو بەهار بۆتە یەک وەرز (کێ دیویە بەهار گوڵ هەڵوەرێنێ؟) ڕووداوی تیرۆریستی وای کردو دەبێ یەک دەنگ ڕێ و بۆچوون بێ لەسەر مێزی گفتوگۆ، چڵە نێرگزو لاسک گوڵ بێ لە گوڵزاری ڕەنگاوڕەنگ، چونکە بە یەک خوێن و فرمێسک ئاو دەدرێن (ڕێژنەی یەک بارانن)، زەردبێ یان کەسک گوڵی یەک باخن، شەهیدەکان گوڵاڵەسوورەی یەک دەشت و شاخن، ئەوە نەما (ئاگرە سوورە, لەخۆم دوورە)، تیرۆریستان, کورەو دۆزەخیان داخستووە بۆ کوردستان، بۆیە حەڵاڵە (شەرعی مار, بە دار)، چونکە کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە، خوێنی هاوبەش, بە ناهەق ڕژانی لە یەک لەش, دەبێ بە ئاسۆیەکی گەش, خوێنی شەهیدەکانی یەکێتی و پارتی گوڵزاری زەردو سەوز جوانترو رازاوترو گەشاوەتر دەکات، بژاری دڕکی ڕیشی تیرۆریستان دەکا لەباخی کوردستان.

# شنەی شاخ و پاشای شانۆ

مەرگ فێربووە، بە ناوەختی، بە سەر سەختی، بۆ بەدبەختی، باڵاسنەوبەرانی شاخ، گوڵە جوانەکانی باخ، لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێ،



ڕایاندەکێشی بۆ گۆڕستان، لەسەوزجاڕی کوردستان، ڕاستە مەرگ لە کەس دانابڕێت، کاتی نییە سەیری ساڵ و تەمەن و توانا ناکات، هەرکەسێ دەستی کەوێ دەیبات، دەیکاتە خۆراکی خاک، مردن بەنۆرە نییە، بەڵام پێشمەرگەیەکمان نەبینی، تێر تەمەن بێ لەژینی،

سەرو ریشی وەک بەفری کوێستان بێ، باڵا چەماوەو دەست بەگۆچان بێ، بەڵکو بەگەنجی و نەوجەوانی، دەڕۆن بۆ بەهەشتی هەمیشەیی،

کانییەکان وشکبوون:

برۆ بنوارە لەئەلبومی یادگاری پێشمەرگایەتی شاخ، چۆن هەناسە هەڵدەکێشی بەحەیف و ئاخ، بۆ جارانی جوانی، بۆ ڕۆژانی پڕ شانازی، کەسی وێنەکان زۆربەی شەهیدکراون، تاک و تەرا بەدەگمەن ماون، ئەو وێنە یادگارییانە، پڕە لە گوڵاڵەسوورە، یەک پارچە شەبەقی نوورە، واماندەزانی لە شاخ، هەر لە شەڕو سەنگەرو تۆپباران و کیمیاباران، هاوسەنگەرانی شاخ شەهیددەبن، کەچی شاڵاوی ڕەشەبای مەرگ نەخۆشی و دەردو بەڵا دەهێنی، لەشار، گوڵی باخ و گوڵاڵەی شاخ هەڵدەوەرێنێ، لەو وشکەساڵییە، کە دارستان و بێستان و گوڵستان، مێرگ و بژوێنەکانی کوێستانی کوردستان، بێ زەوق و بێ شەوق و بێ ڕەونەقن، چونکە ئاسمان و زەوی بێ باران بووەو ئاوەکان نەژیاونەتەوە، کانی و کارێزو ڕووبارەکان وشکبوون و تەڕاییان تێدانەماوە، کەچی کانی چاوەکانی ئێمە تەڕو پاراوە، بەفرمێسک قەتیس ماوە، وەخت و ناوەخت، تنۆک، تنۆک، ئاوی چاو وەک وردە مرواری دەڕژێ و دەپرژێ، هەرجارەی بۆ پێشمەرگەو ئازیزێ،،

ئەو بەهای ژیانی دەزانی:

مردن هێندە هاسان بووە، ژیان ئاهێکە، مردن لە دەماری بناگوێ ی مرۆڤ نزیکترە، لەپڕ لە ناکاو، ڕۆڵەی ڕووخۆش و شیرین، هونەرمەندو پێشمەرگەی دێرین، بەهادینی حەلیم، سپی ساغ و

سـەلیم، لە یەکەم ڕۆژی پـاییزی خەزان، لە دووەم ڕۆژی جەژنـی ڕەمەزان، لە (٢٠٠٩/٩/٢١) بەهـادینم ڕۆیـی، هەی دادو ڕۆڕۆیـی، بەهـادینی عەبـدوڵڵا ئیبـراهیم، ناسـراو بە بەهـادینی حەلـیم، دایـک هەورامـی، بـاوک شـارباژێڕی، خـۆی زێـدی دارول مـوڵکی بابـان بـوو، ڕۆڵەی هەمـوو پارچەکـانی کوردسـتان بـوو، لەجـوانترین تەمەن بـووە پێشـمەرگە، لەدۆڵـی جافـایەتی و شـارباژێڕو دۆڵـی مەرگە، لە(١٩٨٠/١/٢٠) شەڕی عێراق و ئێران نەبووبوو هێشتا،



سـەربازی ڕاکـردوو نەبـوو، بە دووی کـڵاوی بـابردوو نەکەوتبـوو، بەڵکو بە عەشقی کوردایەتی، بە گیانی پێشمەرگایەتی، چەکی شـەرەفی کردەشان، بێ منەت کەوتە تێکۆشان، خۆشاوی ژیانی ڕۆیـی لە شاخی، پێشمەرگەی کورد بوو نەک شێت و یاخی، سـەرەتا لە هەرێمـی چوار ئەوجا لە مەکتەبی عەسکەری، لای شەهید جەمال عەلی باپیرو ملازم

عـومەری، بـڕۆن بپرسـن لەپێشـمەرگەی دێـرین و جەمـاوەرو دارو بەردی کوردستان، لەشوان و گاوان و سەپان و جوتیارانی گەرمیان و کوێستان، لە (شارباژێرو شارەزوورو پشدەرو دۆڵە ڕووت و ئاوەژی و سیڕوان)، لە لوتکەی شاخ، لەتەختی شانۆ، هەموو بەهادینی حەلیم دەناسن، بەهاکەم بەهای ژیانی دەزانی، دەیزانی کفن باخەڵی نییە، بۆیە تەماحی نەبوو لەژێر چادری شین، ڕۆژانی سەختی شاخی دەکردە نوکتەو پێکەنین، لە ژیان و مەرگ نەدەترسا، تێگەیبوو، لەناو شەختەو مشەختی، لە ڕۆژانی سەختی خەبات، گوڵی نوکتەو پێکەنینی دەڕواند، زەردەخەنەو گـوڵاوی خۆشـی دەپرژانـد، سـوعبەتچی و تەنزئـامێز، پەلاروەشێن و وتە بەهێز، قسەخۆشەکانی شنەی شاخ بوو، ڕێکوخاوێن بە پۆشتەو پەرداخ بوو،



جـوامێرو بەوەفـاو قسـەخۆش بـوو، بـۆ برادەرایەتـی بەپەرۆش بـوو، کارگێڕو هەڵسوڕاوبوو دڵسۆز بوو، شاخ و تەختی شانۆی پێ پیرۆز بـوو،

تێکۆشەرو خاوەن هونەر، پێشمەرگەو هونەرمەندو ئەکتەر، لە شارو شاخ گوڵ بووە گوڵ، ئاخر حەیفە ئەو دڵە بکەوێتە ژێر گڵ، نەوەی مامە کوڕنووی ڕاکشاوی گردەکەی سەیوانەکەم بوو، پاشای دراماو دەروێشی کەشکۆڵ و پاڵەوانی گەردەلول و ئەکتەری نامەکانی ئەشرەف و ئەستێرەی ئاسمانەکەم بوو، کۆڵەگەی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان بوو، گۆچان و چراو چاوی کەمئەندامبووەکان بوو، جێگری بەڕێوەبەری گشتی و خۆشەویستی هەمووان بوو، بەدڵنیاییی ڕوون و دیارە، جارێکی دیکە هەرگیزاو هەرگیز، چاوە گەورەو گەشەکەی، برۆ ئەستوورو ڕەشەکەی، پرچە ماش و برنجەکەی، قەڵەم و دەست و پەنجەکەی، بەژن و باڵا رێکپۆشەکەی، دەموچاوە ڕووخۆشەکەی، بەزیندویتی نابینینەوە، قسەخۆشەکانی نابیستینەوە، بەڵام هەرچەند دەکەم بڕواناکەم، نەمابی بەهادینەکەم،، بەڵام دەزانم هونەرو ناوی دەمێنێتەوە، ئەستێرەو گوڵە، دەگەشێتەوە.

# دار هەنارەکەی هەورامان

تەمەن بەفری بەر هەتاوە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ هەڵهاتن و ئاوابوونی ڕۆژ دەتوێتەوە، ئەوە تەمەنە تا درێژتر بێت کورتتر دەبێتەوە، مرۆڤ بەقەد دارگوێزێ ناژی، دیارنییە چەند دەژی، بەڵام پێشمەرگە دێرینەکان بەپیری ڕاناگەن، گەرچی لە مردن ڕاناکەن، ژیان کورتە، گەردوون کۆنە، کەس نازانێ نهێنی مەرگ و ژیان چۆنە.

بەڵام مەرگ بۆ بەدبەختی بەپێشمەرگەی دێرین دەوێرێ، هەر جارەی ئازیزێ، لە ڕیزێ، هەڵدەبژێرێ، لەپڕ بە ناکاوی، بە چاوەڕوان نەکراوی، مردن وەک تیرێ لە کەوان دەردەچێ، یەکێ دەپێکێ لە کفنی وەردەپێچێ، ژیان دەروازەیەکە بەرەو گۆڕو مەرگ، بەربەرەکانی مەرگ، هەر بە شاکارو چالاکی و وێژەو هونەرو خەبات دەکرێ.



شەهید مەهدی

کوڕە خاسەکەی ماچۆ:

ئەورۆ ئەو، سبەی ئێمە، خۆ مرۆڤ هەر دەمرێ، بەڵام ئەوەی بیەوێ بە نەمری بمێنێتەوە، لەلاپەڕەی ویژدان و مێژوو نەسڕێتەوە، هەرگیز بیرنەچێتەوە، دەبێ خەرمانەی نەمری هەبێ پێی بژییتەوە، یادگاری زەنگێکە، دەنگێکە لە دەرگای لە بیرچوونەوە دەدات، خەبات، یەک لەو ڕێگایانەیە بەرەو نەمری دەبات، ئەرێ کردگار، ئاخر سەد ئامان، کوڕە خاسەکەی ماچۆو هەورامان، مەهدی بۆ ڕۆیی و نەما لە لامان، سیاچەمانە یان سیابەختانە، لەو کارەساتە، بەو ناوەختانە، قوربانت نەبم پەیکی شارەزوور، هەواڵی مەرگی مەهدی بۆ هێناین، لە کورەی تەندوور، چزاندی بە دڵدا کردی خوتوور.

ئاوراماو تەژنە بووە:

خۆ عەمید مەهدی (٤٣)ساڵ بوو تەمەنی مابوو، شەنێی گوێز وەراندن نەبوو شارۆ نەکرابوو، مەهدی تەوێڵەیی و تەوێڵ مارۆی هەورامانم بوو، دار خڕکەڵانەکەی بەر ماڵانم بوو، چاوی سەرو ئاوێسەرو هانەکڵێ و چلانێم بوو، بۆ مالیدەرو وارەوەرو گەریاتێ تامانم بوو، عەمید مەهدی حەمە سەعید، ئەو گەنجە بوو، باڵا کورت، بە قەد دار هەنارێکی هەڵەبجە بوو، بەڵام دار هەنارێکی بە بەرهەم و چڕو بەردار، پڕ لە هەناری گەورەو ئاودار، مەهدی حەمە سەعید، لە هەورامان، لە گوندی دۆڵبیان، چاوی هەڵهێنا هاتە ناو ژیان، ساڵی(١٩٦٦)، کەوتە ناو بێشکەو باوەش، هەشت ساڵی خوێندو بە (١٣)ساڵی، بووە بە پێشمەرگە بەمێردمنداڵی، لەگەڵ تێکڕای ئەندامانی خێزانی، لە شاخ ژیاون بەپارتیزانی، بە خانەدانی، ماڵیان بارەگاو هەر

دیوەخان بوو، پێگەی پێشمەرگەو دۆست و میوان بوو، ساڵی(١٩٧٩) چەکی شەرەفی هەڵگرت، بۆ کوردایەتی و لەپێناوی کورد، لە شەڕەکانی شارەزوورو گەرمیان و بالیسان و باری خەتێ و قەندیل بەشداربووە.فەرماندە بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی، سێ جاران برینداربووە، تاڵی و سەختی ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی چەشتووە، لە هەورازو نشێوان، لە شەڕو سەنگەر لە کێوان، ئارەقەی ڕشتووە، ئاوراماو تەژنە بووە، ژیانی بەو چەشنە بووە، لەو ڕۆژەی بیسمیلای کردووە لە کوردایەتی، دەستنوێژی نەشکاوە لە پێشمەرگایەتی، لەگەڵ بانگ و سڵاواتی ڕاپەڕین، دانەبڕاوە، هەرماوە، وەک پێشمەرگەیەکی دێرین، بەمنداڵی لە بن دار وەزێ و ڕەزو ناو باخ، بە گەنجی لەناو ئەشکەوت و شاخ و داخ.

ڕوگەی پیرۆز:

عەمید مەهدی، مینەل مەهدی، هەتا سەریدا لەبەردی ئەلحەدی، پێشمەرگایەتی کردووە بەمەردی، هەر کوردو پێشمەرگەو پاک و دڵسۆز بووە، خاکی کوردستانی پێ ڕووگەو پیرۆزبووە، کەسک و نورانی بووە ڕێگەی، بۆیە بەهەشتە جێگەی، چونکە خەباتی پاکی، مێژووی ڕووناکی، کردەوەی چاکی، نازو خاکی، نیگا نورانی، ڕووخساری جوانی، بزەی لێوانی، قەت بزر نابی، داوەمووی پرچ و برۆو سمێڵی پڕبوو لە شەتڵی پیاوانە، پەیوەندی و پیاوەتی و ئازایەتی لەبەر چاوانە، ئەوکاتەی شارەزوور پەڵەی دابوو بە خوێن، تیرۆرستان هێلکە شەیتانۆکەیان هەبوو لە بەفری میرو بناری سورێن، تیرۆریستە بێ دینەکان دەستنوێژیان بەخوێن دەشوشت، بانگی ناهەقیان دەداو کوڕە جاف و


نەوەی پێغەمبەریـان بێڕەحمـانە دەکوشـت، ئەودەم (مەهـدی) بە بـاڵا کـورت و چەکەکەی، لە ئاسـۆگەی (شـنروێ) بە بەرزایـی شـاخ و سەنگەر دیاربوو، باڵای سێبەری دەکرد بەسەر هەڵەبجەو شارەزووردا، لەوێ گڕی لە بەفر بەردەداو دەستی سەوزی دەوەشاند، گردبەگرد، یاڵ بە یاڵ، گوڵی سەرکەوتنی دەڕواند، بە گوللەی گڕدار بە شریتی کەسـک و سـوور ئاسـمانی دەپڕژانـد، بـاخەوانی، گـوڵێکی، چڵێکـی، نەمامێکی لە باخەکەی وشک بێ خەم دایدەگرێ، ئاخر چۆن مەرگی ئەو فەرمانـــدە خۆشەویســـتە، لەخۆبـــوردوو خۆنەویســـتە، جەرگ و هەناومـان ئـاگر نـاگرێ، هەناسـەی سـەردمان، سـەنگش مەتـاونۆ، هەر بـرامەردەن، دەردی بـێ برایـی مزانـۆ، ئەو ڕۆڵە پـاکە، نمـوونەو تـاکە، هەموو سامانی، دوو مەترە خاکە، با دەستەی دەستپاکی لەپاکی ئەو زاتە، کە هەر خەباتە بکاتە محەک، کە سەرو سامانی کوڕو کچێکە (هاوارو سۆزدار)، دەبێ بزانن، چی جێهێشتووە؟ مەهدی پلەی عەمیدو بەڕێـوەبەرو لێپرسـراو بـوو، لە هەمـوو سـەروەت و سـامان، بەپانـایی دەشـت هەتـا هەورامـان، نە کـێڵگە، نە بـاخ، نە خـانوو، پـارە، تەنیـا گۆڕەکەو کفنەکەی دیارە، پاش (٣٠)ساڵ خەبات، بە ڕووداوێکی خەم و کارەســــات لە (٢٠٠٩/١١/٧) لە وەرگەڕان و ئەرک و هــــاتوچۆ، پەپولەی گیانی فڕی بۆ بەهەشت، شانازی جێهێشت، عەمید مەهدی هەورامــی گەشــمردەیەو هەر زینــدووە، لەنــاو ویژدانــی ئەژنــاس و تێکۆشەران قەد نەمردووە.

ووشە نامۆیەکان:

سیا: ڕەش

پەیک: تەتەر، ئاماژەیە بۆ شیعرێکی حەزرەتی نالّی
شەنی: داری گوێز وەراندن
شارۆ: گوێز خڕکردنەوە
تەوێڵ: نێوچەوان
ئاوێسەر و هانەکڵێ و چلانێ و مالێدەر و وەراوەر و گریاتێ: ناو و شوێن و جێگان لە تەوێڵە
تامان: پەرژین ، تەیمان
ئاوار: برسی
تەژنە: تینوو
داروەزێ: دارگوێز
سەنگ: بەرد
مەتاونۆ: ناتوانێ
گەشمردە: شەهید
ئەژناس: ناسیاو
دەسێوم: دەستێکم
مەرگ وشمە نەوینۆ: مەرگی ئێوە نەبینم.

# شێخ دارای حەفید
# گوڵە یەخەی بەرخۆدان




لە پاش نسکۆ، ئاگری شۆڕش بە نەختێ پووش هەڵگیرسایەوە، بە خوێن وخەبات و فرمێسک و هێسک و پرووسک جۆش درایەوە، بە مووشەدەمەی جوامێری و بیروباوەڕو خۆڕاگری، شۆڕش لە پڕیشکێکەوە داگیرسا ئاگری، چ ئاگرێ، نوور و گڕی کەسک، کەسک، ئەودەمە کوردستان خزابووە دووڕیانێکی تەسک، کە شۆڕشی نوێ گڕو گڵپەی داگیرسا، بەعس واقی وڕماو حەپەسا، چۆن پەیدا بوونەوەو هاتنەوە شاخی؟ چۆن دەتوانن بەرگری بکەن و ببنەوە یاخی؟ نەیاندەزانی کە ناتوانن نەهێڵن هەڵۆیەکان بفڕن، نەیاندەتوانی ویژدان و دڵ و دەروون و ورەو باوەڕ بکڕن، توانییان سەر شاخەکان، دۆڵەکان، ڕێگاو تولەڕێیەکان، شوێنە عاسێیەکان بگرن، توانیان دێیەکان وێران بکەن و سەر سنورەکان ڕابگوێزن، نەیانتوانی بست بەبستی کوردستان بە زەبری چەک و

چڵکـاوخۆرو مـین و سـوپا پۆسـتاڵ قـۆرخ بـکەن و بپـارێزن، ڕاسـتی هەڵگـری کەمە، بـارێکی قورسـە، تونـدو پـتەوە، وەکـو ئەڵماسـە، لەو ڕۆژگارە سەختە، لەو وەختە،




شـێخ (دارای حەفیـد)، نەوەی پیـرۆزی قـوتبی زەمـان و ڕەگەزی پاکی، بە ئەسپەکەی (شێخ مەحمودی نەمر) هاتە شاخ، بەسوارچاکی، بەچـالاکی، بەبـێ بـاکی، ئەوێ ڕۆژێ بڕیـاری پێشـمەرگایەتی دا، بە پـێگەی بەرزی کـۆمەڵایەتی خـۆی، بـرەوی بە کـوردایەتی دا، لە بەرەبابی تاکە مەلیکی کوردستان و نەوەی(کاک ئەحمەدی شێخ)، بەو پەڕی گیانبـازی، فیـداکاری هـاتە مەیـدان بێ درێخ، لەخۆشگوزەرانی

خۆی هەموو ژیان و گیان و خێزان و منداڵی کردە خەڵات، وێنەیەکی جوانیی و پڕ جوامێری دا بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و شۆڕش و خەبات. ئاوات و هیوا بەهاری هەمیشەییە، ورەو خۆڕاگری چارەسەری ڕیشـەییە، ئەوانەی لە یەک کەشـتی دان لەنـاو دەریـا یەک ئاواتیـان هەیە، گەیشتن بە وێستگە، تێکۆشەرو پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی نوێ بەختەوەرن، سـەرکەوتوو بـوون، بە چاوی خۆیان ئازادییان بینی، گەیشتنە ئـاوات، دانەبەزیـن و نەبەز بـوون، دەست نویژیان نەشکا لە خەبـات،. نەمـر مەزن (شـێخ دارا)، خـۆڕاگرو بەتوانـاو کـارا، لە ساڵی(١٩٨٠) شـەڕی عێراق و ئێران نەبوو هێشتا، بـووە فەرمانـدەی (٧)ی بـاڵەک، نـاوچەیەکی چـۆڵ و چیـاو بـێ ئـازوقەو بـێ فیشـەک، دڵسۆزی باشترین سیاسـەتە بۆ سـەنگی مـحەک، ئـاو هەبـوو ئـاوەدانی نەبوو، بەس ئاگرو ئاگردانی هەبوو، لە پێناوی ئازوقە هێنان، بۆ بژێوی ژیـان، چەنـدین پێشـمەرگە لە باڵەکایەتی شـەهید کران. بەڵام شـێخی مـن بە دروشـمی (مەردبە لەسـەر بەردبە)، مەردو مێرخـاس، نـابن پێخواس،



درەوشانەوەی خەبات و ژیان لە بیر باوەڕ دایە، تاقیکردنەوەی مەردایەتی لە مەترسی مەرگ و سەنگەر دایە، ڕەوشتی جوان و خۆشەویستی خەرجیی نییە، هەموو شتێک دەکرێ، دەتوانێ جێگای زانست و سامان و پلەو پۆست و جوانی بگرێ، ژیان کاتێ شیرین دەبێ لە پەنهانیدا، بە ڕەفتارو گفتار لە میهرەبانیدا، چونکە (شێخ دارا) دایکە میهرەبانەکەی بە دەستنوێژەوە شیری پێدابوو، چونکە لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و خانەدان و کوردپەرست گۆش کرابوو، لە ڕێزداری و جوامێری پڕاو پڕ سەرەوریژ، بۆیە لە شۆڕشی درێژخایەن و ململانێدا پشوو درێژ بوو، چاکەکار بوو لە کارکردندا، ناسکی و دڵڕاکێشی لێ هەڵدەقولا،

بەزەیی و ویژدانی بەرانبەر جەماوەر دەجوولا، لە مێرولەو پەپوولەو پەڕەسێلەکەو خاڵخاڵۆکە دەچوو، بە وردی و هێمنی دەجوولایەوەو زوو هەڵنەدەچوو، قەت دڵی کەسی نەدەیێشاند، گەرچی دڵی ناسکیان دەشکاند، گەر لە شتێک نیگەران بوایە، لە سەر یەک چاوەکانی دەتروکاند،. نەمر(شێخ دارای حەفید)، خاوەن جەماوەرو دەرویش و مورید، لە پلنیۆمی شۆڕشگێڕان لە (١١-١٩٨٥/٩/١٤) لە(کانی زێوکە)ی گوندی(هەڵەدن)، هەڵبژێردرا بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕشگێڕان،




دانرا بە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)و لێپرسراوی مەڵبەندی(٢) لە (سەرگەڵوو). مرۆڤێکی تەڤکۆو ئازگار بوو، لە ژیان و کاردا هێندە ڕێزدار بوو، لە بواری کۆمەڵایەتی و کوردایەتی جێ پەنجەی دیار بوو، ئەفسەر، قائیمقام، پێشمەرگە، کادیر، فەرماندە، سەرکردە، وەزیر، ڕامیارێکی هۆشیار بوو. کەسایەتیەکی بەرزو باڵا بوو، گلەیی نەدەکرد، بەڵام دڵ پڕ سکاڵا بوو، یەک چرکە چییە دانەبڕا لە کوردایەتی، ژیانی بەسەر برد بە مەردایەتی، دەسەڵات نییە، ژیان بەدوای مەرگدا دەگەڕێ، هەرچی بکەی مەرگ ناچارییە، ئێخەت هەردەگرێ. شێخ ڕۆیی لە باخی گوڵان، ئێمەش خەمناک بەداخی دڵان، ئاخر چۆن کوورەی دەروون نەیەتە جۆش و کوڵان؟، لە خدری زیندەیان پرسی؟، سوودی چییە تەمەن درێژی؟ غەیری مەرگی ئازیزان دەبینی و پاش مەرگیان ئازار دەچێژی. حەزرەتی شێخ لە (٢٠١٢/١٢/٢٥) هەڵی نەکرد مۆمێکی تر لەسەر کێکی تەمەن، فریشتەی گیان کێشان مەرگ خێراترە لە زەمەن. درووود بۆ دیلان بۆ شیعری چاکی، کوا شێخ، کوا نەوەی ئەحمدی کاکی، کوا نەبەردەکەی ئەم کوردستانە، شێخ لەوێ ماوە یا لە گۆڕستانە، سڵاو سوژدە، بۆ گیانی پاکی بۆ شێخ داراکەی بەهەشتی و خاکی.

# بەرەو تازەگەری گۆڕانکاری لە خوێندندا

سەدە سەردەمێک ڕووناکبیرانی کورد شاعیرانی کلاسیکی لە شیعر پەیام بۆچوونەکانیاندا بەگژ نەزانی نەخوێندەواریدا دەچوون، پێیان وابوو، گەلی کورد بەخوێندەواری دەگاتە ئەوپەڕی مەبەست سەربەستی، بۆیە زانین خوێندنیان بە ئاسۆی ڕووناکی ئازادی، بە ڕێگا ڕەهبەری ڕزگاری دەربازبوون لە دیلی تاریکی، پەستی، چارەی دەردی هەژاری دەوای نەزانی مەرهەمی زامی گەل، بە قەڵغانی تیری دوژمنانیان زانیوە، ڕۆڵیان هەبووە لە هاندانی ڕۆڵەکانی کورد بۆ خوێندن فێربوونی خوێندەواری لەگەڵ ئەوەش تا ئێستاش ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان زۆرە، بۆ ئەم مەبەستە شەپۆلی شاڵاوی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەڵچووندایە، بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردە دواکەتووە.

لە وڵاتانی ئازاد پێشکەوتوو، دیارە زۆربەی خەڵک بڕوانامەدار نییە، بەڵام نەخوێندەواری دەگمەن نموونە عەنتیکەیە، بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا جیهانگیری دنیا وا گچکە لێک نزیک بۆتەوە لە دوورترین دواکەوتووترین جێگا (براگەل دەتوانن خەبەرداری ئەحواڵی دنیا بن)، هەڵبەتە جیهانگیری ڕەنگدانەوەو کاریگەری خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە لە کوردستان شێوازی پەروەردە بگۆڕدرێ، بە تایبەتی لە وانەگوتنەوەو گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان قوتابی مامۆستا زیاتر فێربوون، زانین، هۆگربوون بە قوتابخانە، هەقە تازەگەری گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

گەر سەرنج بدرێ ریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی لەسەر دەربکرێ, دەربارەی ئەو دەربەدەر و پەنابەرانەی کورد لە هەندەران, زۆربەی زۆری منداڵ و نەوجەوانەکانیان کە بە زمانی زگماکی دایک ناخوێنن، بە زمانی بێگانەی ئەو وڵاتەی لێی دەژین دەخوێنن، کەچی یەکەمی قۆناغی خۆیانن زۆر سەرکەوتوون لەچاو قوتابییەکانی خەڵکی ئەوێدا وەک بولبولن.

قوتابی کورد لە کوردستان، لە سەرەتاییەوە ئینگلیزی عەرەبی وەک وانە دەخوێنن، کەچی وەک پێویست زمانەکە نازانن، فێرنابن، هەروەک ئاماژەی بۆ کراوە پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە.

لەگەڵ هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، پێویستمان بەهەڵمەتی خۆشکردن گۆشکردنی نوێکاری هەیە، بۆ ئەوەی قوتابی بە عەشق قەناعەتەوە ڕوو لە خوێندن قوتابخانە بکات، ترس دڵەڕاوکێ لە دەروونیدا پەیدانەبێت، ڕێز و سۆز و میهرەبانی لە نێو قوتابی و مامۆستادا هەبێت، بۆ دەبێ قوتابی لە مامۆستا بترسێ؟ زەندەقی لە ئیمتیحان بچێ؟ گەر ناپلیۆن لێم ببورێ بڕواناکەم قەد ئیمتیحان لە شەڕ ناخۆشتر بێت؟ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دەمێک ساڵ بوو پێشمەرگەیەکی خڕ، قوتە، قەڵەوم لەگەڵدا بوو، کەوتووی سێی ناوەندی بوو، تا بڵێی ڕقی لە مەکتەب و کتێب بوو، لە خوێندن وەڕس بێزاربوو، لە ژیانی ئاسایی پێشمەرگایەتیدا هەرجارێک ماندووباین، بەسەر شاخ هەورازی رک بکەوتباین، ئەو لەبەر قەڵەوی کورتەبنەیی, هەناسەسوار، نیو بست زمانی دەردەهێنا، لە ئارەقە غەرق دەبوو، گەر پێشمەرگەی دیکە پرتە و بۆڵەیان بکردبا, ئەو لەسەر ئەو حاڵەشەوە

بەخۆشییەوە دەیگوت (هەر خۆشە قەیناکە چاک نییە لە مەکتەبێ نین.

مادام مامۆستا وەک مۆم دەسووتێ، ڕێگای تاریک ڕووناک دەکاتەوە، بەوردی پسپۆرانە لێی بکۆڵدرێتەوە, وا بکرێ قوتابی زۆر بەحەز و ئارەزوو ڕوو لەخوێندن بنێ، قوتابخانەی لاشیرین بێ، قوتابخانەی لا بەندیخانە نەبێ، قوتابی و مامۆستا لە ناخەوە یەکتریان خۆش بوێ خوێندکار بەعەشقەوە بخوێنێ ترس و دڵەڕاوکێی لەدڵدا نەمێنێ، مامۆستا وەک دایک و باوک پیرۆزبێ، واز لەخوێندن نەهێنێ.

# هەڵبژاردن



ڕەهبەر سەید برایم                    هەڤاڵ مام جەلال     محمەمەد تۆفیق ئاغا

**بانگەشەی هەڵبژاردنی مانگی ٤ ساڵی ١٩٩٢ کۆیە**

لە بناری چیای سەفین، لە شەقڵاوەی خانزادنشین، کانییەک هەیە بەناوی (کانی دەنگارە)، ئاوی ڕوون و شیرین و سازگارو بەفراوە، شەقڵاوەیی بە موسڵمان و دیانەوە بڕوایان وایە، هەر جارێکی کانی دەنگارە بە ئاوی زۆرەوە هەڵبقوڵێ و بتەقێتەوە، خێرو بەرەکەت دەبێرێ و ساڵ خۆش دەبێ و شەقڵاوە دەبوژێتەوە.

خوایە هەموو ساڵێ کانی دەنگارە بە کوڵ هەڵقوڵێ و بەخوڕ هەڵبڕژێ و ئاوی زۆربێ، بەڵکو خێرو بەرەکەت شەقڵاوەو خاکی کوردستان بگرێتەوە.

دیارە، کانی دەنگارە تەقیوەتەوە، کورد زۆربەی یەک دەنگە، پێکهاتن و ڕێکەوتن هەیە، بەیەک لیستی هاوبەش, دەچنە گۆڕەپانی

هەڵبـــژاردنەوە, ســـەوزو زەردو شـــین و ســـوورو رەنگاوڕەنـــگ بە چەپکەگوڵی جۆربەجۆر بۆ گوڵدانی دەنگدان ڕازاوەن.

ڕێکەوتنی زەردو کەسک، بەڕاستی هەست بە لێپرسراوی کردن و دڵسـۆزی و پەرۆشـی بـوو بـۆ قۆنـاغی ئێسـتای کـوردو کوردسـتان، تەمومژی بێ ئومێدی ڕەواندەوە، هەنگاوە بۆ دیموکراسی، دیموکراسی خەوش بارناکا، گەر دوولایەنیش بێت، بەشی گەشی زیاترە لە ڕەشی، کـارێکی جـوان و بەجـێ بـوو, تـا ئێسـتاش ڕەنگـی زۆربەی جەمـاوەری کوردسـتان زەردو کەسـکە، راسـتییەکە وایە، رەنگـی دیـکەش هەیە، بەڵام کەســـک و زەرد رەنگـــدەدەنەوە, حکـــومەت و دەســـەڵات و پەرلەمانیان هەیە.

نـابێ رەنگەکـان لیسـتی هـاوبەش فەرامـۆش بـکەن، کـارنەکەن و مانـدوو نەبـن، نـاکرێ عەبەسـە، خوێنـدن بەسـە، وەتەوەلا بـوومە مەلا. دەبێ کاربکرێت بۆ زۆرینەی دەنـگ و رەنگی کورد، دەبێ لیستەکان خەڵکی خۆشەویست و بەئەزموون و کەسایەتی تێدابێ، راسـتە دەنـگ دەدرێ بە لیسـت، بەڵام رەچـاوی کەسـەکان دەکرێـت، بەڵام دەبـێ پـاڵێوراوان قورساییان هەبێ، ژیـرو بەپەرزیـن و لەغەمـدابن، رەوشـت بەرزو بە نەزاکەت بـن، بـۆ خۆشـی: کـابرایەکی خـۆش و قۆشـمەچی هەبـوو، لە کـۆیە لەزەمـانی بەعسـدا، خـۆی پـاڵاوتبوو، بە ئاشـکرا بانگەشەی بۆ خۆی دەکرد، دەیگوت: ((هەڵمبژێرن تاحەیای حکومەت بچێت)) هەر لە کۆیە شاعیرێکی دیارو ناودار هەبوو بەناوی (رۆستەم حەوێزی) دەربارەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنـی زەمـانی بەعـس گوتبـووی:

((چ هەڵبژێرم، سەبەتەیەک تەماتە رزیویان داناوەو دەڵێن هەڵبژێرە، چ بە کەڵک نایەت ئاخر چ هەڵبژێرم)).

بۆیە پێویستە پاڵێوراوان کەسانی شایستەو لێوەشاوەبن، نەک ئەوانە بن لە ماڵ و بنەماڵەی خۆیان دەنگ ناهێنن و خۆشەویست نین و بۆ هەموو پۆستێ دەستەگوڵن و بەختدارن لە لای خاوەن بڕیارەکان، لەخوارەوەش نایانەوێن، ڕاپرسییەکی نهێنی بکرێت بۆ ئەوانەی پاڵێوراون، بزانن لە شارو ناوچەکانیان ئەنجامیان بەچی دەگا.


هەڵبژاردن و دەنگدان لە کوردستان ئەزموونێکی وانییە بە ناخی خەڵکدا شۆڕبووبێتەوە، بە هۆی نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و زوڵمی دەسەڵاتداران، کێشەو نارەزایی سرووشتییە تیایدا ڕوویدا، لە ساڵی(١٩٥٢) لە شاری کۆیە پێشبڕکێی حزبی هەبوو، لایەنێک دەیویست هەڵبژاردنەکە سەرنەگرێ, چونکە دەنگیان نەدەهێنا، بۆیە کابرایەکی حەوێزی بەرگی کفنی لە بەرکردو کارتۆنی دەنگدانی فڕاندو دەنگەکانی پەرشو بڵاوکردەوە، دەبێ رەچاوی ئاژاوەو پشێوی بکرێت، چونکە پێشبڕکێ نارەزایی هەیە، بارودۆخ بە دەڵەمەیی ماوەتەوە، هەروا شامی شەریف نییە.

# هەڵوێست و کوردایەتی

پاش نسکۆی ساڵی(١٩٧٥) ڕێکخراوێکی تازە بەناوی (بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان) بەیانی دامەزرانـدنی لە(١٩٧٦/٤/٧) ڕاگەیاند، بۆ یەکەمجار شەهیدی سەرکردە (عەلی عەسکەری) لە گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی، لە وتارێکدا لەبەردەم خەڵکەکەدا, لە(١٩٧٦/٨/٦) وتی: دوای ئەوەی بەچاوی خۆتان شکستی ساڵی(١٩٧٥) دەبینن، هەر بۆیەشە ئێمەش بڕیاری دروستکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیست دەدەین، بزووتنەوە باڵێکی سەرەکی ناو (ی.ن.ک) بوو، لە(١٩٧٧/٨/٣١) یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ناوەوەو دەرەوەی وڵات و بزووتنەوەو کۆمەڵە لە قەندیل کرا، کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک) دیاریکران، مام جەلال بە سکرتێری گشتی دانرا، مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوو لە نوێنەرانی کۆمەڵەو بزووتنەوەو خەتی گشتی، ڕێکەوتن لەسەر سەرکردایەتی دووانەو وەک یەک، ناکۆکی قوڵ و ئاڵۆز لەنێوان کۆمەڵەو بزووتنەوەی ناو (ی.ن.ک) هەبوو، لەگەڵ ئەوەش لەناو بزووتنەوە دوو بۆچوونی تێدا چەکەرە کردبوو، پێکهاتەی بزووتنەوە لەسەرکردەو کادیرەکانی شۆڕشی ئەیلول و باڵی مەکتەبی سیاسی دامەزرێندرابوو، ماکی ناکۆکی لەناو هەناوی بزووتنەوە ڕەگی داکوتابوو، تا کارەساتی هەکاری, سەرکردە دیارو ناودارەکانی بزووتنەوە شەهیدکران، بۆشاییەکی فراوانی دروستکرد، ئەنجام لە نەورۆزی ساڵی(١٩٧٩) بزووتنەوە بەیانی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند،

له(ی.ن.ک) جیابووەوە، بنکەو بارەگایان لە ناوزەنگ و زەڵێ گواستەوە بۆ گۆڕەشێر، بەمجۆرە بزووتنەوە لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردن یەکیان گرتەوە لە(١٩٧٩/٨/٨) حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان پێک هێنا، دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەو بوونیان بەحزب, گروپێک لە بزووتنەوە مانەوە لەناو یەکێتی، هەندێ لە تێکۆشەرانی ڕێکخستنەکانی ناو شاریان هاتنە شاخ، بزووتنەوە ئاهو روحی هاتەوە بەرو سەرکردایەتی نوێیان هەڵبژاردەوە، بزووتنەوە درێژەیان بە خەبات و هاوسەنگەریدا لە ناو (ی.ن.ک)دا، دیارە ئەوکات (ی.ن.ک) سێ باڵ بوو (کۆمەڵە, بزووتنەوە, هێڵی گشتی)، بۆیە بیر لە یەکگرتنەوەی بزووتنەوەو خەتی گشتی کرایەوە، پاش راوێژو وتووێژ لە(١١)ی ئەیلولی ساڵی(١٩٨٢) یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان راگەیەندرا، کە لە یەکگرتنی بزووتنەوەو خەتی گشتی پێک هاتبوو، یەکگرتنی ئەو دوو باڵە شۆڕشگێڕە لەو رۆژگارەدا یەکگرتن بوو دژی ترازان و جیابوونەوە، لە یەکەم کۆنفرانسیدا لە گوندی خەتێی دۆڵی بالیسان ساڵی(١٩٨٣) بەزۆرینەی دەنگ (مام جەلال) بە سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەڵبژێردرا، بەڵام لە کۆنفرانسی دووی ساڵی(١٩٨٤) بۆ بەرژەوەندی و هاوسەنگی و گوشاری کۆمەڵە (مام جەلال) وازی لە سکرتێری شۆڕشگێڕان هێناو (د.فوئاد مەعسوم) بە سکرتێر هەڵبژێردرا، تا یەکبوونەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان، لە کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە نۆکان لە(٣-١٩٨٩/٦/٥)، بە بەشداری (٦٧)نوێنەر، پێشنیازی یەکگرتن و تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان کرا لەناو (ی.ن.ک)دا، سەرەنجام

سەریگرت و لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی, بوونەوەیەک و توانەوە لەناو یەکێتی،




یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان یادی بەخێربێ، لە ژیان و خەباتی خۆیدا سیاسەتێکی ژیرانەی پەیڕەوکردووە، لە ئایندەو واقیع دەرکەوت، بۆچوونەکانی چەند ڕووناک و راستن، فێرگەی وەفاداری و راستگۆیی و پشوودرێژی و رێزلێکتر گرتن و خۆڕاگری بوو، ئەندامەکانی قارەمانی ململانێ بوون، گەرچی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهێزنەبوون، بەڵام بەرگەی سەختی و نالەباری و دژایەتی و دژواریان گرتووە، خۆشەویستی و رێزیان لەگەڵ یەکتر چاندووە. شۆڕشگێڕان گرنگی بە رۆژنامەگەری داوە، چەندین بڵاوکراوەیان دەرکردووە، چاپخانەو راگەیاندنی خۆیان هەبووە، (کۆسار) یەکەم

ڕۆژنامەی شۆڕش بووە بەقەبارەی گەورە (٣٢×٤٠سم) لەچاپ دراوە، ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕان دەریکردووە، لە ڕووی قەبارەوە گەورەترین ڕۆژنامەی ناو شۆڕشی نوێ بووە، گەورەترین ڕۆژنامەی نهێنی کوردیە لەناوچەی رزگارکراودا دەرچووبێت، جگە لە (کۆسار)، (رزگاری) دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، (کوردایەتی) ئۆرگانی شۆڕشگێڕان بووە، (رەوشەنبیری) لەلایەن مەکتەبی رەوشەنبیری شۆڕشگێڕان دەرچووە، بڵاوکراوەیەکی سنووردار بووە، تەنیا بۆ ئەندامان بووە. (کوردایەتی) بەنموونە وەردەگرین، (کوردایەتی) بە گۆڤارو ڕۆژنامە دەرچووە، ناوەکەش (مام جەلال) هەڵیبژاردووە، ژمارەی یەکەمی لە کانونی دووەمی ساڵی(١٩٨٣) دەرچووە، (٦٨) لاپەڕە بووە، یەکەمین بڵاوکراوەی یەکێتی شۆڕشگێڕان بووە، ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕان، تایپ و ڕۆنیۆیەک و چەند ئامێرێکی سەرەتایی بووە، گوازە گوازی پێکراوە، لە ژوورێک نەخۆشخانەو لە حوجرەی مزگەوتی (وەرتێ)و لە سەقزو کانی زێوکەو بەرگەڵوو لە بۆتێ و بالیسان و ناوچەی مەرگە بووە،.

بۆ ڕاستی و دروستی، سیاسەت و هەڵوێستی، یەکێتی شۆڕشگێڕان، ژمارە چواری ڕۆژنامەی (کوردایەتی) کە لە تەمموزی ساڵی(١٩٨٤) دەرچووە، ئەو وەختە گەرمەی گفتوگۆی (ی.ن.ک) بوو لەگەڵ بەعس، لەو ژمارەیەدا لە ڕۆژنامەی (کوردایەتی) کە مانشێتەکەی بەو جۆرەیە (ئازادی بۆ بارزانیە بەندکراوەکان) لەسەرپەڕی لای چەپی ڕۆژنامەی (کوردایەتی) دەربارەی ئەو بابەتە بەو شێوەیە نووسراوە (بارزان لەسەدەیەک خەبات و دەربەدەریدا، بۆ چەند مانگ دەچێت مێرەکانی

بارزانی هەمووی بێ سەرو شوێن کراون و ئافرەت و منداڵەکانیشیان لەژێر بارێکی ناهەمواری و هەژاری و برسیەتی و تینویەتی ئەوتۆ دا) ئەوجـا درێـژەی بـابەتەکە پەڕیـوەتە لاپەڕە(٨)و پاشـماوەکەی بەو شێوەیەیە: (دەژین لە باسکردن نایەت چونکە ڕێگا نادرێت سادەترین پێویستیەکانی ژیانیان بگاتێ و ئاوو کارەباو خواردنیان لەسەر بڕیون بەشێوەیەک کە مەترسی لەناوچوونێکی بەکۆمەڵی ئەم هۆزە قارەمانە لەگۆڕێـدایە کە لەسـەرەتای ئەم سـەدەیەوە بەردەوام دەورێکـی زۆر سـەربەرزو شـەرەفمەندانەیان بینیـوە لەبـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕی گەلەکەمانـدا، بێگومـان ئەو بـارە نـاهەموارەی بەسـەر بارزانیەکانـدا هـاتووە، بەشـێکە لەو مەینەتـیە گەورەیەی کە گەلـی کـورد لەدوای نسکۆوە دووچاری هاتووەو مەترسی لەبوونی وەک نەتەوەیەک دەکات، ئـێمە لەکاتێکـدا ئەو بـارە پڕکارەسـاتە دەخەیـنە پـێش چـاوانەوە داوا لەهەمـوو گەلـی کـورد دەکەیـن کە یـارمەتی تەواوی بـرا بارزانیەکـان بـدەن بەدەنگیـانەوە بچـن، هەروەهـا داوا لەهەسـتی هەمـوو کـوردێکی بەشـەرەف و ویژدانـی هەمـوو مرۆڤێکـی جیهـان دەکەیـن بـۆئەوەی بەرانبەر ئەو لەناوبردنە بەکۆمەڵە ببزوێن و بەهەموو شـێوەیەک هەوڵ بدەن پێشی پێ بگرن و بیووەستێنن).

لە ناوەڕاسـتی لاپەڕە(٨)ی هەمـان ژمـارە، هەمـان بانـگ و هـاوار هەیە نووسـراوە (بـرای کـورد، خوشـکی کـورد هەڤـاڵانی یەکێتـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان، یـارمەتی و کـۆمەکی بنەمـاڵە بـارزانیە لێقەوماوەکان بدەن).

ئیدی سەرپشک بن، ئەو رۆژنامەیە لە کاتێک دەرچووە، چەند ناوو ناتۆرەی نارەوا بۆ یەکێتی هەڵبەستراوە، بەڵام یەکێتی خاراو خۆڕاگرە لەناو و ناتۆرەو جوێن نەترساوە، بۆ راستی بەڵگە لەدواچۆڕی گفتوگۆدا (حاکم عومەر عەزیز) بە نوێنەرایەتی نێردراوە، کەوا داواکان جێبەجێ ناکەن، بارزانیەکان ئازاد ناکەن، بێگومان بارزانیەکان یەک لەخاڵی گفتوگۆو پێداگرتنی یەکێتی بووە، بۆیە عەلی حەسەن مەجید بەحاکم عومەر عەزیز دەڵێت: (روح گله للمام جلال.. مبروک علیکم اولاد البارزانی)،

دووربینی لەسیاسەت گرنگ و ژیریە.

# ناکا سەعدی شیرازی جوانڕۆیی بووبێ؟،

زاناو شاعیری مەزنی ئێرانی (سەعدی شیرازی) دانەری (بستان و گلستان)و چەند پەرتوکی بەنرخی دیکەو خاوەنی جۆرەها پەندو فەلسەفە، چەند زمانی زانیوە، شیعری هەیە بە زمانی فارسی و عەرەبی، سەعدی شیرازی هەر لە شاری شیراز جێگیر نەبووە، گەڕیدەو ئارەزووی خوێندن بووە، پاش تەواوکردنی (علوم رەسمیە) لە شیرازو گەلێ شوێن و وڵات گەڕاوە، پیاوی ناودارو زانایانی جیهانی ناسیوە، لە (مرکز علوم و معارف و دار العلم) لە بەغدا خوێندویەتی، لە (مدرسە ثقافە) بووە، لە دیمەشق شێخایەتی کردووە. لە بەعلەبەگ زانایەتی کردووە، لە حەڵەب ژنی هێناوە، چۆتە شام و حیجازو میسرو مەراکش، لە تەرابلوس دەستبەسەر بووەو لە ساڵی(٦٥٤)ی کۆچی گەڕاوەتەوە شیراز. سەعدی شیرازی ئەو فەیلەسوفە ناودارە، ژیان و نەژادی بەتەواوی ڕوون نییە، هەندێ بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ناوو نەژادو ساڵی لەدایکبوونی، دەبێ سەعدی شیرازی نازناو بووبێ، هەر بەو ناوەش ناسراوە، بەڵام وەک ناوی خودی خۆی بە ناوی جۆراوجۆر ناوی دەهێنرێت، وەک (مشرف الدین مێلح شیرازی و مشرف الدین مێلح عبدالله و شرف الدین ابن عبدالله و مشرف مێلح شیرازی). ساڵی لەدایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵانی(١١٥٩-١١٦٠)زاینی بەرانبەر(٥٨٠)کۆچی، هەروەها پێشیان وایە کە لە ساڵانی(١٢٧٠-١٢٧١)زاینی بەرانبەر ساڵی(٦٩١)کۆچی، کۆچی دوایی کردبێ، وا دەردەکەوێ (١١٠-١١١)ساڵ ژیابێ بۆ

ناسینی نەژادو چۆنیەتی ژیانی دەبێ شیعرەکانی بکرێ بەسەرچاوە، چ بەڵگەو ژێدەرێکی لە گۆڕێدا نییە، بە گوێرەی دێڕە شیعرێکی دەبێ لە بنەماڵەیەکی زاناو ئاینی بووبێ و خۆی وا نیشان دەدات:

همه قبیلەی من عالمان دین بودند
مرا معلم عشق تو شاعری امو خت

بەپێی بەیتێکی دیکەی دەبێ سەعدی شیرازی باوکی زوو مردبێ، سەعدی منداڵ بووبێ، خۆی دەڵێت:

مراباشد از درد تفلان خبر
که در تفلی از سر برفتم پدر

کرۆکی مەبەست ئەوەیە سەعدی شیرازی خەڵکی چ شوێنێکەو چ ڕەگەزێکە؟ مەبەستم نییە ڕەگەزپەرستانە بیسەپێنم و ئەو زانا مەزنە لە نەتەوەیەکی دیکە بستێنم، ئێمەی کورد لەوەتی هەین شارو شوێن و بەشێکی کولتورو کەلەپوورو هونەری رەسەنمان لێ زەوت دەکەن، پیاوی مەزنمان لێ دەستێنن و شوێنەوارمان دەسڕنەوەو مێژوومان دیوەوگێڕ دەکەن.

دەربارەی سەعدی شیرازی هەندێ پێیانوایە باوکی شێخ سەعدی خەڵکی (کازرون) بووبێ. کازرون شارێک بووە (١٣٠)کم لە شیراز دوور بووە، بەڵام چ بەڵگەیەکی متمانەدار پشتیوانی لێ ناکا, بۆ سەلماندنی ئەوەی کە خەڵکی کوێ بووە دەگەڕێینەوە سەر شیعرەکانی و دەیکەین بەسەرچاوە، لە دێڕە شیعرێکی گوتویەتی:

دورگشتم از قبیلم، عمری من برباد شود-حرف ابجد را خوانی، دویست و حەفتادشود

واتا دوورکەوتمەوە لە کەس و کارم، تەمەنی من بە با ڕۆیی، پیتی ئەبجەد بخوێنەوە (٢٧٠)یە بەپێی لێکدانەوەی پیتی ئەبجەدی (٢٧٠) شاری (جوانرود) دەردەچێ، کە (جوانڕۆ)یە، شارێکی کوردانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

٢٧٠ =٤+٦+٢٠٠+٥٠+١+٦+٣

ج+و+ا+ن+ر+و+د= جوانرود

ئەو دێڕە شیعرە گەر بە مسۆگەری هی سەعدی شیرازی بووبێ، گەر دەقی دێڕە شیعرەکە ڕاست بێ و وابێ، چونکە لەدەم بیستراوە, ئەوجا دەبێ ئەو زانا مەزنە کورد بووبێ. ڕوون دەبێتەوەو تەمومژ نامێنێ. دەمێنێتەوە سەر توێژەران و مێژوونوسان و دەروێشانی شێخ سەعدی، کە بیسەلمێنن تا چەند راستە.

پەیکەرو ئارامگای سەعدی شیرازی لە شاری شیرازە، کەوتۆتە خواروی ئێران, شیراز بە ئوستانی فارس دادەنرێ، شێوەی پەیکەرو ئارامگاکەی بە هونەرێکی وەستایانەو بە نەخش و نیگارێکی هونەرمەندانە دروستکراوە، وەختی خۆی (کەریم خانی زەند) شوێنەوارەکەی چاک کردۆتەوە، دارو درەختی لێ چاندووە، بۆتە نزرگایەکی پیرۆز، موسڵمانان بۆ رازو مراز، دیدەنی دەکەن.

سـەعدی شـیرازی هەر بە مـولْکی فـارس دادەنرێـت، بەڵام گومانەک هەیە کە کورد بووبێت، دەمێکە، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی هاواریەتی و فەرمویەتی:

به درێژی له قاف که ڕابوردن
تا به (شیراز)و (ئەسفەهان) کوردن

دەربارەی سەعدی شیرازی وتویەتی:
سەد شەهەنشاه و پادشا مردن
سەیری کە کە کوردی ئێمە هەر کوردن
(سەعدی) ئەیامی خۆی نەبوو نانی
وەکو من بوو گەڕۆک و بێ فانی
ئاخیر رۆژەکیش دەبێ وەعدی
خەفەتم بخۆن وەکو سەعدی

ئاخۆ دەبێ چ زاناو ناودارێکی دیکە کورد بووبێت، ئێمەی کورد پێمان نەزانی بێ، هەر لەو ڕووەوە حەزرەتی حاجی نەمر لە شیعری ئەگەر (کوردێک قسەی بابی نەزانی) فەرموویەتی:
وەرە بابۆت بکەم باسی نیهانی
تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی

سەلاحەدین و نورەدینی کوردی
عەزیزانی جەزیرو مووش و وانی
موهەلهەل، ئەردەشێرو دەیسەمی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەلانی
ئەمانە پاکیان کوردن, نیهایەت
لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی
کتێب و دەفتەرو تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی
مەلاو شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی

ئەوجا کێ دەڵێ سەعدی شیرازی کورد نەبووە؟ چوزانین؟ خۆزگە پسپۆڕان و شارەزایان ساغیان دەکردەوە، چونکە لەبێ دەفتەری ون بوون و فانی.

# حەوتەوانەی شەوی یەڵدا

گەر پشکۆ وکۆلەوژت بە گەشاوەیی بەجێ هێڵا دەبێ بە ئاگرێ، بە ئاوی دوورو پووش ناکوژێتەوە، خۆی لەبەر ناگرێ، گورگ تاوانی کردبێ نەکرد بێ هەر تاوانبارە، تۆبەی گورگ مەرگە، بۆ گیانداران دڕندەو بێ بە زەیی و هارە، ئەو شوانەی شانازی بە گورگ بکات مەڕەکانی خۆش ناوێ،

دەنا چۆن بە گورگ دەنازێ و دیارە شوانی پێ ناکرێ و پێ ی ناوێ، کە چەمێکی لێڵ دەرژێتە زەریایەکەوە، زەریایەکە لێل نابێ و چەمەکە روون دەبێتەوە، ترسنۆک لەکاتی ترس بیر لە هەردوو قاچی دەکاتەوەو ناحەوێتەوە، ئاشتی ناپاکی لە شەڕی رووبەروو زۆر مەترسیدار ترە، هەندێ گومان و گۆتە هەیە لە زامی خەنجەری ژەهراوی بە ئازارترە،

وتە وەک هەنگ وایە هەنگوین و چزووشی هەیە، باخ هەر گوڵ نیە، دڕک و داڵ و پووش و چرووشی هەیە، ئازاری دڕکێک بۆن و جوانی گوڵ لە بیر دەباتەوە، ساڵێک بیر بکەرەوە و چرکەیەک بدوێ، بەر چاوت رون دەکاتەوە، ئەو چاوەی فرمێسک نەرێژێ و نەیبارێنێ، چاو ساغیش بێ نابینایە چ نابینێ، کلیل و قوفڵ بۆ دەستی ئەمین

دروستکراوە، دەرگا بۆ دەشکێنی کە کلیلت لە باخەڵ داناوە، شەیتان چەند فێڵباز بێ قۆچەکانی ناشاردرێتەوە، ئەلماس بکەوێتە ناو قوڕ و لیتەشەوە هەر بە ئەڵماسی دەمێنێتەوە، کە هەتاو دەرکەوت مانگە شەو رۆڵی نامێنێ، ویژدانی زیندوو چاوی خوایە و راستی یەکان

دەبینــێ، ئەوانەی شمشــێر هەڵــدەگرن، ســەرەنجام هەر بە شمشــێر دەمـرن، کـای کـۆن درەنـگ دەسـوتێ و بە زەحـمەت دەکـوژێتەوە، وا چاکە بەبای نەکەیت و کاوێژی نەکەیتەوە، هەر بەڵایەک بێ وەک موسەکە بەکۆیەوە دەلکێ، کۆیە لە گۆمی خوێن و فرمێسک دەخنکێ، ئـاخۆ خـاکی کـۆیە کەنگـین تێنـوویەتی بە خـوێن و ئەشـک دەشکێ، شەهیدی بە کۆمەڵ، کۆمەڵکوژی زیاتر لە کۆیە روویداوە، روون نیە هەروا رێکەوتە یاخود پیلان و داوە، لە درێژترین شـەوی زستان، بە تەقینەوەیەکی تیرۆرستان، زرمەیان لە ویژدان هەستان، لە یادی لە دایک بوونی قاسملو لە شەوی یەڵدا، ماری رەش بەو تێکۆشـەرانەوەی دا، شەهیدان (عەدنانە سووری شێروانی و سەنگەر ستار بانە گوڵانی ) لەگەڵ (٥) ئەســتێرەی درەوشــاوەی حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتان بەنێوی ( ناسر کەریمی، ئەرسەلان عەباس نیا، وەهاب میر خزری، عەلـی قۆیتاســی، ســالار بــاقری ) ئەو حەوت شــەهیدە، حەوتەوانەی شەوی یەڵدان، لە ویژدان و دەروون و ناخی دڵدان، گوڵاڵەی سوورەی خوێنــاوین لە یەک گوڵــدان، دیســان خــوێنی (ی.ن.ک) و حزبــی دیموکراتی تیکەڵ بۆوە، ئاگردانی هێزی پشتیوانی پێ جۆشدراو پێ هەڵ بۆوە، باتێکۆشەران بسووتێنن و بیانکەن بە کوڵەوژ و رەژوو، ئەو کۆستە کۆچی جەستەبوو بۆ گۆر و سەفەری روح بوو بۆ مێژوو،

ئەو دوو کارمەنـدەی هێـزی ئاسایش، بـۆ پارێزگـاری لەوێ بـوون نەک بۆ خۆشی و نمایش، شەهید عەدنانە سووری عەبدوڵڵا شێروانی، وەک هەنـگ بـوو لە ئاسـایش مانـدوو بـوونی نەدەزانـی، راسـتگۆ و دەستپاک و خۆشەویست، لە بەرژەوەنـدی تـایبەتی خـۆی نەدەویسـت،

تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو، خاوەنی دوومنداڵ بوو، هەردووک کوڕ بەناوی ئەلەند و ئەحمەدی، تەمەنیان هەشت ساڵان و پێنج ساڵانن بۆ نەگبەتی و بەدی، چوار براو پێنج خوشکی هەبوو، لە جۆخینی شەرەف پشکی هەبوو، لەگەڵ شەهید سەنگەر بانە گوڵانی، بۆ کوردستانی مەزن بوونە قوربانی، مۆمی تەمەنیساڵی تازەیان دانەگیرساند، تیرۆرستان گورزی نامەردانەیان وەشاند، بە شەهید بوونی سەنگەر ستار بانە گوڵانی،

کەس نەبوو لە ناخەوە نەهەژا بێ ویژدانی، برازای شەهیدی فەرماندە بەکر بانە گوڵانی بوو، شەرەف و ئازایەتی و ڕەوشت بەرزی ناوونیشانی بوو، تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو، چەند بە ئاوات و خۆشخەیاڵ بوو، تازە لە ئاسایش دامەزرابوو، خەون و خەیاڵی زۆر مابوو، دەرچووی زانکۆ بوو لە بەشی کوردی، شکۆفەی ژیانی بای مەرگ بردی، ئەو حەوتەوانانەی شەوی یەڵدا رووباری شەهیدانیان درێژ کردەوە، هێزی پشتیوانیان ژیاندەوە بە کردەوە،

لە درێژترین شەو شەوی یەڵدا، حەوت ئەستێرەی دیکە بوون پەیدا، داگیرساون وەک پرتەو :

حەزرەتی نالی زۆر ببوورە ئەمشەو
( شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو )
زام و ویژدان لەژێر پەیجوورە ئەمشەو
قەڵای هەرمۆتە بەخوێن سوورە ئەمشەو
قیامەت و حەشرو نو شوورە ئەمشەو


کۆیە و هەرمۆتە وەک تەندوورە ئەمشەو
قەڵاو زەویە سپی کێوی توورە ئەمشەو
ئاگر پرژێن و ژێر و ژوورە ئەمشەو
بارەگاو پرسگە خاپوورە ئەمشەو
خەم و خوێناوی و ناسوورە ئەمشەو
بەکر شۆفار فیتنە و فتوورە ئەمشەو
درکی مەم و زین تیژو زوورە ئەمشەو
گەلە گورگ بە لوورە لوورە ئەمشەو
نیشتمانی کورد بێ سنوورە ئەمشەو
کوردستانی مەزن مەغدوورە ئەمشەو
موسڵمان و دیان رەنجوورە ئەمشەو
کەنیسە، مۆم و بخوورە ئەمشەو
خوێنی حەوتەوانە کۆی نوورە ئەمشەو
یادی قاسملوو هێڵی سوورە ئەمشەو
وایان زانی ساز و سەمتوورە ئەمشەو
خۆشی، خۆشی بەزم و مەستوورە ئەمشەو
نەیان زانی تیرۆر دەستوورە ئەمشەو
داوە، چنراوە نەک چنوورە ئەمشەو
لەکن تیرۆرستان کولتوورە ئەمشەو
پرسەی کوردستان بێ سێبوورە ئەمشەو
کورد لەسەر حەقە گەر مەنسوورە ئەمشەو
تاوانی وا، لەهەق بە دوورە ئەمشەو
کورد یەک سەنگەر بێ، مەجبوورە ئەمشەو
قوڕ بەسەر رەقیب پێ مەغروورە ئەمشەو
هەرگیز کورد کۆڵ نادا هەر سوورە ئەمشەو


هێزی پشتیوان پشت ئەستووره‌ ئه‌مشه‌و
پێشمه‌رگه‌ و ئاسایش جه‌سووره‌ ئه‌مشه‌و
مێژوو بینوسه‌، رامه‌بووره‌ ئه‌مشه‌و
هێزی ئاسایش بێ قسووره‌ ئه‌مشه‌و
سوپاس و ستایش
بۆ هێزه‌کانی ئاسایش





شەهید وەهاب میر خزری


شەهید عەلی قۆیتاسی


شەهید ئەرسەلان عەباس نیا


شەهید سالار باقری


شەهید ناسر کەریمی

ئاشنا بوون بە وشە نامۆکان

پەیجوور : تۆژینەوە،

نوشوور : ڕۆژی قیامەت

قەڵاو زەویە سـپی : دوو شـوێنن لە هەرمـۆتە بارەگـای حزبـی دیموکراتی کوردستانی لێ یە ،

بەکرە شۆڤار : تێکدەر – زمان لێ دەر

یادی قاسملوو : لە شەوی یەڵدا لە دایک بووە

چنوور : گیایەکی بۆن خۆشی کێویە، چنارو چنوریش دەگوترێ،

کێوی تـوور : ئەو کێوەیە کەخـوا قسـەی لەگەڵ حەزرەتـی موسا کردووە و نووری خۆی نیشانداوە ،

مەنسـوور : مەنسـوور حوسـێنی کـوڕی مەنسـووری حەلـلاجە خواناسێکی بە ناو بانگ بوو هەر هاواری دەکرد (انا الحق ) سـەرەنجام گیـرا و خـرایە بەنـدینخانەوە و هەزار داریـان لـێ دا هەردوو دەسـت و هەردوو قاچیان بڕیەوە و لاشەکەیان سوتاند ،

گوایە کە خوێنەکەی لەبەر ڕۆیشتووە نوسرابوو (انا الحق )

# نۆ، نۆ دەگرێ،

تا سەر ئێسقان عەشقی شیعرم
شیعر نەبێ بە خوای دەمرم

شیعر منی گەیاندە شاخ
بە کاریگەر ڕۆچووە ناخ

شیرینی کورد نیشتمانم
چەکی بڕوای کوردە شانم

ئاخۆ دەبێ چی بێ شیعر
ڕازێکی پڕ سۆزو سیحر !

مەرگی شیعر کفرە کفر
وەک باران و گوڵ و بەفر




شیعری جوان بە مۆزیک و میلۆدی کوردی، بە هێمنانە، بە چەهچەهەی ژێی عودی، پەنجەی ناسکی دکتۆر هێمن حەمیدی،

هۆڵ پڕ و کش و خامۆش، تەنیا دەنگی شیعر و ئاوازی خۆش، راستە شاعیرەکان زۆرن گەلێکن، بەڵام ئەدیبەکان سەرمایەکی نادیاری هەر گەلێکن، (پۆشکین ) خۆ شیعری نایاب و رەسەن، گەر چی دەگمەنن دەگمەن، ناپرسێ تەمەن، دەمێنێ بە درێژایی زەمەن، نوسەرو شاعیر خۆی دادوەرە لەسەر بابەتەکانی

خــۆی ( ئەدوار گیــۆن) بیتهــۆڤن بــۆ ئەو مەبەســتە فەرمــوویەتی ( شــاعیری گەورە بەنرختــرین مــرواری گەلەکەیەتــی ) ئیمپراتۆرەکـان لەنـاو دەچـن، بەڵام شیعری جوان لە نـاو ناچن، ( هیمۆن ) :



شیعر لە ئاواز دوور بکرێتەوە، وشک دەبێـتەوە( نـازار پـاد ) : شـاعیر وێنەگـرە، وێــنەی گــوڵ و گــڕە . لەکــن ئــێمە لە دەشتی شیعر جاری میهرە جان، زانکۆی کــۆیە نــۆ نــۆ دەگــرێ شــیعری جــوان، نازداری شۆخ ( ژاوێن شاڵی ) شیعری شەماڵی، کانگای خەیاڵی،



وەک خــۆیی جــوان و بەهــرەی خــۆش حــاڵی، گــوڵاو پــڕژینە و خەم رادەمــاڵی، لە تەخــــت و تــــای شــێخ رەزا (کەی قوبــادە)، قوبادی جەلی زادە،

بێ منەت، ئاواتی جەستە ئازادە، شیعری پەپــوولە و ویــژدان و دادە، بــێ رادە، ئەهلــی شـیعری پـێ شـادە، جـگە لەوەی لە قـوڕێکی دیـکەی دروسـتکراوە، لە درەخت و گوڵ و باخ و شاخ خوڵقاوە، بۆیە هەمیشە گەش و گوڵاوە، (هەمیشە روو لە خودا هەمیشە مەست )، (قەڵەمێکی ردێن سپی ) یە هەمیشە سەربەست، لە تەمتوومان و گومان و رووخان و ژانە شیعر و

کـۆچێکی سـوور، ( شـەهید بەتەنیـا پیاسـە دەکـات ) دوور بە دوور، راستە نۆبەرەیە، ئەو درەختە بە بەرەیە. هەر باڵا دەکات. باڵا دەکات.


عەبدولرەحمان فەرهادی

چنگــێ زەنگیــانەی تــر، جــوانتر، دەنکێ زەنگیانەی تر، عەبدول ڕەحمان فەرهادی، دەکاتە گەردانە بۆ گەردنی (کانی) و (جاهید)ی:

خۆر خەریکە
وردە ورە ئاوا دەبێ
شـکور لە هەولێـر بە ئاگـا دەبـێ،
یەکێتی نوسەران ئاوادەبێ،

نەوزاد ڕەفــعەت ( دار هەنــار ) ە، لە ( دارســتانی ئەو بنــارە ) کۆڵەوژ و دەرون پشکۆ،


نەوزاد ڕەفعەت

ئەی گیانە بۆ
من ناوی تۆ
لە ئێسقانم هەڵنەکەنم
لە چوارچیــوەی دڵمــی نەگــرم،
هەڵبواسرێ بە دیوارا .


موحسین ئاوارە

لە قەڵاو منـارە، محسین ئاوارە، بـانگی دیـارە، داسـتان بگـرنەوە ( نـا بـۆ شمشـێری دەم بە خـوێن )، سـێوی شـیعر هەڵـدەدا لە هەر کــوێن، شــەوارەو چــۆراوگەی شـیعر

(دەچنە ڕێواسان ) گوڵناز، گوڵە یاقوتیەکان دەچنن شیعر ناسان، لە ژێر ساباتی شیعردا بە نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ، ئاوارەی باخەوان بە پاچ و کوڵینگ، لە باخەڵی باخدا، لە کیشوەری جوانەکاندا شیعر دەچنێ لەناخدا.



فازیل شەوڕۆ

( فازل شەورۆ ) کۆترێک لە ئاگر لە ئاست جەرگ سووتان خۆراگر، لە سایەی (دارە پیرەکەی کەندە کۆخ ) شنەی شیعری ( بۆ ژووان ) ی شۆخ .



ئارام ساڵح

خاکاو و نازاو و رامانی ( ئارام ساڵح غەفوری )، (ئەوین ژەن) ە وەلاکین دوور بەدووری ، نسکۆ و سووتانی ئەبەدی و تێراوەو حەسرەتی قەدەرە سەبووری، ( نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت ) ە بە ڕەنجوری، (مژدەی مەرگی گەڕەلاوژە ) یە گڕ و نوری ،



هاوژین صلیوه

هاوژین سلێوە، هێماو خاچە بۆ گەردەنی مامەسێوە، مەلەکەو عەلەکەیە بەشێوە، (مێژووی هەرمۆتە ) یە، پچڕینەری ئەو کۆتەیە، کوردایەتی و مەسیحیەت باوڕیتی ڕاستیە نەک گۆتەیە،

د . ئەکرەم خامۆش، بە پەرۆش و ڕێک پۆش، بە شیعری خۆش، بەساز و جۆش، لە هزر و هۆش، دەتکا مەدهۆش،

لە پەپولە و فریشتە دەچێ، لەهەربوارێکیدا بچێ، بەهەرەی لەچەهەرەی دەبێرێ، گورزی مەمەندی دەکاتە دیاری، بەدەست ڕەنگینی، وشەی هەنگوینی، (ڤینۆسی یا شیرینی ) بەهەرە و بەرهەمی خوایە ببینی ،



د. ئەکرەم خامۆش

# کتێب و کتێبخانە

مێژووی کتێب زیاد لە ٥٠٠٠ ساڵ پێشینەی هەیە، لە مێژووی خەت و کتێبدا لەکن میسریەکان بنچینەی هەیە




کژوگیای پەڕەی بەردی (پاپیرۆس)یان بەکارهێناوە، مەرەکەب لە بەرد و خەڵووزو دار و چەسپ دروستکراوە، فڵچە لە مووی حوشترو سەری داری (نەی، زەڵ)یان داتاشیوە ، لەسەر پەڕە بەردی و ئاوریشم نەخش و نووسینیان نووسیوە.

سەرەتای نوسین هەڵکۆڵین بوو، لەسەر بەرد و شاخ و درەخت و خشت، ئەوجا نەخشی نوسینیان لەسەر کەوڵ دارشت، لەسەردەمی ئاشوریەکانەوە کتێب و کتێبخانە پەیدابوون، لەکن میسری و هیندی

و چینــی یەکــان کتێــب پیــرۆز بــوون لە پەرســتگاکان دانرابــوون، (رمسیسـی) فیرعەونـی میسـر هێنـدە کتێبـی خـۆش ویسـتووە، لە ژێـر چاودێری دوو خوای خۆیان (تووت و سافرێن) کتێبەکانیان پاراستووە، لــە مێــژووی کتێبــی (ســوندال) ئامــاژەی پێــدراوە، ســاڵی ٣٩ پ.ز دا یەکەمین کتێبخانـە لـەلایـەن (ئاسـی نیـوس پولیـون) لـە پـەرستگاکانی ئازادیـدا دروسـتکراوە. دامەزرانـدنی کتێبخـانە دەگەرێـتەوە بـۆ هەزاران ساڵ پێش عیسا، دەسەڵاتداران و پاشاکان کتێبخانەیان تایبەتمەند بـوو بە خۆیـان ئەوسا، خەڵک بـۆی نەبـوو ببینێ وبیخـوێنێتەوە، یـان ببـاو بیگەرێنێــتەوە، ئەوێ دەمــێ کــێش وقەبــارەی پەرتــووک، بە بارســت گەورەو قورس، بەناوەرۆک کەم و بچـووک، بەگالیسکە دەگـوازرایەوە، بە کاتێکی کەم و کورت دەخوێندرایەوە، کتێبخـانەی گشـتی نەبـوو، بە گشــتی بــۆ خەڵــک بــێ، کەبــۆ خــوێنەرو خوێنــدەوار بەکەڵــک بــێ، کتێبخانەی ئەسکەندەریە، بە هـەزاران پـەڕە پاپیرۆسی تێـدابووە، ساڵی ٣٩١ زاینـی وێرانیـان کـردووە و کتێبـەکانیـان سـووتاندووە، بـە تاڵانیـان بــردووە. لە کۆتــایی ســەدەی ســێ یەمــی پــێش زایــن (پیرغــام) پەرتووکخـانەی دامەزرانـد، کراوەبـوو بـۆ چینـی خـوارەوەی دابەزانـد، ، خەڵک بۆی هەبوو بیخوێنێتەوە، پەرتووک بباو بیگەرێنێتەوە، بۆ مێـژوو نۆســـەد ســـاڵ زیـــاتر بەر لە ئەورۆ، پەرتووکخـــانەیەک هەبـــووە لەکوردسـتان لە شـاری دیـار بەکـر، پەرتووکەکـانی دەسـتنوس بـوون گەیشـتبوە ملیۆنێـک و چـل هەزار زیـاتر، تاتـارو مەغۆلەکـان هـاتنە کوردستان و ئەو کتێبانەیـان کـردە خـۆڵەمێش و خـۆراکی ئـاگر، نرخـی مێژوویـیـان هەبـوو ئەو تێنووسـانەی دەسـتنووس، بەڵام فەوتـان بـۆ

نەگبەتی کوردو بەد بەختی چارەنووس، تا کتێب زیاتر بێ زانیاری زیاترە، کتێبی باش لە هەموو هاورێیەک چاترە، کتێب جوانی ژیانە، جیهانێکی فراوانە، خوێندنەوەی کتێبی چاک و پڕ سوود، وتوویژ کردنە لەگەڵ مرۆڤی پاک و خۆشنوود، با کتێبخانەکەت هەبێ لە ماڵ بێ ، با باخەڵ و گیزدانت بەتاڵ بێ، گەر باخچەو کتێبخانەت هەبێ، واتە خەمی ژیانت نەبێ، راستگۆترین، بەسوودترین هەمیشە ترین هاورێ پەرتووکە، بۆ زاخاوی مێشک و ئاسودەیی گیان و ویژدان برادەرێکی روح سوکە، گەر پێنووس و خوێندن نەبوایە، ڕەنگە مرۆڤ وەک ئاژەڵ هەڵس و کەوتی بکردایە، خواردن و خواردنەوە و خوێندنەوە پێویستن، لەخۆشیەکانی ژیانن و خواست و ویستن، لە کۆیە کەسایەتیەکی خۆش و ژیر و خۆنەویست هەبوو، بەبیرو باوەڕ چەپ و کۆمەنیست بوو، ئسماعیلی یا رووقیایی، ناسراو بە کەسی کاکی، دوو کوڕی هەبوو بەناوی چاپووک و چالاکی، گەرچی نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئاگادار و هۆشیار بوو، گووتبووی :

خوێندنەوە لە خواردن و خواردنەوە خۆشترە، بێ گومان ئەوەی دەیخوێنێتەوە زیرەک و بە هۆشترە، تەنانەت (جیم ران) پێ ی وایە (خوێندنەوەی بابەتی گرینگ لە خواردن گرینگترە، دەرکەوتووە ئەوەی دەیخوێنێتەوە ژیر و زرینگترە، مرۆڤی ژیر گرینگی بە خوێندنەوە زیاتر دەدات، خۆی پێ دەگەینێ و خۆی بەتوانا تر دەکات، چونکە باشترین هاورێ یە، زانیاری و خۆراکی گیانی پێ یە،

لەناو کوردا بابانەکان قوتابخانە و پەرتوکخانەیان گرینگی پێ داوە، رۆڵیان لە مێژوودا دیارو بەرچاوە، لەسەردەمی سلێمان پاشادا

١٧٥٠-١٧٥١ به چاخی زێرین دانراوه، پەرتوكخانەیان له مزگەوتی گەورەی سلێمانی داناوه، كه به كتێبخانەی (بابان) ناونراوه.

محەمەد فەقێ خدر مارگر – جۆلا، ناوسراو به محەمەده فەندی، ١٩١٥ كۆیه -٢٠٠٣ بێركۆت، وەک چرا هەڵگرێكی داهێنەر له خۆری ڕادی، یەكەم كتێبخانەی فەرمی كردەوه له سلێمانی بەناوی كتێبخانەی (ئازادی).

پەرتووكخانه مەڵبەندی پرشنگداری ڕووناكبیری و سەرچاوەی زانیاری و فێربوونه، هی هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵه خزمەتگوزاری گشتی یەو ئامانجی ڕوونه، كتێبخانه زانكۆی گەله، بۆ گشتیه و هی كۆمەڵه.

كتێبخانەی خانەقای بیاره، مێژووی دامەزراندنی دیاره، له ساڵی ١٨٨٥ بنیات نراوه، كتێب و دەسنوسەكانی له لایەن بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی پارێزراوه، تەنانەت له یۆنان و مەدینه و توركیا كتێبیان به دیاری بۆ هێناوه.

بیرۆكەی دامەزراندنی كتێبخانەی گشتی كەركوک له ساڵی ١٩٣٢ سەری هەڵداوه، لەو وەختەوه كتێبخانەی گشتی لەوێ دامەزراوه.

كتێبخانه له كۆیه، لەسەر دەستی چەند ڕوناكبیرێک، هەروەک دڵدار و حەمەدەمین مەعروف و عەلی عەبدۆڵلا و محەمەد حەوێز پێشنیاز كراوه، كه شامل یەعقوبی قایمقام بووه، كتێبخانەی حاجی قادری كۆیی دامەزراوه، یەكەم كەس (جەمالی وەستا قادری سۆلدرووی) لەسەر دانراوه.

دوایـی زاهیـر سـەعیدگارِفێن و عەبـدول رەزاق حەکـیم و سـاڵح شـەمس و مـحەمەد شـوان بەرێوەیـان بـردووە، کـاری رامیـاری و کوردایەتی یان تێدا کردووە، لایەنی (پ.د.ک) یان گرتووە، تا ساڵی ١٩٥٧، بەرامـبەر بەو کتێبخـانەی کـۆیە سـاڵی ١٩٤٦ کـراوەتەوە، تەحەروورو چەپ و حزبی شیوعی بەرێوەیان بـردووە، دڵدار و شێخ ئەنوەری سەید ئەحمەد و ئەحمەد دلزار سەرپەرشتیان کردووە، تا ساڵی ١٩٥٢ .

هەردوو کتێبخانە بۆ کاری حزبی و رامیاری بووین ، بۆ ململانێ و پێشـبرکێ ی زانیـاری بـووین، بە خوێنـدنەوە و گفتوگـۆ بەربەرەکـانی یەکتریان کردووە، بە مەبەستی سیاسی بەکاریان بردووە، بەریتانیەکان بەناوی (کتێبخـانەی رۆشـنبیری پەیوەنـدی بە بەریتانیەکان) کـردەوە، لەناویـانەی شـاری کـۆیە، بـۆ پرِوپاگەنـدەی ئینگلیزەکـان بـوە بـنکەو مەکـۆیە، گۆڤاریـان بە خـۆرایی دابەشـدەکرد، وەک گۆڤـاری پەیـام و دەنگی گێتی تازە، ئینگلیزەکان دایان مەزراند بوو بەو نیازە، بیـرۆکەی خۆیـان تێـدا بـڵاو دەکـردەوە، لەڕووی سیاسـی یەوە چیـان نەکـرد بەکـردەوە، سـەرەنجام دەرکەوت، بـۆیە داخـراو سـەرنەکەوت ،، بینـای قوتابخانەی ئولا تێکدرا، کە (هادی چاو شلی) قایمقام بـوو کتێبخـانەی گشـتی سـەلاحەدین، دامەزرا لە ١٩٥٧/١٢/١ خەڵکـی کـۆیە، زیـاتر ئاسۆی هۆشیاری لێ بەدەرکەوت، خوێنـدەوارەکانی کۆیە بە دەرزەن و کارتۆن و بە دۆلاب، کتێبیان پێشکەشی دەکرد، کتێبی باش و نایاب،

دوایی ئەو بینایەش نەما، کرا بە پارکی شـەهیدانی قورەبەرازە، لە شـوێنی ئینحیسـاری کـۆن تێـدا دروسـت کـرا بینـایەکی تـازە، بە

شـێوەیەکی مـۆدێرن و بە جـوانی ئەنـدازە، بەهیمەتـی مـام جەلال تاڵەبانی، بناغەی لە ٢٠٠٤/٩/٢٠ داندرا، لە ٢٠٠٦/٤/٢٥ تەواوکرا،

کتێبخانەی گشتی حاجی قادری کۆیی لە ١٢ هـۆڵ پێک هاتووە، هەر هۆڵەی بەناوی کەسایەتی و ناودارێکی کۆیەی لێ هاتووە، هـۆڵی حـاجی قـادری کـۆیی – هـۆڵی مەلای گەورە –هـۆڵی دڵـدار –هـۆڵی ئەختەر –هۆڵی سەید برایم –هـۆڵی عەونی- هۆڵی تایەر حەوێزی – هۆڵی رۆستەم حەوێزی – هۆڵی عومەر دەبابە –هـۆڵی نەجیبە خان- هـۆڵی سامی عەوداڵ، هـۆڵی زەکـی هەنـاری، کتێبخـانە بنەوانگەیەکـی روناکبیری و پڕ زانیاریە، خوێندنەوە ویستە و عەشق و ئارەزوویەکی هەسـتیاری یە، پەڕتـووک بەردەسـت و رێگەیەکـی بەر هەسـت و هۆشـیاریە، کتێبخـانەی گشـتی حـاجی قـادری کـۆیی ٤٢٤٣٩ کتێبـی تێدایە، لەگەڵ ١٠٨٥٧ گۆڤار، پڕ لە کتێبی نایاب و گران بەهایە، ئەو ئەمینـدار و لێپرسـراوانە و بەڕێـوەبەری بـووین ، بە گـوێرەی سـاڵ و زەمان، هەمیشە ئەو کتێبانەیان پاراستووە بە دڵ و بە گیان :

١-زەکی ئەحمەد هەناری لە ١٩٥٧/١٢/١-١٩٥٨/٩/١ ئەمیندار

٢-عەبدۆڵلا کاکە لە ١٩٥٨/١٠/٤-١٩٥٩/٤/٣ ئەمیندار

٣-عەبـدول سـەمەد حـاجی تەهـاحەوێزی لە ١٩٥٩/٥/١٠ – ١٩٦٧/٥/١٣ ئەمیندار.

٤-بـایز شـێخ کەمـال بەرزنجـی لە ١٩٦٧/٥/١٣-١٩٦٨/٥/٢٦ لێپرسراوی کتێبخانە.

٥-کازم حـاجی قـادر ساڵح لە ١٩٦٨/٥/٢٦-١٩٧٠/١/٢ لێپرسراو ی کتێبخانە.

٦-نەجـات عەبـدۆک لە ١٩٧٠/١/١٢-١٩٧٠/٧/٢٧ لێپرسـراوی کتێبخانە.

٧-ئەنوەر سەید وەلی لە ١٩٧٠/٨/٩ – ١٩٧١ ٣/٣١ لێپرسراو
٨-صەباح عەونی عەلی لە ١٩٧٠/٥/٦-١٩٧٢/١٠/٩ ئەمیندار
٩-کــازم حــاجی قــادر ســاڵح لە٢٣ /١٩٧٢/١١- ١٩٧٤/٨/٣ لێپرسراو.
١٠- مەمەند تەها لە ١٩٧٤/٨/٣- ٣١ /١٩٨٠/٧ لێپرسراو
١١- نیشــتمان حــمە ئەحــمەد غەفــوری ١٩٨٠/٨/١-٢٠٠١/٣١ لێپرسراو.
١٢- ئارام ساڵح ئەحمەد غەفووری لە ٢٥ /٢٠١٤/٥ بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە .

وەک ویـژدان لەوەتـی ئـارام سـاڵح بە بەرێـوەبەر دانـراوە، چەنـدان سیمینارو کۆڕ و ئاهەنـگ و ڕێزلێنانی تێـدا گێـڕدراوە، گەرم و گـوڕ و تـازەگەری و جـۆش و خرۆشـی بە خـۆیەوە بینیـوە، گەشـەی پێـداوە، ڕێکیخســـتوە گـــوڵی گەش و گەورەی لـــێ چنیـــوە، جـــوڵانەوەیەکی ڕەوشــەنبیری وای تێــدا خولقانــدووە، لە مێــژووی کتێبخــانەی کــۆیە نمــوونەی نەبــووە، بەعەشــق و خۆشەویســتی یەوە بە بــاخی کتێــب مانــدووە، ئەو کتێبخــانە گشــتی یــانەی کەســەر بە بەرێــوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتیەکانی کۆیەن :

١-کتێبخــانەی گشــتی تەق تەق لە ٢٠٠٢/١٢/٢٩ دامەزراوە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە (عومەر شوکر مستەفا) لێپرسراو.
٢-کتێبخــانەی گشــتی بالیســـان لە ٢٠٠٤/٤/٢٧ دامەزراوە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە (محمەد جەمال ئەحمەد) لێپرسراو .
٣-کتێخانەی گشتی سکتان لە ٢٠٠٩/٥/٤ دامەزراوە لە سـەرەتای دامەزراندنیەوە (جەلال عومەر ئیبراهیم) لێپرسراو.
٤-کتێبخـانەی گشـتی ئاشـتی لە ٢٠١١/٤/١٢ دامەزراوە سـەرەتـا (ژاکــاو کەریــم عبــدالله) بــۆتە لێپرســراو تــا ١٢/١٢/ ٢٠١١ لە ٩ /٢٠١٢/٥ (وەرزێر سەمەد مامە ڕەسوڵ) بۆتە لێپرسراو

٥-كتێبخانەی گشتی سێگردکان لە ٣٠/١٠/ ٢٠١٣ دامەزراوە تا ٢٠١٥/٣/٣١ (هێمن رەزا محمد) بۆتە لێپرسراو لە ٢٠١٥/٤/١ (حەمید ئەکرەم حمید) بۆتە لێپرسراو

فەرمانی وەزاری هەیە بۆ کردنەوەی هەریەک لە کتێبخانە گشتیەکانی (هەرمۆتە و ئیلنجاغ) بەڵام نەکەوتۆتە بواری جێ بەجێ کردن، بە هۆی نەبوونی بینای تایبەت حەیف و داخ ،

تا ئێستا کتێبخانەی گەڕۆک و کتێبخانەی ئەلکترۆنی نەکەوتۆنەتە گەڕ. کتێب دۆستێکی ڕاستەقینەو خۆشەویستێکی خەمڕەوێن بووە، تەوەرێک بووە بۆ تێکشکاندنی دەریای بەستەلەکی وجود ماک و هەوێن بووە، بێ کتێب ژیان چۆلەوانییە، کتێبی پر زانیاری فریشتەیەکی پر جوانییە.

سەرچاوەکان:

*مێژووی کتێب (سونددال) و. ئەدهەم ئەمین.

*مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی- مارف ناسراو.

*چەند بابەتێک سەبارەت بە کتێبخانە و زانیاریەکان. و. یاسین قادر بەرزنجی.

*مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لە کتێبخانەکانی گشتی کەرکوکدا. حەمەدیان.

*وتەی ناودارەکان.

*مێژووی کۆیە- تاهیر حەوێزی.

وشە نامۆیەکان:

ویستەناو؛غەریزە

بنەوانگە؛ مرجع

بەرهەست؛ مەلموس

# هەمینەخان
# گوڵی گەشمردەی ناو باخان



ژن سروودێکی پڕ ئاوازی ئاسمانی یە، گوڵێکی بۆنخۆش و ترۆپکی جوانییە، سەرچاوەی شادمانی و میهرەبانییە، ژن نهێنییەکە کلیلەکەی خۆشەویستییە، دەنگی ویژدان و هێزی ڕاستییە، زەوی و دۆزەخ بە زمانی ئافرەت فەرشکراوە، چی پیاو هەیە لە کۆشی ژن فرچکدراوە، ئامێزی دایک ئاسودەیی و دڵنیایی یە، سۆز و خۆشەویستی بێ کۆتایی یە، دڵی دایک فراوانترین ڕووبەرە لە گەردووندا، چاوی دایک قولترین کانییە لە بێگەردی و ڕوونیدا، میحرابێکە لە ئاڵتووندا، فرمێسکی ژن سەرمایەیە، بەڵگەیە، چەکی دەستە، ئەنجامێکی سرووشتییە بۆ سۆز و هەستە، هەتاو دەتوانێ ئاو وشک بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێ کانی چاو وشک بکات، بەهێزترین شەپۆلی ئاو، فرمێسکە، گەرچی بەنمە نمە و تنۆک تنۆکە، دەریایەک دەبێ، فرمێسکەکان کۆبکرێتەوە، گەورەترین ئاگری پێ دەکوژێتەوە، دایک شاکاریی سرووشتە، هاوشانە لەگەڵ فریشتە، یەک دایک چاکترە لە سەد مامۆستا، ئافرەت سومبوڵی مانا و هەستە.

دایکێکـی بـاش چەنـدان مامۆسـتا دەهێنـێ، بەوانەکـانی ڕۆڵەی ڕەوشت پاک و چاک و چالاک پێ دەگەینێ ، ژیانی ژن خۆشەویستی و ئازار و قوربانییە، تاجی پەروەردگار و میهرەبانییە، دڵی ژن ئاگر و پشکۆیە، پیاو پێی دەسوتێ بۆیە، ئەوەی گوڵ دەچێنێ و کۆی دەکاتەوە، نـابێ لە درِک بترسـێ و خـۆی دوور بخـاتەوە، بـێ دەنگـی و ئـابڕوو



جـــوانترین ئارایشـــتی ئـافرەتن، نمـوونەی ئەو پەڕی شـــــەڕەف و کەرامەتن، ئابڕوو لە ژن جـــــوانییە، لە پیـــــاو میهرەبـــانییە، پیـــاو بە ڕەوشـــــــتی نەک بە گیرفـانی، ئـافرەتیش بە ڕەوشـــــــتی نەک بە جـوانی، گەرچـی ژنـی جـوان بە هەشـت بیـر دەخـاتەوە، زەردەخەنەی دەرگـــای بەهەشـــت دەکاتەوە، ئافرەت وەکو گۆی زەوییە کە گەیشتە خاڵی کۆتایی، بۆت دەردەکەوێ تازە بە تازە لە خاڵی سـەرەتایی، ئافرەت هەمیشـە وەک مانـگ هـاوڕێی زەویـیە، وا

نەزانن هەر لە چوارچێوەی ماڵ ماڵی و کەویە، ئافرەت گوڵی ڕێگای ژیان و ئاگردانی ماڵە، وەک خۆرێکی پڕشنگداری ئاسمانی ساماڵە.

بەرای فۆتــۆگرافەران و نیگارکێشــان و هــونەر دۆســتان، وەک دەرکەوتووە جوانترین هەور کەوتۆتە ئاسمانی کوردستان، بەشێوەیەک، بەدیــمەن و نەخــش خــۆی دەنــوێنێ، بە سرووشــتی و خــوا کــردی، جوانییەکی وا دەخولقێنێ، شاری کۆیەش ئاسمانە بچکۆڵەکەی جوان و پڕ ئەستێرەی پڕشنگدارە، بەهرەی لێ دەبارێ، هەڵکەوتووی زۆرە، پڕ لە کەسایەتی ناودارە، هەروەک هەمینەخانی گومناو، شـەهیدێکی بە نــاهەق کــوژراو و غەدر لێکــراو، هەمینەخــانی حــاجی تــۆفیقی مەلا حەوێزی باوەکری، بە ١٣ ساڵی شووی کردووە بە حەمە سەعیدی حاجی سابیری مام خدری، لە بنەماڵەیەکی ناودار و پایەداری شاری کــۆیەن، لە ئــاگردانێکی گەشــاوە و ئەو درەخــتە بە پەل و پــۆیەن، هەمینەخـان بەرەچەڵەک، ڕەگیـان دەگەریـتەوە سـەر هـۆزی سورچی، (لەسەرچیاوە) هاتوون بۆ کۆیە، زانراوە لەبەر چی، هەمینەخان بە مێرد ســالحی و لەپ زێــرین، لەقەڵای دمــدم و بنەمــاڵەیەکی دێــرین ، بە ڕەگەز و ڕەگ، لەدایــکەوە بەگ، هەمیــنە خــان ئەو درەخــتە بەرز و ڕیشە قوولە بووە، ماهی من تەنیا مەهێکە (٧) چڵە دار و سێ گوڵی گرتووە: (صلاح، د. ساڵح، سلێمان، د. عەتیە، د. سەبریە، مەسعوود، ســەباح ، ئــازاد، ســەیفەدین، د. ســەرباغ) قوتابخــانەیەک بــووین لە زانســت، بە کەسایەتی و خۆشەویســت، براکانی (خـدر، مەلا عەلـی، فەتاح، خارە عەبدەی میر سەیدی، حەوێز) خوشکەکانی (حەبیبە، فاتم، خەجاو، ڕەحمە، ئامینە خانی دایکی شەهیدی سەرکردە د. خالید)

زاواکانی (د. نوری تاڵەبانی، وشیاری کاکە زیادی، د. بەرهەم سالح) ڕەگیان هێندە بڵاوە، لە خزمایەتی پشکی گەورەیان پێ بڕاوە، هەمینەخانی دەروون باخەوان، جەستە باخچە، رازاوە بووە بە گوڵ و خونچە، خان و مان و ژنانەو خاتوون و بانوو، لە حەوشی گەورە بۆتە گەورەکابانی سەر پۆلووی کوانوو، خێرخواز و مێوان نەواز و بە پێشواز، دڵنەوازو جێ ی شاناز و بە شێواز، خانمێکی چاوکراوەو کۆمەڵایەتی و خزم دۆست و خوێندەوار، عەرەبی زانیوە، حەجی کردووە، قورئان خوێن و بڕوادار، دونیا دیتە بووە، ئەوروپا گەڕاوە بە گەشت و خۆشی و دیدەنی، نەک هەر لە کۆیە و ماوەیەک ژیاوە لە بەغدا و لەندەنی.

لە سەرەتای ڕاپەڕین بە هۆی پاشا گەردانی و زۆری و بۆری چەکداری لایەنەکان و بۆشایی دەسەڵات، زۆر تاوان قەومان لەناو شاری کۆیە، وەک کەتن و کارەسات، لەو ماوەیەدا پەپوولەو پەرەسێلکە و کۆترۆکە کوژران، بە ناهەق بە زوڵم، ئەو تاوانانە ئەنجام دران، هەروەک ، کوژرانی مام عیزەت کەپوول و مامۆستا محەمەد و سوعادی خێزانی و کوڕە بەخێوکراوەکەیان (پێویست) و مشیری حەمە خەزایی و ئەرسەلان ئۆمەر و ڕزگار مەمەند و ئامانج مەحمودی ئایشە ڕەش ... سوتەمەنی زیاتر، خۆشتر دەکا ئاگر،

لە ١٩٩٢/٩/٢٩ هەمینەخان لە ماڵەکەی خۆی کوژرا، لەخت و خۆرایی خەڵتانی خوێن کرا، چۆن دڵیان هات بیکوژن، هەمینە خان ژن بوو ژن ، ئاخر بۆ ؟ بەکام هۆ ؟ هێند بێ گوناه بوو، خودا گەواه بوو، دڵی دایک فراوانترە لە ڕووبەری خاکی زەمین، بەتایبەت دڵە پاک و جوانەکەی دایە هەمین، ئاخ بۆ (مەکسیم گۆرکی)یەک،

چیرۆکی دایکە هەمین داڕێژیٚ بۆمان، ، وەک (دایک) و (لە دایک بوونی مرۆڤێک)، بکاتە چیرۆک و ڕۆمان، رۆمانێکی وا کاریگەر دەبوو، چونکە هەمینەخان چەقۆی لەسەر نەبوو، مەڕ لە گورگ دەترسا کەچی شوانەکە سەربڕی، کەوڵی کرد و کووت کوتی کرد و ورگی دڕی.

ئەوتاوانانە نا شاردرێنەوە، مانگ هەمیشە لە پشت هەوران نامینێتەوە، مرواری لەتاریکی دا دەدرەوشێتەوە، ئەو ڕووداوانە کارەسات و تاوان بوون، زوڵمی زۆرداران و دڕندان و نا پیاوان بوون، مێژووی کۆیە یان لەکەدار کرد ، ویژدانی مرۆڤایەتیان بریندار کرد، ٢٩/ ٩ ی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانی دڵە، بەڵام لەکن ئێمە ساڵرۆژی دڵشکان و هەڵوەرینی گوڵە، کە دڵ دەشکیٚ دەنگی نایە بەس بە ئازارە، قسەی وا سارد هەیە وەک گوللەی گڕدارە، سوتێنەرو کاریگەرە، ناخ تەزێن و هەژێنەرە، زمان وەک چەقۆیەکی تیژ دەتکوژیٚ، بیٚ ئەوەی یەک تنۆک خوێن برێژیٚ.

با برین و ئازار چیتر نەکولێتەوە، یادی ئازیزان بەخۆشی بکرێتەوە، بەگوڵ و ڕێحانە و گۆرانی برازێتەوە، ئاشت بوونەوە و لێکتر گەیشتن یاسایی یە، لیٚ بووردن و لیٚ خۆش بون، رق لە دڵ نەمان ئاسایی یە.

با نەوەی نویٚ بە خوێن و تۆڵەو رق رانەهێنین، تۆی خۆشەیستی و لیٚ بوردەیی لەناو دڵ و دەروون بچێنین،

هەمینە خانی بیٚ تاوان و پاک ڕەوشت و گیان فریشتە،
رەنگکرا بە خوێن، گوڵاڵەی سوورەی باخی بەهەشتە،
بەشادی و خەندان، گەردن ئازادان
نەمرو زیندوو بیٚ، بژین لە یادان

- گەشمردە: واتە شەهید بە زاراوەی هەورامی

# گوڵی ڕەشی ژاکاو لە باخچەی گەلاوێژ



ئەوەی گــــوڵ پێشــــکێش دەکـــات، گوڵاوی لێ دەتکێ، مرۆڤی هەست ناسک و خـــاوەن بەهـــرە و قەڵەم بە دوژمـــن ناشکێ، بەرزترین بڕوا، بڕوا بەخۆ بوونە، هۆی ئاسوودەیی ویژدان و دڵ و دەروونە، زێر لەناو قوڕیشدا بێ نرخی خۆی هەیە بەتیـزاب نـاتوێتەوە، گەوهەرو جەوهەری خـــۆی لەدەســـت نـــادات بەســـاغی دەمێنێتەوە، بەردی بناغەی متمانە ، کارو ویژدان و پەیمانە، مەرگی راسـتەقینەی مـرۆڤ مەرگـی هیواکـانە، بـێ ئومێـدی و رەشـبینی کوژانەوەی چراکانە، مەرجی بەختەوەری و بوێری و بێ باکییە، بۆیە هەمیشـە ڕووی لەتیشـکی ڕووناکییە، شـێت و شـاعیر و عاشـق یەک هەوێـن و مـاکن، چـونکە شـەیدای خەیـاڵاتن و نـاخ سـپی و پـاکن، لەجوانیەکانی ژیان، خۆشەویستی و نان و ئازادییە، مافێکی سرووشتی و بێ زیادییە، ئەوکەسەی ژیرە، پیری لەبیرە، بەڵام زوو پیر دەبین، درەنـگ ژیـر دەبـین، توانـای گەنـج و ژیـری پیـری، پێویسـتن بـۆ سەرکەوتن و تەگبیری، ئەگەر گوڵەکان رەنگیان نەبوایە بەهارو باخ بێبەهـا دەبـوون، گـوڵزاری ڕەنگـین وبۆنخـۆش دەبێـتە فێنکـی دڵ و

دەروون، لەباخچەو سرووشت گوڵی رەش دەگمەنە، لەناو گوڵان ناوازەو بەرچاوو دیمەنە، کەسێک نەتوانێ بیرو بۆچونەکانی دەرببڕێ،




هەرگیز بەمرۆڤێکی زیندوو دادەنرێ، زانست دەریایەکی بێ کۆتایی و بێ لێوارە، کاروانێکی نەپساوەیە قەت ناوەستێ هەربوارە، گەرمردووەکان قسەیان بکردبا، مێژوو دەبوە درۆ و گەردی بەربا، لەگەرەکی قەڵاتی شاری کۆیە لەساڵی ١٩٤٦، لە کێڵگەیەکی بچکۆڵانە گوڵێکی ڕەش، چرۆی کرد رەشکۆکەو گەش، زیقەی لێهەڵساو کەوتە باوەش، ناونرا (جەواد) کوڕی حەمەد بەگی ساڵحە ڕەش، ساڵحە ڕەش پەیکی شارەزای حاجی قادری کۆیی بوو بۆ ئەستەنبۆڵ، لە کۆیەڕێ نامەو شیعری دەهێنا و دەبرد شار بەشار دێ بە دێ دۆڵ بەدۆڵ، پاشە بەرە، مامۆستا جەواد، باوکی خۆی نەدیوە لەبونیاد، سەرەتای و ناوەندی لەکۆیە خوێندووە، بە باخەوانی و شاگردی دارتاشی خۆی ژیاندووە، لەخوێندن نەوەستا، تا بوو بە مامۆستا، چل ساڵ هاواری کرد بەو جۆرە، (دارا دوو داری دی، دۆی دادە ئاوی زۆرە) قوتابیەکانی ریز دەکردن لەحەوشەی قوتابخانە، دەیپشکنین و ئامۆژگاری دەکردن بەر لەگوتنەوەی وانە، جۆشی دەدان بەسروودی مەشخەلانی

نیشـــتمانی، بەســۆزی کـوردایەتی ئاســوودە بــووە ویژدانــی، بەردەوام دەوامــی کــردووە، یەک چــرکە مــۆڵەتی وەرنەگرتــووە، بەپەروەردە و مەرام:

من منداڵێکی ساوام
لەسەرەتای ژینم دام
هەر لەدەرسی یەکەمدام
وای فێر کردووم مامۆستام ،
ڕۆڵەکاتی تەنگانە
نەچیە باوەش بێگانە

مامۆستا بووە لە (خرابە و شەوگێرو تەکەور و کێلە خوارە) ڕێژەو پەروەردەی وەک تیشکی هەتاو دیارە، بەشەش ساڵی کتێب و گۆڤارو دیوانە شیعری خوێندۆتەوە، بە شیعرو وشەو زانیاری مێشکی خۆی کردۆتەوە، عەشقی خوێندنەوە بووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری، ئەحمەد دلـزار و عەبدوڵڵاپەشـێوو مەجیـد ئاسـنگەری، ئاسـۆی بەهـرەی لـێ بەدەرکەوتووە لەدەم کەڵ، بۆیە (ئیبراهیم دووری) بۆی نوسیوە (یاهلا بالادیـب المسـتقبل ) لەسـاڵی ١٩٦٣ وە دەسـتی بەنووسـین کـردووە، خووی بە شیعرو شانۆ و چیرۆک و لێکۆڵینەوە گرتوە، بەهرەمەندێکی بەکەڵک بوو، لەپێناوی خەڵک بوو، گوڵێکی چوار وەرزە بەلق و پۆپ و پــڕ پەلــک بــوو، نووســەر، ئەکــتەر، دەرهێــنەر، وەرگێــر، شــاعیر، چیرۆکنـووس، باسـکار، فەرهەنـگ و رۆژنـامەنووس، لەبـواری هـونەر، هەرشانی داوەتەبەر، هەڵی کردووە پیلی، بەدامەزراندنی تیپی شانۆیی

کەکۆن و تیپی شانۆی خرابە و تیپی شانۆی میللی، ئاونگی سەرپەڕی گوڵی دڵی گەنجان بوو، میهرەبان و نەرم و نیان و لەگونجان بوو، قەت پەڕە گوڵێکی نەوەراندووە، چڵەدارێکی نەشکاندووە، هەر نەمامی چاندووە، لەکەنارە پەنهانەکانی روحیدا هەندێ نهێنی نەدرکاند، خەنجەری ژەهراوی بەکارنەهێناو ڕانەدەوەشاند، کونجە تاریکەکانی مێژووی ئەدەبی کۆیەی رۆشن دەکردەوە، رووداوەکانی وەک خۆی دەگێرایەوە، بەڵگەی دەهێنایەوە، ڕاستی مێژووی نەدەشاردەوە، بەسەرسامیەوە عەوداڵی شیعرەکانی (سامی عەوداڵ ) بوو، گەنجینەیەک شیعری بڵاونەکراوەی لەکن بوو پێوەی سەرقاڵ بوو، بەقەد بەرزایی باواجی و ئاوەگرد، تەخت و عەرشی شانۆی کۆیەی پیرۆزکرد، سوارچاکێک بوو لە گۆرەپانی وەرزش، بەوردەکاری و شەونخونی و کۆشش، مێژووی وەرزش و شانۆی لەکۆیە کردە


م. جەواد د. ئەکرەم خامۆش

سەرچاوە، خاوەنی ٢١٩ چالاکی جۆربەجۆرە هەمووی بەرچاوە:

دەبێ یادت لەژیانم
ببێتە هەوێنی گریانم
ببێتە هاندەری کۆششم
پەرە بدا بەشۆڕشم

خۆی ژیاندووە بەئارەقەی نێوچەوان، بۆتە شاگردو دارتاش و باخچەوان، بەکرێکاری، دوکانداری، دوکانێکی هەبوو لەبن پەیژە، بەس جێی خۆی دەبۆوە بەقاڵ بووە، بە چوکلێتە شیعرو پاکەتە کتێب و هێشووە وشە

سەرقاڵ بوو، ماڵ و دوکانی پڕڤینۆس بوو، سەفتە دەستنووس و ڕەفتە کتێب و تێنووس و چەفتە پێنووس بوو، خاوەن خامە بابەتێک تەواو دەکات، دەگاتە ترۆپکی چێژ، بەهزرو بیر ماندووە بۆ ماوەیەکی درێژ، مامۆستا جەواد تەمەنی پڕنووسین و وردەکاری بوو، مامۆستا و وەستای فەرهەنگ و خەزنەی زانیاری بووە، ستوونی شارستانیەت نووسین و بڵاوکراوەو روناکبیرییە، گرینگیدان بەهونەرو بەهرە ئەوپەڕی ژیرییە، مامۆستا جەواد کەسایەتییەکی ڕێز لێگیراوبوو، خۆشەویست و خەڵات کراو بوو، بەردی بناغەی یەکێتی نوسەرانی کۆیە و بنکەی گەلاوێژ بوو، وەک سندوقی ڕەش لەزانیاری و فەرهەنگ سەر ریّژ بوو، بنەکداری ئەمەکداری بنکەی گەلاوێژ، باس و خواس و بەزمی بە تاموچێژ، بە شیعری تەنز ئامێزی، شێوازی بەشیر موشیری، ئەندامەکانی بنکەی گەلاوێژی دەکردە نیشانەی تیری، شەوق و زەوقی دەخولقاند، کۆری ئێوارانی دەخرۆشاند بەقاقا و خەندە باران، بەزم و خۆشی تاقمی یاران، لەو ڕوانگە و مەرامە، شکۆ نامەی بەتامە، کە تەنز ئامێزە، بەهێزو بەپێزە، گوڵی ڕەش، جوان و گەش، لەباخچەی گەلاوێژ، ئاودێرو ئارەق ڕێژ، باخەوان و نەمام نێژ، گەنجینەو گەوهەر بوو، فەرهەنگی هونەر بوو، وەختێ بە نەخۆشی لەسەر پشت راکێشا بوو، شیعرو زانیاری و یادگاری ڕۆژ مێژووی لەبیرمابوو، خۆی هاتۆتە هاوار :

شەوە تەنیام، پەستم بێزار

لە ژیانم لەدەست ڕۆژگار

بەئەندێشە گەرامەوە بۆ ڕابردوو،

ئەو ڕابوردووەی کەلەدەست چوو

هەشتا ڕۆژان شەمەنیخەی بوو لەگەڵ مەرگ، دواجار گۆڕی کردە دوا هەوارو کفنی کردە بەرگ، لەکۆتایی ساڵ، بەئازارو ناڵەناڵ، نەگەیشتە حەفتاساڵ، مامۆستا جەواد حەمەد بەگ، بای مەرگ هەڵیکێشا لەڕەگ، نەمردن هێندە ترسناکە، نەژیان هێندە شیرینە، نەهەموو سپی یەک جوانە، نە هەموو ڕەشێک ناشرینە، کفن سپییە کەعبە رەشە، هەشە رەشە، جوان و گەشە، ئاوی سپی چاوو خاڵی رەشی گۆنا، لەبەراوردو تەرازوو بزانە چۆنە ،

لەمردن رابکەی لەبەرپێ ی مردن دەکەوی، چ بکەی چ بخۆی هەر خۆراکی زەوی، باخچەی گەلاێژ وشک و پوارە گوڵی رەش جێی چۆڵ و پێوارە، بنکەی گەلاوێژی کۆیە هەواری خاڵییە، بێنازی (لاوژەو شکۆفە و بەراو و گلێنەو



سەردانی رەهبەر سەید برایم بۆ لای م. جەواد لەکاتی نەخۆشی

هەڵوێست و نالی یە (دریغ بۆئەو رۆژگارە) تۆمارکراوی یادگارە، گوڵی رەش لەژێر خاکە، بێ مەولود ژاکاو ژاکا؟

لەشیعرێکدا دەڵێ:

من کێم ، من چیم ،
من ئەوکەسەم ئەگەر بگریم،
هەموو ژیان لەبۆم دەگری
ئەگەر بمرم
هەموو ژیان لەبۆم دەمری

لەشیعرێکی دیکە بەناوی (دایە ) مەرگ و وەسیەتی تێدایە :

بەرامبەر دوژمن، خۆت خامۆش نەکەی
بەجلی ماتەم خۆت رەش پۆش نەکەی

لەچل چرای غەزەلە ئاشقانەکەی شکسپیر، پەندێکی گەوهەر بەها دەخاتەوە بیر :

مەرگی من، قەلەمی من لەکار دەخات، بەڵام ناتوانیت ئەزموونم بسڕێتەوە بەرهەمەکانم ون بکات :

بۆیە مامۆستا جەواد
دەمێنێ لەیاد.

وشه نامۆیەکان :

پوار : گژوگیای وشک.

بنەکـدار: ئەوکەسـەی لەنـاو هـۆز و گونـد دەمینێـتەوە نـاچێتە کوێستانێ.

پێوار: غائیب.

شەمەنیخە: لەبەریەک و بەربەرەکانی.

سەرچاوەکان :

- دەستنوسی خودی مامۆستا جەواد
- لەپەندە باوەکان و وتەی ناودارەکان

---

# هەڵۆی ئازا
# چڕنووکەکانی دەشارێتەوە



لە پاش باران زەوی بۆیە بۆنی خۆشە، چونکە ئازیزێکمان لە ژێر خاک گڵپۆشە، گەرمی ژیان، ساردی مەرگە، هەردووکییان لەیەک سەرچاوەن، ژیان و مردن یەکە، کە ژیان قەرز بێ نابێ بەخاوەن، بیر لە مردن مەکەرەوە، چونکە مردن تۆی هەر لە بیرە، مردن بە نۆرە و تەمەن نییە ئەوە گەنجە یاخود پیرە، مردن پەناگای خەم و ئازارەکانە، گۆڕستان گۆڕی یادگارەکانە، مەرگ خەوێکی ئارام و بێ خەونە، هەروا بووە ئەو گەردوون و کەونە، مرۆڤ بەگریانەوە دێتە سەر زەوی و ناو ژیان، کە تێر گریا بەجێیدەهێڵێ بەرە و نەمان، پێویست ناکا مرۆڤێکی گەورە بیت تەنها مرۆڤ بە، ئازاری خەڵکی مەدە بێ ئاخ و ئۆف بە، مرۆڤ لە مردن دەترسێ، کەچی خۆی دەبێتە هۆکار، بۆ کوشتن و لەناوبردن و خەم و خەفەت و ئازار، مردن تارماییەکە هەمیشە بە دوای جەستەدا دەگەڕێت، درەخت چەند بەرز بێ گەڵاکانی هەر هەڵدەوەرێت، لە هەموو شت دەرباز دەبی، بەس لە مردن نەبێ، گرینگ ئەوەیە بە چاکە ناوت بمێنێ و ون نەبێ، گرینگ

نیـیە چەنـد دەژیـت و لە کویێ لە دایکبوویت؟ گـرینگە چـۆن ژیـاوی، چیت بەجێهێشتووە بۆ مێژوو چەند لەبەرچاوی، ژیانی هەموو مرۆڤێک چیرۆکێکە بە پەنجەکانی خودا نوسراوە، مردن چرکەیەکە، تـاریکە، کە مـۆمی تەمەن کـوژاوە، تەماشـای مـردن نـاکریێ، ڕۆح نەمـرە نـامریێ، زەمــانە وەک پاســاریە، بە دەســت نەیگریــت دەفڕێــت، چــک چــک چـرکەی کـاتژمێر وەخــت دەبڕێــت، ژیـان ڕێپێـوانێکە بەرەو بارەگـای مەرگ، بــۆ دوا هەوارە و کفــن دەبــێ بە بەرگ، لە پــاش مــردن دەزاندرێت کێ خۆشیویستووە ؟



بێتوشی - مەلا جەمال - مام جەلال – مەلا عەزیز – مەلا محمەد

ژیـانی هەمـوو مرۆڤێـک پـڕ لە ڕووداوو مێـژووە، چەنـد شـتێک ناگەڕێتەوە، دووبارە نابێتەوە، وتەی وتراو، دەرفەتی پشتگوێخراو، تیـری دەرچـوو، ژیـانی ڕابـردوو، وەخـت لە زێـڕ دروسـتکراوە، پەنـدێکی بـاوە وتەی وتراوە، هەر شتێک بەرز بێتەوە، نـزم دەبێـتەوە، کە شـەڕ دەبێ،

دەرگـای دۆزەخ دەکـرێتەوە، ئـاگرەکەی زیـاتر دەگیرسـێتەوە، ئـاگر لە هەر وڵاتێکدا هەبێ ئازادی تێدا نییە، داروخـان و خـوێن ڕژان و ماڵ وێرانییە، ژیان بێ ئازادی شەرم و پڕ خەوشـە، وشـک و ژاکاوە، باخی وەنەوشە، وازهێنان لە ئازادی وازهێنانە لە ژیـان، بـۆیە تێکۆشـەران لەو پێناوەدا دەبەخشن گیان، دەتوانی باڵندە بگری، بیخەیتە قەفەس، بەڵام ناتوانی وای لێبکەی بخـوێنێ بە هەوەس، جێگای خۆیـان چـۆڵ نـاکەن گوڵی شاخەکان، بۆ گوڵی ناو باخچەی ماڵ و باخەکان، بـۆن لە گـوڵ و ڕەوشت لە مرۆڤ داوا دەکرێت، هەر درەختەی بەری خۆی دەگرێت، جوانی بێ چاکە وەک گوڵی بێ بـۆنە، جـوانی ڕوکەشـە لە ناخـدا چـۆنە، گوڵە جوانەکانیش دڕکییان هەیە، دڕک و گوڵ یەک ڕەگ و بڕکییـان هەیە، پەپـوولە دۆسـت و عەشـقی گـوڵە، شـیلەی گـوڵ و هەڵاڵەی بە دڵە، ڕێـزی زێـڕێ بـۆ هەر لەکـن زێـڕینگەر بـێ، خـۆی نرخـدارە گەر یـاقووت و گەوهەر بـێ، دەبـێ لای هەمـووان ڕێـزدار بـێ، دارا بێ یـان نەداربـێ، لەنـاخی هەمـوو مرۆڤەکانـدا کـانزایەکی ئـاڵتون هەیە، بـۆ محەکـدان و هەڵسـەنگاندن بیـرو بۆچـوون هەیە، ئەسـتێرە لە تاریکیـدا دەدرەوشێتەوە، ئاگری شوانان لە دوورەوە دەناسرێتەوە، چاو پەنجەرەیە تەماشای دڵ دەکات، ڕێزێ لە دڵەوە دەردەچـێ بە دڵ دەگـات، دەریـا قووڵەکان هێمـنن، دوڕو یاقوتەکان لە بنی بـنەوەن بـۆیە ونـن، هەڵـۆی ئـازا چڕنووکەکـانی دەشـارێتەوە، بە چـاوە تیژەکـانی نێچـیر دەدۆزێـتەوە، قەل و هەڵـۆ کەنگـین وەک یەکە، ویـژدان یاسـای یاسـاکانە و مـحەکە، ئاو درەختی پێ دەگەیاند، کەچـی دار ئـاوی دەکوڵانـد، یەک لەو هەڵـۆ شـاراوانەی، لەو گـوڵە گەشـاوانەی، نـاو بـاخ و شـاخی کوردسـتان، کە

درێخی نەکردووە بێ وچان، عەبدولرەزاق بێتووشی بووە، هەموو ژیانی پـڕ ڕووداو و مێـژووە، عەبـدولرەزاق مەلا سـەعید مەلا رەسـوڵ مەلا مەحمودی بێتووشی، ساڵی ١٩٣٤، لە شاری کۆیە هاتۆتە ژیان و ناو ڕۆژگار، لە بنەماڵەیەکی زانستخواز و مەلازادە و بە کەسایەتی، هەموو ژیانییـان بەڕێکـردووە بـۆ زانسـت و کـوردایەتی، گەر بە ویـژدانەوە عەبـدولرەزاق بێتوشـی بناسـی، پێشـمەرگە و فەرمانـدە، ڕۆژنـامەوان، وێنەگـر، کـادیری سیاسـی و کـۆمەڵایەتی، زینـدانی سیاسـی، دەرگـای گەورە بە کلیلی بچووک دەکرێتەوە،



عەبدولرەزاق بێتوشی مەلا مستەفای بارزان نەناسراو د. مەحمود عوسمان

داسـی زیـو گـوڵی زێـڕ دەدورێـتەوە، لە زەمـانی شـاخ و پێشـمەرگایەتی، لە ڕۆژگـاری سـەختی خەبـات و لـوتکەی مەردایەتـی، ئەوێ ڕۆژێ، پێشـمەرگە ڕێچکەیـان دەبەسـت بە هەنگـاوی گـورج و درێـژ، بەجلکـی پێشـمەرگانەی خـاکی و بە قرێـژ، لە هەورازی زەردەو دڵـۆژ، هەڵـدەگەڕێن یـان شـۆڕ دەبـوونەوە لـۆژ لـۆژ، دەکەوتـنە نـاو دارو


بەرد و پـووش، شاگەشـکە دەبـوون لە گونـدە جـوانەکەی بێتـووش، خۆشـترین دێ بـوو، گەرمـاوی نمـرەی لـێ بـوو، تـابلۆی سرووشـت و نەخشاوە بـوو بـێ رتـووش، پڕ دارو رووبـار و چنـار و شـەنگە بـی بـوو گوندی ( بێتووش )، دەزاندرا بنەماڵە بێتووشیەکانی کۆیە، لەو رەگ و رەچەڵەکەن بـۆیە، بە رۆح ئاشـنا دەبـوون، ئاسـوودە و رۆشـنا دەبـوون، سـاڵی ١٨٨٠ قوتابخـانە لە کـۆیە کـرایەوە، بەڵام داخـراوو کـراوەتەوە وەک چـرا پـێ بـووە و کـوژاوەتەوە، ساڵی ١٩١٩ باپیری عەبدولرەزاق بێتووشی، مەلا رەسولی بێتووشی شاعیر، ناسراو بە (مەنفی)، کۆیەی ڕووناک کردۆتەوە بە موشەڕەفی، بۆتە یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئـولا، لەو رۆژەوە زیـاتر دەمـاری خوێنـدن و زانسـت جـولا، لە جیـاتی سوختەخانە، کردیانە قوتابخانە، لە گۆڤاری دیاری کوردستان لە ژمارە (٥)، ل ١١ سـاڵی ١٩٢٠ ئامـاژەی پێـدراوە، ئێرەیـی بە کـۆیە بـراوە، لە گۆڤـارەکەدا نووسـراوە، خـۆزگە سلێمانی وەک کۆیە نەختـێ بە نـوری مەعـاریف و روونـاکی عـیلم رۆشـن ببێـتەوە، مەلا ڕەسـولی بێتووشـی (مەنفی) ساڵی ١٩٢١ گیانی پـاکی سپاردووە لە کـۆیە نێـژراوە، شیعری بە فارسی و کوردی داناوە، شیعرەکانی تەڕو ئاودار بـووە، بە غەزەل و هەجـوو نـاودار بـووە، شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی بە رەئیسـی شـاعیران نـاو بــردووە، لە دژی شــوکری فەزلــی، شــعری داشــۆری دارِشــتووە، لە نموونەی شیعرێکی دڵداری:

قەمەر خەدی، سەهی قەدی، کەمەر موویی، سەمەن بوویی

بەدەن سیمی، دەهەن میمی، جەفا کاری، دڵ ئازاری

فەلەک خوویی، مەلەک روویی، سیاچەشمی، موژە سەهمی

بەڵا جۆیی، تەلغ گۆیی، مەهی بێ میهر و غەداری



عەبدولرەزاق بێتوشی مەلا مستەفای بارزان

نەوەی مەلا رەسولی بێتووشی، عەبدولرەزاق بێتووشی یە، لەو جۆش و خرۆشی و جونبووشییە، کە فەرماندەی هێز بووە لە پاش بەیانی ١١ی ئـازار، وەک سیاسـەتمەدارێکی ژیـرو هۆشـیار، لەو دەمە مـام جەلال دەچێـتە کـن مەلا مسـتەفا بـارزانی، عەبـدول رەزاق بێتووشـی، پـێگە و گرینگی مـام جەلالی دەزانـی، لەوکاتە شکسـتە، لەو شۆڕشـە بـاڵە دەسـتە، لەوێ، بەمـام جەلال دەڵـێ، تروسـکەی ئومێـدی کـوردانی، هەر جەنابـت دەتوانی، شتێ بۆ کورد بکەی، گەلی کورد سەرخەی، ئەو لەگەڵ پارتی و بارزانی بوو، کەچی ئەو بۆچوون و رامانی بـوو، وتەکانی پڕ بەهای مێژووە، چۆنی بۆ چووە، سەیرە وا پەی پێبردووە، ئەو دەیزانی دەنگی گەل لە تۆپ بەهێزتـرە، رووداوەکـان دەنگیـان لە وشـەکان بەرزتـرە، عەبـدولرەزاق بێتووشی، زمان پاک بۆ کەسی تێ نەدەکووشی، رەوشتی باش رازاوەتەوە بە مـرواری، بـۆیە رێـز و زانیـاری لێـدەبێری، خێـرا کـارکردن و بەهێمنـی بیرکردنەوە، دەبێتە هۆی گۆ لە مەیدان بردنەوە، سواری ئەسپێکی کێوی و

سەرکەش نەبوو بوو، دیدە گەش، لە ئەزموونی خەبات بێبەش نەبوو بوو، بۆیە وەک پیاوێکی سەنگین و کۆمەڵایەتی، قاڵ ببۆوە لەناو بۆتەی کوردایەتی، جگە لە مێژووی پاک و سەروەری و سەربەرزی و خەبات، سێ گوڵ و چڵە دارێکی بەجێهێشتووە بە میرات، دەوەن، بێری، هاژە، بەهات، عەبدولرەزاق بێتووشی، تووشی بوو بوو بەتووشی نەخۆشی دڵ و شەکرە و فشار، لە ١١-١٢-٢٠١٦ رۆیی بۆ دوا هەوار، بە تەمەنی ٨٢ساڵی، مەرگ ژیانی راماڵی، ناوی هەمیشە دەمێنێ، زێڕ هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێ ، ئەوە مەرگ و ژیانە، ئەو شیعرەی مەنفی باپیری، بکرێ بەنیشانە:

ئەگەر مەنفی کرا مەنفی، نیە دەعوای لەگەڵ هیچ کەس
کە هەر چی بێ بەسەریا، خۆشە چونکە ئەمری رەحمانە

# داسووەک
# لە تەبارەی کوردایەتی



گەر هۆڵەندا بەشیرو گوڵ و پەنیر بنازێ ، وڵاتی میسر بە ڕووباری نیل ( ی . ن . ک)یش وەک حیزبی شەهیدان بە خوێنی شەهیدەکانی دەنازێ،

لەڕاستی دا بەهەق ، من و عەبەڕەق ، خەڵکی یەک ناوچەو شار نەبووین ، پێکەوە خوێندکار نەبووین ، لە مەیخانە و یانە قەت پێکەوە دیار نەبووین ، پێش پێشمەرگایەتی یەکترمان نەدەناسی ، ئەو ڕۆڵەی دارو موڵکی بابان بوو ، منیش بابایەکی خەڵکی ووڵاتی کۆیە ، بەڵام لە ڕۆژانی پڕ هەڵوێست و پیاوەتی و مەردایەتی ، لەسەنگەری شەرەف ، بووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی ڕێبازی کوردایەتی.

لەگەڵ خۆ هەڵکێش خۆش باوەڕ مەبە

ئاڵتون بەمەحەک، پیاو بەتەجرەبە

((پیرەمیرد))

لەشەڕی قەیوان ـ ماوەت قارەمانیەتی نواند ، ئەو داستانە (١٠١) ڕۆژی خایاند ، ئەو کات مامی گەورەمان ( مام جەلال ) خۆی و

هێرۆخان لەناو تۆپ باران و شەڕ لە ( یاخ سەمەر ) بوون ، لەوێ (مام جەلال ) ڕایگەیاند : هەرگیز یاخ سەمەر چۆڵ ناکەم ، بە دەمانچە کۆڵان بەکۆڵان شەڕدەکەم، ئەو پەیامە ورەبەرزی و خۆڕاگری بوو ، تین و تەوژمی شورشگێرانە، ئەو پەڕی بەرگری بوو ،

چاوی کوێر و بیری کۆڵ و گوێی کەڕ، ئەو ڕاستیانە نابیستن و نابینین و نایخەنە بەر دیدە و نەزەر، نەوەی نوێ ، دەبێ لە شۆرشی نوێ تێ بگا ، ، بیداتە بەرباری سەرنج و گۆشەنیگا ، تا مێژووی کورد و شۆرش و ڕاپەڕین و جوڵانەوەی کوردایەتی هەبێ ، هەرگیز ناگاتە ئاستی ئازایەتی پێشمەرگە دلێرەکانی ( ی . ن . ک) لەچاو تروکانێک و چەند چرکەیەک داستانی رزگاری تۆمار کرا ، زنجیرە ڕەبایە گرتن قەزوان کرۆشتن بوو ، سەربازگە و مۆڵگا گرتن ئاو خواردنەوە بوو ، .


سالی ١٩٨٢

مەرگ نهێنی پۆشە ، مەرگی کاکە عەبە ڕەق شاردنەوەی ئازایەتی بوو ، خاوەنی (٣٤) ساڵ پێشمەرگایەتی بوو ، خاوەن دەیان نەبەردی پڕ مەردایەتی بوو ، پاش ئەنفالەکان گورگ نەمابوو ، بەس پێشمەرگە مابوو ، عەبەڕەق پارتیزان و لە قولایی کوردستان و لە چیا بوو ، ڕێکخستنی شارو شاخی پێکەوە گرێ دابوو، ژیانی خۆی فەوتان، لە کون و ئەشکەوتان، لە دێ و مزگەوتان.

پێشـمەرگە دێرینەکـان، هەڤـاڵانی رۆژانـی سـەخت ، دەزانـن چ خەسـارەتێکیان بەرکەوت ، کـاکەعەبەڕەق، مـاڵی دونیـای دابـووە بەر شەق ، خەم و ژانی لا دەبرد و لەناو شوشە و پێکە عارەق .




شەهید عەبەڕەق و خوشکەکەی

راسـتە هەرامە شـەربەتی دەخـواردەوە، خـوانی بە پێـک و مەزە دەڕازانـدەوە ، بەڵام پەپـولەو فریشـتەکان، نـورانی و بەهەشـتیەکان ، دەزانـن کـاکە عەبەرەق ، بـاوەڕی قەت نەبـوو لەق، بەکوردستان بـڕوا دار بـوو ، فەرمانـدەیەکی پیـاو و دیـار بـوو، بەهەشـتی مسـۆگەرە، ئەو پێشـمەرگە کـۆڵنەدەرە، بـۆ ئەوانـەی کـە ((مـەی )) دەنۆشـن پـیٚ ی سەرخۆشن، پێیان وایـە مەیخانـە ئـەو شـوێنەیە شـێتی لـە نـاو شوشـەدا دەفرۆشـن، لە ڕاسـتیدا کـاکە عەبەرەق، بە شـەوق و زەوق و ڕەونەق، شنە شاخەکانی ، قسە خۆشەکانی ، پڕ بوو لەخەندە و وتەی نەستەق ، هەروەک چۆن لە زەماوەندی سلێمانی، لە راپەریـن، ئێستگەی دەنگی گەلـی کوردسـتان یـەک بـەخۆی دەینەڕانـد : شاخ و شارو دەشـت و


دۆڵی دەهەژاند ، سلێمانی .... سلێمانی ، بەعس قڕانە ، وا عەبە ڕەق گەیشتە لاتان ،

وا لە ٢٠١٣/١/٤ بە دڵی خەمناک، بە دیدەی نمناک، بەگریەی بەکوڵ، بە گڵکۆی پڕ گوڵ، بەهەناسەی قوڵ بە نیگەرانیەوە رای دەگەیەنین بە شەهیدەکان بڵێن :


شێخ محمد سەرگەڵو د. بەرهەم سالح شەهید عەبەڕەق

وا شەهیدی هەڵبژاردن عەبەڕەق گەیشتە لاتان ،
لـــەمەزلـومان بەلا چــۆڵ بێ ولاتـان
مەڵــێن کەڵــکی نەبــوو ڕۆیی جەهەنەم ،
ســـەری قەڵغــان بـوو بۆ تیری قەزاتــان
بمێنــێ نـــاو و یـــاد و وەفاتـــان
ســـەرکردەتـان بـــوو بۆ لەشکری غـەم
ڕۆیـــی بـۆ سیتەک نەشکێ سوپاتـان
بـۆ جـــاویدانی بەهەشتــی نـەمـری
دوعـــای بـــۆ بـکەن ئێوە و خوداتـــان

# د . کەمال غەمبار
# خۆی کتێبخانە و گوڵ خانەیە


د. کەمال خەمبار

تـا سـەیری ئاسـمان نەکەی پـاش بـارانی زۆر، پەلـکە ڕەنگیـنە نـادۆزیتەوە لەبەر تیشکی خـۆر، خەونی گەیشتن بە ئەستێرەکان لە ئاسمان، گوڵەکان نـابینی لە ژێـر پێـت ڕوواون گەش و جـوان، خـراپە لەسـەر لـم بنوسـە چـاکە لەسـەر مەڕ مەڕ بنەخشـێنە لە جیـاتی نەفرەت لە تـاریکی بکەیـت مۆمێــــک دابگیرســـێنە، تـاریکی بە تـاریکی لەناوناچێت بەس بە ڕونـاکی، ڕق بە ڕق چارەسـەر نــابێ بەس بە خۆشەویســتی و نیــاز پــاکی، ســۆز و میهرەبــانی و خۆشەویستی ژێری بنیاد دەنـێ, ڕونـاکبیری سـەرکەوتوو خـۆی خـۆی پێـدەگەیەنێ، زانسـتی کـۆن فێـربە, زانسـتی نـوێ لەبەرکە لە جیهـانی فراوانـی پێشـکەوتن گـوزەرکە، مامۆسـتای دەروونـی خـۆت و قوتـابی ویژدانی خۆت بە، ئازاد و سەرفراز، بە بێ زنجیـر و کـۆت بە، دەتـوانی ئازادی بنێژی، بەڵام هەرگیز ناتوانی بیکوژی، ئەوەی تـۆی رق و تـۆڵە

بچێنیٚ بە بیٚ ویژدانی، چ نادرویٚتەوە جگە لە ئازار و پەشیمانی، گەر خاڵی لاوازی خۆت زانی بەهێزی، بەرزی، شاهی زەمانی، پیاوی گەورە ڕەخنەی گەورە لەخۆی دەگریٚ، سەرکەوتوو نابیٚ ئەوەی بەرگەی ڕەخنە نەگریٚ، ئەڵماس، ئەڵماس دەبڕیٚ، دەکریٚ گوڵی بۆندار هەڵوەرێنی، بیخەیتە ژێر پێتەوە، بەڵام بۆنەکەی هەردەمێنێتەوە بڵاودەبێتەوە، جوانترین دڵ ئەو دڵانەن ئازاردانی خەڵکی تێدا جیٚ نەبێتەوە، بیرکردنەوە ئاسانە، کارپێکردنی گرانە، خستنەگەڕی ئەندێشە کارێکی سەخت و پڕ هێشە، بیٚ جوانی ناخ، بیٚ بایەخە جوانی ڕووکەش، چونکە ویژدان و دڵ ناکەن گەش، جوانی مرۆڤ سیٚ شتە بەڕاستی : زانیاری و ئازادی و خۆشەویستی، کەسی بەهێز و خاوەن متمانە، خۆی ئەفرێنەری جوانی و داهێنانە، ئەو بەهرە و قەڵەمانەی بە ڕەسەن و سرووشتی دەرسکێن، گەر بەیەک و یەکگرتوی پێکەوە بلکێن، بە هیچ هێز و ناحەزێک ناشکێن، بەڵام وەک پەنجەکانی کورد یەکتری دەشکێنن، یەکتر ناحوبێنین و یەکتری دەبوغزێنین ، چەند ناسک و ڕوناکبیریش بن، چەند بەتواناو ژیریش بن، ئاخ و جەغار یەک ناگرن، لەگەڵ یەک پووش و ئاگرن، هەموو بەهارێک خەزانی خۆی هەیە، بەس بەهاری ئەدەب و هونەر نەبیٚ، زۆر کانزا ژەنگ دەهێنیٚ، مرواری و زێڕ و گەوهەر نەبیٚ، سرووشتی مرۆڤە چاکەکان بە عەشق و ویست، حەز کردنە لە ئەدەب و هونەر و زانست، دەبێت هونەر و زانست و ئەدەب بیر لە نەمری بکاتەوە، وەک چاخی ئاسۆی ئایندەی زێڕین پڕشنگ بداتەوە، ڕەوتی مێژوو لەسەر ژیانی مەزنەکان بنیاد نراوە، ڕاستیەکی گەشەدار و دیارە، وەک

تیشـــکی هەتـــاوە، زۆر لەنـــاوداران لەمێـــژە نێـــژراون، بە هێســـک و پروسکیش بگرە نەماون، بەڵام دەژین و بە ڕوح زینـدوون، نەمـردوون لە ویژدانی مێژوون، فەرموودەی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی تەواوە، ئەوەی باقی بمێنێ هەرناوە ،

لە کـۆیەوە لە ئـولکە و لـوتکەی شـیعر و سیاسـەت و هـونەرەوە، تخـوونی تخـووبی کـۆیە مەکەون، هـاتۆتەوە لەو سـەرەوە، لە سـیلەی کـۆڵانەیەکی کـۆیە لـێ پەیـدابووەوە بەهـرەیەک، لە کـولبەی ئەحـزان و بـاخچەی هەر ماڵێـک لێـی پشـکوتووە گـوڵ چەهـرەیەک، لەو گـوڵ چەهـرە و بەهـرەدارانە، لەو کەسـایەتیە نـاودارانە، مامۆسـتا و دکتـۆر کەمـال غەمبـارە، جێدەسـتی لە ئەدەب و زانسـت دیـارە، لە گەڕەکـی بایزاغای شاری کۆیە ساڵی ( ١٩٣٧ ) کوڕێژگەک لە دایک بوو چاوی بە ژیان کەوت، ناونرا کەمال، بـوو بە چـرای مـاڵ، لە داکەوە سـەید و لە بابەوە حوسێنی، نزایان دەکرد خـوا لە داک و بـابی نەستێنی، سـاڵی ١٩٤٤ چـۆتە قوتابخـانە، دارا دوو داری دیـوە، قۆناغەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدیی و دواناوەنـدی بەسـەرکەوتویی لە کـۆیە بڕیـوە، سـاڵی ١٩٦٢ بەشی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، هـیچ کاتێـک بـۆ خوێنـدن درەنـگ نـیە، ئەوپەی پـێ بـردووە، کەمـال حسـێن مەلا ئەحمەد غەمبار، تەمەنـی نەداوە بە خەسار، بە گەنجـی زانـی، بە پیری توانی، ساڵی ٢٠٠٨ ماستەری هێنا لە ئەدەب و ڕەخـنە بە نـاوی ( عبـدالله گـۆران رائـد حـرکە تجدیـد الشـعر الکـردی ) سـاڵی ٢٠١٣، دکتۆرای وەرگرتووە لە فەلسەفەی زمانی عەرەبی ( ئەدەب و ڕەخنە )

بە ناوی ( احمد سالار رائدا و مؤسسا للمسرح الاحتفالی الكردی المعاصر ) .

مامۆستا و دکتۆر کەمال غەمبار ، شارەزا و پسپۆڕ لە زۆر بوار، شاعیر، ڕۆژنامەوان، زمانەوان، ڕەخنەگر، لێکۆڵەر، وەرگێر، پەروەردەکار، لەساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجاوە، خەریکی نوسینە و شیعری داناوە، ساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجا و شەش، شیعرێکی بە ناوی دایک بڵاوکردۆتەوە، کردوویەتی پێشکەش، سەرەتا بە ناوی بێهێز و هێزدار، دوایی نازناوی خۆی کردۆتە غەمبار، خوێندنەوە و نوسینی لێ بۆتە خولیا و مەراق، ساڵی ١٩٦٧ بۆتە ئەندامی ئەدیبانی عێراق، قەڵەم بە برشت و خەرمان بەرەکەتە، کتێبەکانی بە قەد باڵایەک کەڵەگەتە، خاوەن چل و شەش کتێبی چاپکراوە، هێشوە وشەکانی بە گوڵی جوان چنراوە، بە تاقی تەنیا کتێبخانەیەکە، ئەو کتێبانەی خۆی گوڵخانەیەکە، ڕەنگە هەندێ ماڵ ( ٤٦ ) کتێبی تێدانەبێت، وەک جەستەیەکی بێگیان خۆش و ئاوا نەبێ، خوێندەوار بە چی دەناسرێتەوە، ئەو کتێبانەی کە دەیانخوێنێتەوە، سرووشت شایستەترین هونەرمەندە، دیمەنەکانی بە وەستایی و جوانی بەندە، ڕەنگی گوڵ گەشی گەڵا، مێرگ و گیا، زێ و زەریا، دەشت و چیا، گزینگی خۆر، کڵۆی بەفر کانی و ڕووبار، باخ و بەهار ,

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز
بێ ڕوناکیە بێ بزەی ئازیز

لە باغی گوڵ جوانتر، ڕەوشتی باخەوانە، خولقاندنی شاکار و داهێنانە، (لوی برای) پیاوێکی کوێری فەرەنسایی بوو، توانی ئەلف و

بێ بۆ کوێرەکان دابڕێژێ، بەو هۆیەوە هیوای کوێرەکانی ڕوناک کردەوە، توانی تیشک باوێژێ، ڕێزگرتن و خەڵات کردن و گوڵ باران، بۆ بەهرەدار و ناوداران، نەریتێکی جوانە یاران، کیمیازان (ئەلفرێد نۆبڵ) بە ڕەچەڵەک سویدی، باروتی داهێنا، بەو دۆزینەوەیە هەزاران مرۆڤی لە گۆڕ نا، سەرەنجام ئەو دۆزینەوەی بە تاوان زانی، پەشیمان بۆوە ئاسودە نەبوو ویژدانی، وەسیەتی کرد پێش کۆچی دوایی، ئەو سامانەی کە بەجێ دەمێنێ نەڕوا بە خۆڕایی، بکرێ بە خەڵاتێکی شایستەی ساڵانە، بە ناوی خەڵاتی نۆبڵ، ئەو کەسەی پێی دەدرێت ،. بڕوانامەی بدرێتێ و مەدالیای ئاڵتونی بکرێتە مل، ئەو خەڵاتە بدرێت بە کەسایەتی هەڵبژاردە و شایان و شاناز، بە داهێنەران و بیرمەندان و ئاشتی خواز، خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٠١ وە هەیە و کەوتۆتە کار، بریتیە لە بڕوانامە و مەدالیای ئاڵتونی، لەگەڵ بڕی پێنج ملیۆن کرۆن کە دەکاتە یەک ملیۆن دۆلار، تا ئێستا یەک کەسایەتی کورد وەری نەگرتووە، کە بە هەزاران مرۆڤی کورد بە باڕوت سوتاوە و شەهید بووە ,

ڕێزگرتن لیرەی ئاڵتونیە، لە هەموو جێ یەک خەرج دەکرێ، بەختەوەر و ئاسودەیە ئەو زاتەی پێی دەدرێ و وەری دەگرێ، دەرخستنی ڕاستی بۆ کەسایەتی شایستە، ویژدانی ئارام و گیانی ئازاد و ویستی بەهێزی پێویستە، مرۆڤ نیە ئازگار بێ، مەگەر پەروەردەگار بێ، ڕەخنە نابێ خەنجەر بێ، بڕندە و ڕوخێنەر بێ، وەرام نەدانەوەش وەرامە، بێدەنگی گەورەترین هاوارە، بێدەنگی پڕە لە شتی نەوتراو و جێ ڕامان و پرسیارە، کەسایەتی وەک مامۆستا و دکتۆر کەمال

غەمبار، لەناو عەرەب و کوردان دیار و ناودار، بە بیری کۆمەنیزم پەروەردەکراوە، لەسەر هەڵوێستی نیشتیمانی شەش جار گیراوە، سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کوردستان لقی هەولێر بووە، سەرۆکی نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر بووە، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی لقی هەولێر و جێگری سکرتێری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و، لە قاهیرە لە کێبرکێی قەڵەمی ئازاد و داهێنانی عەرەبی، خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چەندان لە ناودارانی عەرەب بە شێخی ڕەخنەگران و ڕاگری ئەدەبی کوردی دەزانن، سەفتە کتێبەکانی گەواهیدەرە و پێوەری ویژدانن، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی بۆ کەیفی گوتویەتی :

کەیفی حاجەت نیە بکەم باسی

ئەم کتێبەی بخونی دەیناسی

بۆیە :

بۆ ناسینی غەمبار لە کەس مەپرسن

نوسین و کتێبەکانی بخوێنەوە دەیناسن

# له مانگی هەشت : کۆیه پەڵه دەدا بەخوێن

له شـەنەویژی رۆژمێـژوی ڕوداوی کـوردەواری له وراتـی کـۆیه مانگی هەشت ، پڕە له مەرگ و شەهید بوون و گوڵاڵه سوورەی باخی بەهەشت ، مانگی ئاب وەختی کەم ئاوییه ، کەچی خاکی وراتی کۆیه پاراو و خوێناوییه ، پەڵەی داوه به خوێن و فرمێسک ، باخی شەهیدان پەرژین کراوه به هێسک ، مەرگ و شـەهید کران له مانگی هەشت ڕاستییەکی بێ شکه ، روون و دیارو درەوشاوەی بەر رووناکی تیشکه ، ڕەنگین و ئاڵه خـاکی ووڵاتمـان ، هەر وەکـو پرچـی ئایشـێ و فاتمـان ، ئەگەر هـاتوو له وراتـی کـۆیه کردیـان پرسـیاری، ووتیـان بـۆ لەمـانگی هەشت خاک وشک نابێ بەهیچ بارێ ، هەمووان هاوار کەن بەجارێ بڵێن چونکه له جێی باران خوێن دەبارێ ،

ئەوەتا له ( ١٩٧٩/٨/١١ ) شەهید شفیق و (١٩) قارەمان له قوره بەرازه شـەهید کـران ، له ( ١٩٨١/٨/١٦ ) شـەهید ئەحـمەد بڕنـۆ و یەکێتـی مجیـد له نـاو جەرگەی شـاری کـۆیه شـەهید کـران ، یەکەم قایمقـامی شـەهید مامۆسـتا حمیـد کەریـم شـانه له ( ١٩٩٤/٨/٢١) له پشدەر لەگەڵ (٥) قارەمان شەهید کران ئەمیر عەبداغا حەوێزی له (١٩٨٥/٨/١٥ ) له دۆڵـــی خەلەکـــان بەمەردی شـــەهید کـــرا ، له (١٩٨٥/٨/١٦ ) له گونـدی ئـالانه ئاراسـی سـەمەدەفەندی ناسـراو به پێشرەو بەغەدەر تیرۆرکرا بەرخـیش بـوایه سـەر نەدەبـردرا ، شـەهید خەلیـل چـاو ڕەش لەگەڵ (٦) شـەهیدی دیـکه له (١٩٩٤/٨/٢١) له پشـدەر شـەهیدکران ، شـەهید نەهـرۆ قەسرۆکی لەسـەری کێشـکێ ،

شـەهید حەمە تـایەر لە (١٩٨٧/٨/٢١ ) لە پـردی تـابین لە داسـتانی کانی شۆک گیانی لە دەستدا ، شەهیدانی نەمر شوان ئەمین و عەزیز فەرحـان و عسامەدین عوبێد و عەلـی مسـتەفا لە ( ١٩٨٣/٨/١٣) لە قەندیل شەهید کران ، بە پێی سەر ژمێری و ئامار ، لە ١٩٨٨/٨/٨ دکتۆر فازیل جەمال لە قەندیل شەهید کرا ، (١٠٧) شەهید لە مانگی هەشت کراون تۆمار ، بوونەتە ناوونیشان و گۆری یادگار .

لە (٣١) ی ئاب ، سەدان جەرگ بوون بە کەباب کەوتنە بەر قەنارەو قولاب ، ئەوەی جێ داخ و مەراقە ، حەوت شەهید خزم لە گونـدی سـماقە ، لە (٣١) ی ئـابی سـاڵی ( ١٩٩٦) ، لە گونـدی (سێبیران ) گیانی خۆیان کرد پێشکەش ، ئەو حەوت شەهیدە وەک گوڵە مێلاقە ، بەفەرماندەیی شەهید ئەحمەد سماقە :




واهاتن شەهیدەکان
بەجلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن دە
هەڵسە سڵاویان لێ
سێنەوە
شەهید ئەحمەد
سماقەو شەهید حەمید سماقەیە پێشڕەوی ئەوان
لەگەڵ (٥) شەهیدی نازدار و قارەمان و نەوجەوان

شەهید محسین عەلی محمود و شەهید محمد عوسمان محمد و شەهید ڕەمەزان عەولّا بایز و شەهید حەویز کەریم قادر و شەهید ئازاد عوسمان ئەحمەد و هەر لەو ڕۆژەش شەهید ڕێباز جەوهەراغای شفیقاغای حەویزی شەهید کران ، هاوزەمان هەر ئەو ڕۆژە ئەو قارەمانانە شەهید کران:

- فاخر عەبدوڵلا لەتیف .
- حەویز کەریم قادر .
- رزگار عەبدولحەمید حمە .
- تالب قادر میرزا قادر .
- تاهر حەمید عەبدوڵلا .
- حەیدەر سابیر حەمەد .
- ئەحمەد عەبدولوەهاب فەتحوڵلا .
- جوامێر بەکر کەریم .
- سەردار حەمەدەمین قادر .
- سەفەر بەکر سەعید .
- عەبدولغەفور عەبدوڵلا مەحەمەد .
- بەشدار رەشید حەویز .
- فەرهاد غەفور کاکۆل .
- کاویس حەمەد هەمزە .
- هادی عەلی فەتاح .
- کاکە خان عوسمان .
- محمەد حەمەدئەمین ئیسماعیل .
- سەردار حەمەدئەمین .

شەهید ئەحمەد حەمەدئەمین قادر مەحمود ناسراو بە ئەحمەد سماقە ، کەلە دەفتەری سەرووەریدا نمونەی قارەمانیەتی و ئەخلاقە ،

له شۆرشی ئەیلول و شۆرشی نوێی گەلەکەمان ، بۆتە پێشمەرگەو مەفرەزە سەرەتاییەکان ،

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا برینـدار بـووە ، لە چەنـدین داسـتان و نەبەردی بەشدار بووە ، دایکیشی خانوو ( بەگیسی ) بە پیلانی پیسی بەعسی ، بەهەلیکۆپتەر شەهیدکرا ، لەگونـدی سـماقە لە خـوێن گەوزێندرا ،

شەهیدانی فەرماندە ئەحمەد سماقە و حەمید سماقە ، چونەوە بە گژ سوپا و دەبابەی عێراقا ، بریاریان دابوو ساترو سەنگەری شەرەف بەجێ نەهێڵن ، گەر بەتانک و زریپۆش لاشەیان بشێلن ، بەڵێنی خۆیان بردە سەر ، بوون بەساقە ، ئەو حەوت شەهیدەی گوندی سماقە ، شەهید ئەحمەد سماقەو حەمید سماقە و خزمەکانیان ، وا شێوێندرابوون نەدەناسرانەوە تەرمەکانیان ، بوون بە حەوتەوانە لە گوندی سماقە ، لەگوڵزاری شەهیدان بوون بەیەک باقە ، پێکەوە بوون بەیەکەوە بوون ، تا دوا هەناسە، بەشەهید بونیان خەڵک تاسا ، لەناخەوە ، بەداخەوە ، ئاخر حەوت شەهیدی خزم ، دوو فەرماندە ، بوونە قوربانی بەیەک ڕۆژ ، لەیەک گوندا ، لەجەژنی قوربان حەوت مەڕ سەر دەبڕدرێت لەیەک دێهات؟ خەسارەت و نەهامەتیەک بوو ، بووبە مێژوو ، بەکارەسات ، ئەوەی قەوما لە ٣١ ی ئاب ، حەوت سماقەیی کەوتنە بەر قەمەی قەساب ،

ئەسکەندەری مەکدۆنی بەوە ناسراوە ، لە هیچ جەنگێک نەدۆراوە، کەچی ناپلیۆن هەموو ئەوروپای داگیر کرد ، بەڵام رووسیا قارەمانانە بەرگەی گرت ، ناپلیۆن شکستی هێنا ، بەدوور خراوەیی

گیانی لەدەست دا ، (جۆرج ئاس باتۆن)، فەرماندەی تیپی زریپۆشی ئەمریکایی لەجەنگی جیهانی دووەم بە تێکشکان نەرووخا ، خۆی بەدەستەوە نەدا ، هێزە تێکشکاوەکەی کۆ دەکاتەوە ، بەو هێزە تێکشکاوەی توانی هەرێمی باڤاریاو چیکوسلۆفاکیا و نەمسا بباتەوە، وای کرد داگیریان بکا، چونکە لە ناخەوە نەرووخا و تێک نەشکا، یەکێتی نیشتمانی وای لێهات ، هی هەڵسانەوەو پاش شکست و کارەسات ، کەسایەتی مرۆڤ لە بیرو باوەڕ دەردەکەوێ ، باوەر ڕووناکی ڕێگایە، پرشەنگدارە وەک مانگە شەوێ ، کلیلێکی بچوک دەرگای گەورە دەکاتەوە ، مرۆڤی خۆراگرو ئازا ، گرەو هەر دەباتەوە ، ئاخر دەزانی بۆ ئازا شوبهێندراوە بە هەڵۆ ، چونکە هەڵۆ گۆشتی مرداربۆوە قەت ناخوات ، لەبەرزایی ئاسمان لە شەقەی باڵ دەدات ، لە بەرزترین لوتکە هەڵدەنیشێ ، چاوی تیژە ، نەترسە ، چی بێتە پێشێ، رەشەباو هەور و کرێوە و زریان کاری لەفرینی ناکات ، هەڵۆ پیریش بێ هەرگیز ووچان نادات ، دەنوک و چنگی بە تیشە شاخ تیژ دەبێتەوە ، پەڕو باڵی دەتوێتەوە بەڵام سەر لەنوێ لێی دەروێتەوە ، تاوەکو دەمرێ بەرزە فڕە ، دڕ و نێچیر گرو چنگ بە گڕە ، ڕێزی مانگ نیيە تا نەگاتە شەو ، ئەوجا جوان دیارە بە تریفەو پرتەو ، بە گوێرەی ئامار ، دەڤەری کۆیە لەجەرگەی شەرو شۆرش ، ٧٤٦ شەهیدو ٨٩٠ ئەنفالی هەیە ، ٢٦ شەهید بەدەستی داعش.

سەرچاوەی ئاوی حەمامۆک و تاڤگەی گەلی عەلی بەگ و رووباری ئەڵوەند ووشک بوون ، کەچی خوێن و فرمێسک لە وراتی کۆیە وشک نەبوون و بەش و پشک بوون ، سەیرە لەکۆیە ، دەبێتە

بەنزین خوێن و ئەشک ، هێسک دەبێتە داری قەلاش و ووشک ، بۆ ئـاگری نەوتـی شیواشـۆک و شیوەشـان ، چـونکە کـۆیەی شـەهیدان و شاعیران و رۆشـنبیران لەگەڵ شاران نەبـووە هاوشان ، دەڤەری کۆیە دەسـووتێ لە نێـوان دوو ئـاگران، نەوت نەک خێـرو بێـری نیـیە بەڵکو بـۆتە بەڵایەکـی بـارگران ، وراتـی کـۆیە چـی پـێ نەبـراوە، چـی دەسـتنەکەوت ، لە داهـاتی بێ شـوماری زێـری ڕەش ( نەوت)، جگە لەتەپ و تـۆز و تێـک چـوونی جـادەو ژیـنگە ، نـاوچەکەی بـێ راژەو فەرامۆشـکراوە و وشـک و بـرینگە ، حکـومەتی هەرێـم تـوو هەیـبەت سوڵتان ، ئۆباڵ بە ملتـان ، ناسـوتێ دڵتـان! شـاری سـەرۆک کۆمـاران ، مەکۆی پارت و سیاسەت مەداران ، بەجێ ماوە ناگاتە شاران .

مۆزەخانەکە دێرین و مێژوو
گۆرستانێکە بە ئاستەم زیندوو
هاواری کۆیە خەم و بێ سوودە
روون نییە کزە ئاسۆی ئاسوودە
داوای کۆیەیە بانگ و رۆیەتی
بێتە پارێزگا لە جێی خۆیەتی
لە چەقی سینگی پێگەی جارانە
هەق و شایەنە لە پێش شارانە
گرینگی پێ بدرێ هەروەکوو شاران
خزمەتی بکرێ نەوەک تیر باران
کۆیە جیاوازە شایانی نازە

شاری شانازی و پێشکەوتن خوازە
شکۆ و شانازی شۆرشی ئەیلول
لە دەشتی کۆیە بوو بەگەردەلوول
یەکەم سەنگەرە مێژوو شاهیدە
لانەی خەبات و پڕی شەهیدە
مەدالیای ریێزی لەشان و سینگە
بەو شەهیدانەی بەستران لە دینگە
یەکەمین شارە ئەنفال کرابێ
لەهەر ڕووداوێک قوربانی دابێ
کۆیە خۆراگر لێ ڕاهاتووە
کەمی نەهێنا و درەنگ نەهاتووە
شێخی شێخ موسرێ یا دەروێش خدر
باپیر فەقێ حمەد هەتا کەی غەدر
یا سەید جامی ، سەیدی سبیلچی
چاکەی فەقیرە ، توخوا بڵێن چی
ئاهو هەناسەی نزوولەی کۆیە
گڕو گلەییە سووتوو بۆنسۆیە

له ئازادیدا لەتەختی کوردان
بدرێتە بەر شەق وەکو گۆی مەیدان
بەتەرازووی ویژدان ، چیتر داهاتی کۆیە نەکرێ زەوت
بەس خوێنی شەهیدەکانی راگرن بەرامبەر بەنەوت
خوێن و فرمێسک بەرامبەر بەنەوت ، بەس ئەو نەوتەی کە هەناوی دەرکەوت :
ئەی شەهیدانی رێگای نیشتمان
خۆتان بەخت کرد کران بە قوربان
لەرِێی ئازادی و سەربەستی ژیان
لەبیر ناچنەوە بە درێژی زەمان
مێژوو دەنووسی یەک یەک ناوتان

# وشه نامۆیەکان

شەنەویژی : جەدەلی


رۆژمێژوو : لەجیاتی ( بەروار ) بەکار هاتووە

پرچی ئایشێ و فاتمان : کۆلکە ڕەنگینە ، پەلکە ڕەنگینە .

سەرچاوە :


- بەڕێوەبەرایەتی کارو باری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کۆیە .
- دیوانی پیرە مێرد.
- ڕۆژنامەی خەبات .
- وتەی ناوداران .
- دێرە شیعرێکی حەمە ڕەزا لە وتنی کاوە حەمەسالح .
- بەبەختی حاجی .
- دیوانی عەونی .

# شەهید ( د . خالید) لە ساباق
# و تاقی شاهانەی شەهیدانە



برین لە پڕێک ڕوو دەدات ، ساڕێژ بوونەوەی وەختی دەوێ، کەسایەتی لە بیرو باوەڕو ئەنجام و ئامانج دەردەکەوێ،چی زیڕی ژێر زەوی و سەر زەوی هەیە ناگاتە تای تەرازوی پاکی، مرۆڤ ئەوکاتە جوانە لە تاریکیدا گەشبین بێ , ڕوو بکاتە ڕووناکی ئازایەتی ئەوەیە نا ئومێد نەبی لەشکان و شکست ، ڕاستی لە جوانی جوانترە، ئەزموون بالآترە لە زانست ، بەهای ژیان لەمردن دایە، جوانترین تۆڵە لە لێ بوردن دایە ، مرۆڤ باخچەوانی باخچەی خۆیەتی، ئۆباڵی پاکی لەئەستۆیەتی ، مرۆڤی گەورە ئەوەیە دڵێکی منداڵانەی هەبێت ،بۆگەلەکەی ئەو خەون و خەیاڵانەی هەبێت ، ئەوە بکا کە بۆ سەرکەوتن و بەرژەوەندی گەلە،گەر بۆ هەڵەیەک هەزار بیانووی

هێنایەوە دەبێتە هەزارو یەک هەڵە، مرۆڤ هەرکاتێک بڕیاری ئازادی بدات ئازادە،قەفەز چەند تەنگتر بێ ئازادی شیرینترە، کۆڵت پێ نادا، قورئان کتێبێکە بەناوی خواوە دەست پێ دەکات ، بەناوی خەڵک کۆتایی دێت ، شەهید بەخەبات دەست پێ دەکات بەگیان و خوێن کۆتایی دێت , ئاسۆی ئازادی پێ هەڵدێت، ئازادی بەهای مێژووە ، بە سیاسەت و خەبات دروست بووە، مرۆڤی ژێر هێواش ڕێ دەکات ، زووتر بەئامانج دەگات ،ئەو میلەتە ناژی کە گەورەکانی خۆی نەژێنێ ، پێویستە لە ویژدانی مێژوو بەهای بمێنێ، ویژدان تاکە دادگایە پێویستی بە دادوەر نیە ، سەرکەوتن و سەر فرازی هەر شەڕ نیە،مەپرسە لە مرۆڤ چی دەزانی ، لێی بپرسە چی دەتوانی ، ئەگەر خەبات کردن گرانە، خۆ خیانەت نەکردن ئاسانە، گەر خیانەت نەبوایە جیهان بەڕێوە دەچوو بە گوڵ باران ،گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە لە چۆم و ڕوباران، ناوبانگی چاک بەکردەوەی چاک دەمێنێتەوە ،



درەختی بەرز بەهەموو شنەبایەکی دەشنێتەوە، برین دەکولێتەوە ، فرمێسک زوو ووشک دەبێتەوە ، لەو برینانەی کە سارێژ نابێ، هەتا ژیان و خەبات مابێ،زۆر دەکەوتە بەریادو دیدە , شەهیدی نەمر دکتۆرخالیدە .

ساڵی ١٩٣٥ له شارەکەی کۆیه , لەبنەماڵەیەکی غەفوری لەو بنه تۆیه، کوڕێک هاته ژیان کوڕ چ کوڕ، له کوورەی تەندووری پڕ گڕ، له نەوەی قەڵای دمدم و خانی لەپ زێرین ، له بنەماڵەیەکی بەدەست و مەقام و دێرین، له دەرکەوتنی سیماو روخساری ، جەوهەری


خالید دلێر د. خالید

گەوهەری لێ دەباری ، په سەندو رەسەن ،به دایک سورچی، چەندان پشته له کۆیەن گەرچی ، هەر بەهەرزەکاری و گەنجی، هەڵکەوتو بوو , بەرز بوو بورجی، لەساڵی ١٩٤٨ کەوته ناو رامیاری و خەبات، خۆی خولقابوو بۆ شەڕو شۆرش و نەگبەتی و نەهات , لەکۆیه خوێندی پەیمانگای پزیشکی تەواو کرد له کەرکوک ، چونکه بەمەردی لەسەری ڕوابوو تووک، به دکتۆر خالید ناوبانگی

دەرکرد،بووە تیمارو دەرمانی دەردی کورد،هەرلە سەرەتای شۆرشی ئەیلول،بووە پێشمەرگە و فەرماندە, بوو بە گەردەلوول، بە ئازایەتی و توانای جەستەیی بووە فەرماندەیەکی قارەمان و گەرۆک، سەرکردایەتی دەیان شەڕی کردووە لە بێتواتە و شیشار و ماکۆک، توانایەکی بێ وێنەی هەبوو لە ڕۆیشتن بەسەر شاخ و هەورازو نشێوا، لەڕادەبەدەر خۆراگر بوو ،لە سەختی و ناخۆشی هەرگیز نەدەشێوا، بۆ وتار لەسەر بەردێک دەوەستا،زوو زوو کۆبونەوەی دادەبەستا، قەت بە قەرز نەدەترسا , بەو پەری ئازایەتی ، هەر گوێ ی نەدەدایە دوژمنایەتی ،بڕوای بە ئیعدامی شۆڕشگێڕانە هەبوو بۆ شۆرش و کوردایەتی ، بەغیرەت و بێ منەت ، بەهیمەت و بەهەڵمەت , بەسام و شکۆو هەیبەت،بەقامەت و کەڵەگەت، هەرگیز دای نەدەینا، خائینی لە گۆڕ دەنا،دەبێ ڕێبوارانی خەبات دەرسی ئازایەتی لەو فێربن ،لە قوتابخانەی ئەو بخوێنن , بۆئەوەی دلێرو بوێر بن ،لە خووە جوانەکانی ، داوێن پاکی



ئەحمەد عەلی گچکە د. خالید

بوو،پلاوساواری غەفووریان خواردنی چاکی بوو.
بست بە بستی کوردستان , بەگەرمیان و بەکوێستان , شارەزابووە , گەڕاوە , بارەگای لەزۆر جێگەداناوە ,ئەشکەوتی سماقان ,حاجی قەلا, شیوەشان , قەندیل ,نۆکان . د.خالید سەعید ئەسعەد محێدین غەفوری ,لوتفیەخانی سەعدی ئاغای ئامۆزای بۆتە هاوسەری بەلێک دووری ,لەوموتوربە سێ چڵ و دوو گوڵی لێ بەرهەم هات ,شۆڕش ، رزگار ، کارۆخ ,خەبات ، نەبات.. دوور لە نازی باوکایەتی ,بەژیانی شاخ و پێشمەرگایەتی ,لەوشاخ و ئەشکەوت و لەودێ و لەوجێ ژیانیان بردۆتەسەر , بەقوڕبەسەری و دەربەدەری و دەردی سەر , هەرماڵە پێشمەرگە و شەهید لەو ئازارانە دەگەن , بەچ کولەمەرگیەک ژیان بەسەر دەبەن ,گەشبینی باوەڕی هەمووشۆڕشێکە , بۆ نیشانەی ئامانج کۆششێکە ( هونەر ئەوەنیە کە تۆ نەکەوی , هەرکاتێ کەوتی هەستی نەسرەوی ) لەگەڵ مەلایی و بارزانی بوو, بەلام ڕێزیان نەزانی بوو ,پەیوەندی بەباڵی (م.س ) ەوە دەکا لەساڵی ۱۹٦۹, فەرماندەی هێزی کۆسرەت و گەڕۆک بووە تا نسکۆ . شاخ دەڕوخێ بەئاگرپژێن و بوومەلەرزە , کەچی ئەوزاتە ورە بەرزە ,نەروخا لە نسکۆ , نەبەزی و نەلەرزی , لەق نەبوو باوەڕ و عەشق و حەزی , بەرامبەر خاک و نیشتمانی , ئاسودەبوو ویژدانی .
هێندەی پێنەچوو پاش هەرەس , کەس نەبوو کەس , روویان لەشاخ کردەوە شۆڕشی نوێیان هەڵگیرساندەوە , بەیەک بەرد بناغە بنیات نانرێ , بەیەک هەنگ هەنگوین درووست ناکرێ , مام جەلال نامەی بۆنوسیبوو هەنگین ,بۆ شۆڕش و خەبات بگاتە وولاتی هەنگوین* ,

وڵاتی هەنگوینی مەبەستی باڵەکایەتی بوو , ئاگردانی شۆڕش و خەبات و کوردایەتی بوو , لەگەڵ شەهیدانی سەرکردە ,عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و هەڤاڵەکانی، بزوتنەوەی سۆشیالیست و کۆمەڵە و خەتی گشتی , بەهەماهەنگی باڵەکانی،
جاڕی شۆڕشیان دا بۆ خەباتی چەکداری , بوونە چراو تروسکەی ئومێدی کورد بۆ ڕزگاری ,ئەوکاتەی بەفر لە ئاسمان بە گومان بوو ,کوردستان تەم تومان بوو , کەچی لەکارەساتی هەکاری.





دوور لە هەموو ڕەوشتێکی سەربازی و کوردەواری ، بەدیل گیران و شەهید کران بە ئارِ بی جی ,براکوژیان قولتر کردەوە لەڕەگ و بنجی , هێزەکانی (ی.ن.ک) لە سێ گۆشەی سێ سنور، لەبەر بەفر و سەرماو سەختی ڕێگای دوور , بەناڕاستی (دە دە کادە ) , کاروانەکەی بەلاڕێ لادا , بەرداشی ئێران و عێراق و تورکیا هاڕی , هۆزەکانی ژیرکی و پنیاش و گەردی و گۆیی بونە هۆکاری, هاوکاری قیادە موەقەتەیان کرد , هێزەکانی یەکێتیان لەناوبرد , لەوبار و دۆخە شلۆقە , کەوتنە ناو تەوقی ئابڵوقە, کەوتنە ناو تەپکە و قولاب , بردرانە بەردەمی قەساب , بەپیلانی قفل و کلیلی , بووە هۆی گیرانی فەرماندەکان بەدیلی , سێیان لێ هەڵبژاردن ,بە قیادە موەقەتەیان سپاردن , عەلی عەسکەری و

د.خالیـد و حسێن بابەشـێخ , بەچەکی گەورە ڕوحیـان هەڵکێشـان لە بـێخ, گـــوایە پیـــاوی گەورە بەچەکـــی گەورە دەکوژرێـــت ,هەریەکەیـــان بە گـۆڕغەریبی دەنێژرێـت , د.خالیـد ئەنـدامی سـەرکردایەتی (ی.ن.ک) و دەسـتەی دامەزرێـنەری بـزووتنەوەی سۆشیالیسـت و ئەنـدامی مەکتەبـی عەسکەری بوو , هێندە مەرد بوو بەرامبەر مەرگ , تفی کردە نێوچەوانی جەلـلادەکەی وەک گـوللەو زەرگ , پێـی گـوت نـامەرد , پیـاوی مەرد بـۆ دڵـۆپە خـوێنێ ناپـاڕێتەوە , شـەڕەف گیـای بەهـار نـیە هەمـوو ساڵێ سـەوز بێتەوە , بە پیلانی هاوبەشی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و هۆزەکانی نـاوچەکەو قیادە موەقەتە هێزەکانی (ی.ن.ک) لەو کاروانە لەناوبران , جەوهەری برای و ڕۆسـتەم عـزەت و عەلـی قـادر قوڵقـوڵەیی و ئـازاد خەلـیفە و سـەدان پێشمەرگە شەهید کران , لەکاروانی سوری هەکاری ,بانگی ویژدان نەهاتە هـاواری ,وەرزی بـارانی پەڵەی خـوێن بـوو , گـورزێکی کـاریگەر و پشـت شکێن بوو , لەمێژووی شۆڕش و خەبات و کوردایەتی , کە پـڕە لەداستانی قارەمانیەتی و مەردایەتی , بەڵام چاوی ویژدان لەپلە بەندی نەیدی, بگاتە ئاستی ئـازایەتی د.خالیـدی , نەهەڵـۆی بەرزەفـڕ , نەپڵنگی چنگ بە گـڕ , دکتۆر خالید خالیدە , ویژدان و مێژوو شاهیدە , قارەمانترین شەهیدە ,بـۆیە ڕوحی نامرێ جاویدانە, لە ساباق و تاقی شاهانەی شەهیدانە.

وشە نامۆکان:.

ساباق : شوێنی بەرز و فراوان

دەدەکادە : حیزبێک بوو لەکوردستانی تورکیا



له یادی شەهیدانی پوشپەڕ لە ٢٧/٦/٢٠١٧ لە (پاریس )چەپکە گوڵ و ئاڵای
کوردستانم دانا لەسەر ئارامگەی شەهیدی سەرکردە و نەمر قاسملوو .









لای بوورجی ئیڤڵ لە پاریسی جوان
٢٠١٧/٧/٤



کەناری دانوب



واشنتۆن بەردەم کۆشکی سپی لە رۆژی ئاڵا ٢٠١٦/١١/١٧

چاپ کراوەکانی نووسەر :

١- گرِدار ٢٠٠٦

٢- پەیڤین لەگەڵ رِۆح ٢٠٠٧

٣- سایەی هەیبەسوڵتان ٢٠٠٨

٤- مەشخەڵان ٢٠٠٩

٥- رۆژنامەوانی لە کورەدا ٢٠٠٩

٦- بە بەختی حاجی ٢٠١٠

٧- رِزگاری – دەنگی یەکێتی شۆرِشگێرِانی کوردستان ٢٠١١

٨- شنەی شاخ ٢٠١٢

٩- شیشۆق ٢٠١٤

١٠- پرِشنگەکانی کەکۆن ٢٠١٤

١١- پرچی ئایشێ و فاتمان ٢٠١٧